
# ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی

# هەرێمی کوردستان - عێراق





## د. ماجد عوسمان

سەرۆکی جێبەجێکار و بەڕێوەبەری ناوەندی میسری بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕای گشتی ”بەسیر“


شوبات ٢٠٢١

## پێشکەشکردن:

رۆژی ٢٠٢١/٦/٢٢ لە رێورەسمێکی تایبەتدا، پوختەی راپۆرتی داینامیکی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان کە وەزارەتەکەمان بەهاوکاری لەگەڵ سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNDPA) ئامادەی کردبوو راگەیێندرا. دوای تەواوبوونی رێکخستنی راپۆرتەکە، خۆشحاڵین بە پێشکەشکردنی بە وردەکاری و زانیاریی زیاتر. وەک هەمیشە، وەزارەتی پلاندانان کار دەکات بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە نێودەولەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی داتا و نیشاندەری جۆراوجۆر تاکو وەزارەتەکانی حکومەت سوودیان لێ ببینن بۆ دانانی پلان و ستراتیجی پێویست لەم بارودۆخەدا کە گۆڕانکاریی خێرا لە کۆمەڵگاکەمان ڕوو دەدەن بە هۆی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان کە لە ٨ ساڵی ڕابردوودا تووشی بووین. ئەم گۆڕانکارییانە بەرپرسیاریەتی زیاتر ئەخاتە ئەستۆمان بۆ باشتر رێکخستنەوەی کارەکانمان بە شێوەیەک کە بتوانین زۆرترین سوود لە گرینگترین سەرچاوەی وڵات کە سەرچاوەی مرۆییە وەرگرین و ئاست و توانای بەرەنگاربوونەوەمان لە ئێستا و لە داهاتوو بەرز بکەینەوە.

بۆیە، دەستەی ئامار بە هاوکاریی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) بە گرینگیان زانی کە پێکەوە بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە کار بکەن بە تایبەتی بەهۆی پێویستیمان بە زانینی داینامیکی دانیشتووان دوای ٨ ساڵ لە دەستپێکی قەیرانی مرۆیی بە هاتنی ئاوارەکان لە ناوچەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئەمنی، کاریگەرییەکانی مانەوەی نزیکەی ٧٠٠،٠٠٠ هاووڵاتی عێراقی لە هەرێمی کوردستان بە پێی دوایین داتای بەر دەستمان، لەسەر کۆمەڵگاکەمان، کە دوای هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە ژمارەیان گەیشتبووە نزیکەی ١.١ ملیۆن ئاوارە و بە هۆی دارمانی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان لە بەشێکی گەورەی پارێزگاکانی عێراق دوای شەڕی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش تاکو ئیستا زۆربەیان نەگەڕاونەتەوە پارێزگاکانی خۆیان، سەرەڕای بوونی نزیکەی ٢٦٦,٠٠٠ پەنابەری چوار وڵات لە هەرێمی کوردستان.

عێراق دوای ١٨ ساڵ لە رووخانی رژێمی پێشوو نەیتوانی سەرژمێری جێبەجێ بکات کە زۆر پێویست و گرینگ بوو. دوایین سەرژمێری لە ساڵی ١٩٨٧ جێبەجێ کراوە و ئەمەش وای کردووە وەزارەتەکەمان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رێگەی تر بگرنە بەر بۆ کۆکردنەوەی داتای نوێ لە رێگەی رووپێوەکان و هەوڵ بدەن داتای بەدەستهاتوو بە شێوەیەک رێک بخرێ کە رەنگدانەوەی واقعی ئێستای هەرێم بێت.

ئەم راپۆرتە زۆرترین و گرینگترین نیشاندەرە دیموگرافییەکان بەرجەستە دەکات و دڵنیاین سوودی زۆری لێ دەبینرێت چونکە بە پشت بەستن بە رێچکەی گۆڕانکارییەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ و بەسەرەوە، پەنجە خراوەتە سەر ئەو پێشهاتانەی چاوەڕوان ئەکرێ لە رووی دیموگرافییەوە لە ماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان روو بدەن.

لە ساڵی ٢٠٠٩ پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان جێبەجێ کرا و دەرکەوت کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆتە ٤،٦٦٢،٠٠٠ کەس، و دواتریش لە ساڵی ٢٠١٣ راپۆرتی پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم تاکو ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن دەستەی ئامارەوە ئامادە کرا کە وردەکاریی زیاتری تێدا بوو لە رووی قەبارەی خێزان و گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و پێکهاتەی رەگەزی کە بوو بە سەرچاوەی پلانەکانمان بۆ ئامادەکردنی پرۆژەکان و سیاسەتە پەیوەندیدارەکان. ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە لەم کاتەدا لە چەند روویەکەوە گرینگیی خۆی هەیە، لەبەر نەبوونی داتای نوێ لە رێگەی سەرژمێری کە ئاماژەی پێدرا و لەبەر پێویستیمان بە دانانی نەخشەیەکی داینامیکی دانیشتووان بۆ دوو دەیە تا ساڵی ٢٠٤٠ و هەروەها نوێکردنەوەی پێشبینییەکانمان بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی دێنە پێشمان. بۆیە، بوونی ئەم راپۆرتە وەک بنەمایەک بۆ کاری داهاتوومان دەستکەوتێکی گرینگە.

لەم راپۆرتەدا هەوڵمان دا تیشک بخرێتە سەر ئەم خاڵانە:

١) ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوان لە نێوان ٢٠٢٠-٢٠٤٠.
٢) ئەو گۆڕانکاریيانەی کە پێشبینی دەکرێت لەم ٢٠ ساڵە بە سەر هەرەمی دانیشتواندا بێت کە گرووپی تەمەنەکان دەگرێتە خۆی.
٣) کاریگەری داینامیکی دانیشتوان لەسەر ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام تا ساڵی ٢٠٣٠.
٤) ژمارەی پێشبینیکراوی لە دایکبوون و مردن.
٥) کاریگەرییە ئابوورییەکان بە گشتی و بە تایبەتی لەسەر بوارەکانی تەندروستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردە.
٦) گۆڕانکاری لەسەر قەبارەی هێزی کار بۆ گرووپی تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵ کە بە پێی ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان گرووپی تەمەنی کارکردنە.
٧) گۆڕانکاری لە گرووپی تەمەنی ٥-١٧ ساڵی کە گرووپی تەمەنی چوونە قوتابخانە تا تەواو کردنی دواناوەندییە.
٨) لە کۆتاییدا، پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو بۆ تەواوی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە.

کارەکانی وەزارەتی پلاندانان لە ئەوەندەوە ڕاناوەستێ بەڵکو ئەمە سەرەتای کارەکان دەبێت بۆ بەکارهێنانی ئەم ئەنجامانە چ لە لایەن وەزارەتی پلاندانان یان وەزارەتەکان و دەستەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕوون و ئاشکرایە کە ئایندەی هەرێمی کوردستان لە دوو دەیەی داهاتوو بەستراوەتەوە بە ئاستی تێگەیشتن لەو ئاڵنگارییانەی بە هۆی داینامیکی دانیشتوان دێنە پێش، و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەم داتا و نیشاندەرانە لە دانانی پلان و بەرنامەکانی حکومەت تاکو بتوانرێت سوود لە خەڵاتی دیموگرافی (Demographic Dividend) وەربگیرێت کە چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵانی داهاتوودا پێی بگەین و نابێت ئەم خەڵاتە لەدەست بدرێت چونکە دەرفەتێکە کە یەک جار لە هەر وڵاتێک ڕوو دەدات و دووبارەبوونەوەی ماوەیەکی زۆر دوور و درێژی پێویستە.

کارێکی زۆر بۆ وردبونەوەی زیاتر لە ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە پێشە و وەزارەتی پلاندانان هەمیشە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی خراونەتە ڕوو زیاترین سوود لەم ڕاپۆرتە وەربگیرێت.

لە کۆتایی دا، زۆر سوپاس بۆ سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان کە لە دە ساڵی ڕابردوودا لە جێبەجێکردنی چەندین ڕووپێوی زۆر بە سوود و گرینگ هاوکار بووە و لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە بۆ دانانی بەرنامەی ساڵانە کە جێگەی دەست خۆشییە. سوپاس بۆ سەرۆک و فەرمانبەرانی دەستەی ئامار بۆ کارکردنی بەردەوام و بێ وچان بۆ بەدەستهێنانی داتا و نیشاندەری جۆراوجۆر و بەتایبەتی کارکردنیان بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە.
هەروەها سوپاسی تایبەتی بۆ بەرێز د. ماجد عوسمان کە لە وڵاتی مسرەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم ڕاپۆرتە کاری کرد.

**د. دارا رشيد**

**وەزیری پلاندانان**

**٢٠٢١**

## پێشگوتن:

بابەتی دانیشتوان بۆ هەر حکومەتێک سەرچاوەی پلاندانانە. بێ زانینی ژمارە و تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان لە رووی تەمەن، جێندەر، دابەشبوون لەسەر یەکە کارگێڕییەکان، چڕی، هتد، ناتوانرێ پلانی کورت، ناوەند و درێژ خایەن دابنرێت.

دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدنی سەرژمێری لە ساڵی ٢٠١٠، بە پێویستییەکی گرینگ دانرا کە دەستەی ئامار راپۆرتێکی تایبەت بە ژمارەی دانیشتوان و هەندێک تایبەتمەندیی دیمۆگرافی ئامادە بکات تاکو بە لایەنی کەمەوە بتوانرێت ژمارەیەکی خەملێنراوی دانیشتوان تا ساڵی ٢٠٢٠ بەردەست بێت. ساڵی ٢٠١٧، دەستەی ئامار بە هاوکاری رێکخراوەکانی IOM و UNFPA رووپێوێکی گەورەی جێبەجێ کرد و لە ئەنجام دا لە مانگی ٤ ساڵی ٢٠١٨ راپۆرتێکی دیمۆگرافیی تێر و تەسەڵ لێی بەرهەم هات و خرایە بەر دەستی دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و بووە سەرچاوەیەکی گرینگی نیشاندەری دیمۆگرافی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.
سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ و دوای ئەوەی دووبارە ئەنجامدانی سەرژمێری دواخرا، دەستەی ئامار بە هاوکاریی سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان و بە پشتبەستن بە نیشاندەر و داتاکانی چەند رووپێوێک کە لە ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون راپۆرتی داینامیکی دانیشتوان تا ساڵی ٢٠٤٠ ئامادە کرد.
ئەم راپۆرتە نابێتە جێگرەوەی سەرژمێری بەڵام لە ئەگەری ئەنجامنەدانی سەرژمێری دەبێتە بنەمای پلاندانان و دەکرێت لە کاتی بوونی سەرچاوەی نوێ لە رێگەی رووپێوەکانی دەستەی ئامار، ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتە تازە بکرێتەوە.
هەموو هەوڵەکانی دەستەی ئامار بۆ ئەوەن کە وەزارەتی پلاندانان بتوانێت ئەم راپۆرتە و راپۆرتەکانی تری دەستە بکاتە بناغەی ئامادەکردنی سیاسەتی دانیشتوان کە بە یەکێک لە گرنگترین سیاسەتەکان دادنرێت و زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بەرزترین ئاست بۆ دانانی هەموو پلانەکانی لە بوارەکانی ئابوری، تەندروستی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، نیشتەجێکردن و هتد، رەچاوی بکات.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم راپۆرتە لەسەر ئاستی سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك ئامادەکراوە و پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتە خۆی. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم راپۆرتە لەسەر بنەمای رووپێو و کارەئامارییەکانی رابردوو ئامادەکراوە و ئەوانیش هەموویان لەسەر ئاستی ئەم سێ پارێزگایە ئەنجام دراون. لەبەر ئەمە ناتواندرێت داتا و نیشاندەرەکان لەسەر ئاستی چوار پارێزگا پێشان بدرێن. بۆ لەبەرچاوگرتنی هەڵەبجە وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ لەم جۆرە راپۆرتە ئامارییانەدا، پێویستە هەڵەبجە لە چەندین رووپێوی گرنگ و بنچینەیی وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و ئەمەش پێویستی بە کات هەیە. ئەمساڵ هەر دوو رووپێوی هێزی کار و SWIFT لە سەر ئاستی چوار پارێزگا ئەنجام دەدرێن.
لە کۆتاییدا، سوپاس بۆ بەشەکانی دەستەی ئامار بە تایبەتی بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار کە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا بەشدار بووە و هەروەها سوپاس بۆ بەرێز د. ماجد عثمان کە رۆڵی سەرەکیی هەبوو بۆ شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان.

**سیروان محمد محی الدین**
**سەرۆکی دەستەی ئامار**
**٢٠٢١**

# راپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی

# هەرێمی کوردستان - عێراق

ناوەرۆك

١- پێشەکی........ ٨
١-١- تێڕوانینی سیاسی و کارگێڕی........ ٨
١-٢- تێڕوانینی ئابووری........ ٩
١-٣- سیاسەتی دانیشتوان و چوارچێوەی دامەزراوەیی........ ٩
٢- قەبارەی دانیشتوان، ئاراستە، تایبەتمەندییەکان ودینامیکەکان:........ ١٠
٢-١- مەزەندەکردن و ئاراستەکانی دانیشتوان........ ١٠
٢-٢- پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز........ ١١
٢-٣- قەبارە و پێکهاتەی خێزان........ ١٣
٢-٤- باری هاوسەرگیری........ ١٤
٢-٥- بەپیتی........ ١٦
٢-٦- پلاندانانی خێزانی........ ١٨
٢-٧- مردن........ ٢٠
٣- پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان........ ٢١
٣-١- ئاوارەبوونی ناوخۆ........ ٢١
٣-٢- پەنابەرە سوورییەکان........ ٢٨
٤- مەزەندەی دانیشتوان........ ٣٠
٤-١- مێتۆدۆلۆجی........ ٣٠
٤-٢- گریمانەکان........ ٣٠
٤-٣- ئەنجامەکان........ ٣١
٤-٤- کاریگەرییەکانی داینامیکەکانی دانیشتوان لەسەر سیاسەتەکان........ ٣٤
٥- سەرمایەی مرۆیی........ ٣٨
٦- گەشەسەندنی بەردەوام........ ٤١
٦-١- ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام (Sustainable Development Goals – SDGs)........ ٤١
٦-٢- خەڵاتی دیمۆگرافی و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام........ ٤٣
٧- یەکسانیی ڕەگەزی........ ٤٥
٧-١- بەهێزکردنی ئافرەتان........ ٤٥

٧-٢- پاراستنی ئافرەت ..... ٤٩

٧-٣- کۆڤید-١٩ و بەهێزکردنی ئافرەتان ..... ٥١

٨- ڕاسپاردەکان ..... ٥٢

٨-١- داینامیکەکانی دانیشتوان و گەشەسەندنی بەردەوام ..... ٥٢

٨-٢- ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام ..... ٥٢

٨-٣- سیاسەتی دانیشتوان و چوارچێوەی دامەزراوەیی: ..... ٥٢

٨-٤- بەهێزکردنی ئافرەتان ..... ٥٣

٨-٥- لە وەڵامدانەوەی مرۆڤدۆستانەوە بۆ گەشەسەندنی بەردەوام ..... ٥٣

٨-٦- کەلێنەکانی داتا ..... ٥٣

٨-٧- لێکۆڵینەوەی زیاتر ..... ٥٤

سەرچاوەکان ..... ٥٥

پاشکۆی یەکەم: ئامانجەکان و نیشاندەرەکانی گەشەسەندنی بەردەوام، هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠١٧. ..... ٥٦

پاشکۆی دووەم: فەرهەنگ ..... ٦٢

## دەستپێك

عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ وە تەنگژە و قەیرانی کەڵەکەبووی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئاکامدا سەری کێشاوە بۆ گۆڕانکاری لە دۆخی دیمۆگرافی وولاتدا. کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دانیشتوان هاتوونەتە ئاراوە، لەنێویاندا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، دابەشبوونی دانیشتوان، و پێکهاتەی تەمەن (لە گەڵ ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی توانای منداڵبوونیان هەیە، لاوان وهەرزەکاران)، بەپیتبوون، مردن، جووڵەی دانیشتوان، بەهێزکردنی ئافرەتان و هتد. لەگەڵ ئەمەشدا، لەم دواییانەدا پەتای کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) کاریگەریی زیاتری لەسەر هۆکارە دیمۆگرافییەکاندا درووست کرد.

ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان/عێراق ئامانجی دەستەبەرکردنی شیکارێکی گشتگیری دانیشتوانە، هەروەها ئامانجی شیکارکردنی کاریگەریی داینامیکەکانی دانیشتوانە لە سەر پرۆسەی گەشەسەندنی بەردەوام.

شیکارەکە باس لە قەبارەی دانیشتوان و ئاراستە و تایبەتمەندی و داینامیکیەتی دانیشتوان دەکات، و لە نێویشیاندا ئاوارەبوونی نێوخۆیی و پەنابەران. تاوتوێی پەیوەندیی نێوان داینامیکی دانیشتوان و سەرمایەی مرۆیی و گەشەسەندنی بەردەوام دەکرێت، هەروەک مەزەندە بۆ دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٢٠ ەوە تاکو ساڵی ٢٠٤٠ کراوە و لەسەر بنەمای ئەم شیکارییەش کۆمەڵێک ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی داڕێژەرانی سیاسەت سەبارەت بە کاریگەری و لێکەوتەکانی داینامیکی دانیشتوان لە سەر گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

# ١- پێشەکی

## ١-١- تێڕوانینی سیاسی و کارگێڕی

هەرێمی کوردستان لە کۆماری عێراق، بەشێوەیەکی دەستوری وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ ناسێندراوە لە باکوری عێراقدا. حکوومەتەکەی (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) کە ناوەندەکەی لە هەولێرە، بەگوێرەی دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ مافی پیادەکردنی دەستەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەستەڵاتی دادوەری تایبەت بە خۆی هەیە، تەنیا ئەم دەستەڵاتانە نەبن کە دەستوری عێراق وەک دەستەڵاتی حەسرِی حکوومەتی فیدراڵی لە دەستنیشانی کردوون[١]. هەرێمی کوردستان لە ئێستادا سێ پارێزگا لە خۆ دەگرێت: کە بریتین لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک.

پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان دەگرێتە خۆی و سەرجەم دامودەزگا سەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێم لە خۆ دەگرێت. پارێزگای هەولێریش هاوشێوەی شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە قووڵی کەوتە ژێر کاریگەریی شەپۆڵەکانی ئەم دواییەی پەنابەران کە لە ململانێ ناوخۆییەکانی سووریا و تەواوی عێراق سەرچاوەیان گرتبوو، سەرەڕای ئەم قەیرانە داراییە بەربڵاوەی کە هەرێمی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنێت و کاریگەریی لە سەر هەردوو کەرتی ئابووریی گشتی و تایبەت درووست کردووە. بەهۆی ئەم هەڵی کار و ئابوورییەی کە لە پارێزگاکەدا هەیە، هەولێر پەنابەرانی سوری و ئاوارە هەڵاتووەکانی دەستی جەنگی سووریا و توندوتیژییەکانی بەشەکانی تری عێراقی لەخۆگرت.

پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، و هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. بەشی باشووری پارێزگاکە ئیدارەی گەرمیانە کە پێکدێت لە (قەزاکانی کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین کە لە بنەڕەتدا سەر بە پارێزگای دیالەیە). لە ساڵی ٢٠١٢، وردە وردە پارێزگای سلێمانی پیشوازیی لەم پەنابەرە سووریانەی کرد کە لە شوێنی ئاوارەبوونی خۆیاندا لە هەولێر و دهۆک دەیانگواستەوە بۆ پارێزگای سلێمانی. لە ساڵی ٢٠٠٣ و دواتر زۆرێک لە خێزانە ئاوارەکانی پارێزگاکانی دەوروبەر وەک پارێزگای کەرکووک و سەلاحەددین و دیالە لە شوێنە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانیدا بەدوای نەوایەکی ئارامدا دەگەڕان، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگای دهۆك پێشوازیی لە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان کردووە.

پارێزگای دهۆک دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای هەرێمی کوردستانی عێراق، هاوسنوورە لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی تورکیا و سووریا. ئەم پارێزگایە دەرگایەکی سەرەکیی وشکانیی هاتنە ناوەوەی شتومەک و خەڵکە لەم دوو وڵاتەوە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان. هەروەک پارێزگای دهۆک دەکەوێتە سەر لێوارەکانی دەریاچەی مووسڵ، کە هەریەک لە پارێزگای دهۆک و پارێزگای مووسڵ لێک جیادەکاتەوە.

---

[١] https://www.worldbank.org/en/topic/macroeconomics/publication/the-kurdistan-region-of-iraq-assessing-the-economic-and-social-impact-of-the-syrian-conflict-and-isis

### ١-٢- تێڕوانینی ئابووری[٢]

ململانێی درێژمەودای وڵاتی عێراق بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریی خستۆتە سەر باری ئابووریی وڵاتەکە، لە نێویشیدا هەرێمی کوردستان، هەروەک ڕێژەی وەبەرهێنانی دەرەکی زۆر کەمیکرد، و ڕێگا بازرگانییەکان پەکیان کەوت.

لە دە ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی ئاستەنگی زۆرتریش بووەتەوە و لەوانەش هاتنی بە لێشاوی ئاوارە سورییەکان، ئاوارەبوونی خەڵکی شارەکانی مووسڵ وناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان لە دوای هێرشی داعش بۆسەر خاکی عێراق، کێشەکانی بوودجەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت. ئەم ئاڵنگارییانە کاریگەرییەکی خراپیان هەبوو لەسەر ئەدای حکوومەت، خۆڕاگریی خێزان، مانەوەی کەرتی تایبەت، و شێواندنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان. لەمەش زیاتر، هەموو ئەمانە حکوومەتی هەرێمیان خستە ژێر گوشارێکی گەورەوە، بەتایبەتیش لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە. هاوکات لەگەڵ هەموو ئەم ئاڵنگارییانەش، هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی پەتایەکی جیهانیی چاوەڕوان نەکراو بووەوە کە گوشاری زیاتری درووست کرد نەک هەر بەتەنیا لە سەر کەرتی تەندوستی، بەڵکو لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان بەگشتی.

### ١-٣- سیاسەتی دانیشتوان و چوارچێوەی دامەزراوەیی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیراسەی دانانی ئەنجوومەنێکی دانیشتوان دەکات، بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری هەمەلایەنەی دانیشتوان. ئەزموونی وڵاتانی تر لە دامەزراندنی میکانیزمێکی هاوشێوەدا ئەوەمان پێشان دەدات کە دامەزراندنی ئالییەتێکی تۆکمە لەم بوارەدا دەتوانێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا سەرکەوتوو بێت. سەرکەوتوویی ئەنجوومەنی دانیشتوان پشت بە کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەبەستێت، وەک:

١) پەرەپێدان بە تێڕوانینێکی گشتگیر و بەشداریکارانە و گونجاو لەگەڵ ستراتیژیەتی گەشەسەندنی بەردەوام.

٢) پێویستە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدار و خاوەن بەرژەوەندییەکان لە خۆبگرێت بێ ئەوەی کارایی خۆیان لە دەست بدەن.

٣) پێویستە پێکهاتەی ئەنجومەن ڕەنگدانەوەی دیارکردنێکی ڕوونی بەرپرسیاریەتییەکان و مێکانیزمی لێپرسینەوە بێت.

٤) پێویستە نەخشەڕێژی سیستەمێکی تۆکمە و بەهێزی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن بکرێت وەک بەشێکی جیانەکراوە لە ئەنجوومەنی دانیشتوان.

داڕشتنی سیاسەتی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان یەکێک دەبێت لە کارە گرینگەکان بۆ ئاراستەکردنی گەشەسەندنی بەردەوام بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە. پێویستە ئەم جۆرە سیاسەتە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لەبەرچاو بگرێت بۆ ئەوەی جۆرایەتیی ژیان و چارەسەرکردنی گەشەی دانیشتوان و تەندروستیی منداڵبوون و

---

[٢] عەلی سندی (٢٠١٧). ئابووریی هەمەجۆر و ئاوەدانکردنەوە لە: هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕێگایەک بەرەو پێشەوە (بەشی ١٢). ساشا تۆپەریچ، تی ئیڤانۆڤیک، نەهرۆ زاگرۆس. سەرنووسەرەکان. زانکۆی جۆنس هۆپکینس.

شارنشینی و تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان بگرێتە خۆی. هەروەها پێویستە ئەم سیاسەتە پێداویستی و خەونەکانی گەنجان و ئافرەتان و کچانی لاو و بەساڵاچوان و ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران لەبەرچاو بگرێت. پێویستە دارشتنی سیاسەتەکە لە سەر بنەمای بەڵگەی سەلمێنەر بێت، هەروەها پێویستە پشت بە توێژینەوەی وردی ئەنجامدراو لە سەر گواستنەوەی دیمۆگرافی (Demographic Transition) و خەڵاتی دیمۆگرافی (پەنجەرەی دیمۆگرافی) (Demographic Dividend) ببەستێت.

## ٢- قەبارەی دانیشتوان، ئاراستە، تایبەتمەندییەکان وداینامیکەکان:

### ٢-١- مەزەندەکردن و ئاراستەکانی دانیشتوان[٣]

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ بە نزیکەی ٦,٢ ملیون کەس خەمڵێندراوە[٤]. ئەمە دەکاتە رێژەی ١٥,٣٪ لە دانیشتوانی عێراق کە بە ٤٠,٢ ملیۆن خەمڵێندراوە[٥]. سەرژمێرییەکانی پێشوو ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ دا ٩٠٠ هەزار کەس بووە، و لەساڵی ١٩٨٧دا ٢ ملیۆن بووە، و لە ساڵی ١٩٩٧دا ٢ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار کەس بووە، و لەساڵی ٢٠١٤ دا ٥,٣ ملیۆن کەس بووە.

خشتەی ٢-١: مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

| ساڵ | دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | دانیشتوانی عێراق | % دانیشتوانی هەرێم لە عێراق | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٩٠٢,٠٠٠ | ٨,٠٠٠,٠٠٠ | ١١,٣ | سەرژمێری |
| ١٩٨٧ | ٢,٠١٥,٤٦٦ | ١٦,٣٣٥,٠٠٠ | ١٢,٣ | سەرژمێری |
| ١٩٩٧ | ٢,٨٦١,٧٠١ | ٢٢,٠٤٦,٢٤٤ | ١٣ | سەرژمێری[٦] |
| ٢٠١٤ | ٥,٣٣٢,٦٠٠ | ٣٦,٠٠٤,٥٥٢ | ١٤,٨ | خەمڵاندن |
| ٢٠٢٠ | ٦,١٧١,٠٨٣ | ٤٠,٢٢٣,٠٠٠ | ١٥,٣ | خەمڵاندن |

دانیشتوانی هەرێم بە سەر سێ پارێزگادا دابەش بووە کە بریتین لە: هەولێر، سلێمانی، و دهۆک. پارێزگای سلێمانی گەورەترین پارێزگایە کە نزیکەی ٢,٢٧ ملیون کەس لە خۆ دەگرێت، دوای ئەو هەولێر دێت (٢,٢٥ ملیون)، ئینجا پارێزگای دهۆک دێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ١,٦٥ ملیون کەسە. هەر سێ پارێزگاکە، بە ڕیزبەند، ڕێژەی

[٣] خەمڵاندن و مەزەندەکان بەپێی سنووره ئیدارییەکانی سەردەمانی خۆیانن و لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر دەگۆڕێن، بەگوێرەی بەکارهێنانی سنووره ئیدارییە جیاوازەکان. بۆنموونە، هەندێک ناوچە لە پارێزگای دهۆکدا بەشێوەیەکی فەرمی سەر بە پارێزگای موسڵن، بەڵام هەرێمی کوردستان حوکمیان دەکات. ئەم ناوچانەش بریتین لە سەنتەری قەزای شێخان و ناحیەی زیلکان لە قەزای شێخان و ناحیەی فایدە لە قەزای سێمێل. حکومەتی عێراق ژمارەی دانیشتوانی خۆی وەک ژمارەی گشتی دانیشتوان لە پاریزگای موسڵ هەژمار دەکات، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچانەی خستوەتە سەر ژمارەی دانیشوانی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی خۆی حوکمی ئەم ناوچانە دەکات.

[٤] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO). خەمڵاندنی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩-٢٠٢٠).

[٥] UN (٢٠١٩) ئاسۆکانی دانیشتوانی جیهان ٢٠١٩.

[٦] ژمارەکانی هەرێمی کوردستان خەمڵاندنن لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان سەرژمێری ئەنجام نەدراوە.

٣٦,٨٪ و ٣٦,٥٪ و ٢٦,٧٪ ی سەرجەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن. زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (٨١,٦٪) لە ناوچە شارنشینەکان دەژین، ڕێژەی سەدیی ژمارەی دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی پارێزگا بریتییە لە ٨٣٪ هەولێر، ٧٤٪ دهۆك و ٨٥٪ سلێمانی[٧]. بەرزبوونی ڕێژەی شارنشینی بەستراوە بە گەشەسەندنی ئابووری و ئالۆزییە سیاسییەکانی وەك جەنگی ئێران-عێراق، جەنگی کەنداو و گۆڕانکارییەکانی سیستەمی سیاسی لە ٢٠٠٣.

## ٢-٢- پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەز

هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی دانیشتوانێکی گەنجە. هەروەک هەرەمەکە پێشان دەدات، بناغەیەکی فراوانی هەیە (شێوەی ٢-١). وەک لە خشتەی ٢-٢ دا دەردەکەوێت، نزیکەی ڕێژەی ٣٥٪ ی کۆی دانیشتوان لە خوار ١٥ ساڵ و ٢٨٪ لە نێوان ١٥-٢٩ ساڵ دان، ئەمە نیشانەی پێکهاتەیەکی گەنجە لە ڕووی تەمەنەوە. گرووپی تەمەنی ٣٠ بۆ ٤٩ ساڵ ٢٠٪ و گرووپی تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٩ ساڵ ١٠٪ ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن. ئەو کۆمەڵەیەی تەمەنیان لە ٦٥ ساڵ زیاترە ٤,٣٪ ی کۆی دانیشتوان پێک دەهێنن.


ڕێژەی پشتپێبەستن لە ڕووی تەمەن بریتییە لە ٦٣,٥٪. ئەمە واتە بۆ هەر ١,٠٠٠ کەسێک لە نێو گرووپی تەمەنی ١٥-٦٤ نزیکەی ٦٣٥ کەسیان لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵن یان لە تەمەنی ٦٥ ساڵ و سەرووترن. ڕێژەی بەرزی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردندا ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان سود لە خەڵاتی دیمۆگرافی (پەنجەرەی دیمۆگرافی) وەربگرێت لە بەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانەکەی لە گرووپی تەمەنی کارکردندا زۆر بەرزە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامبوونی ئەم ماوەیە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە پەیوەستە (ڕێژەی بەپیتی، تەندروستی، و کۆچکردن). توانای هەرێمی کوردستان لە سود وەرگرتن لەم خەڵاتە دیمۆگرافییە بە ڕادەیەکی گەورە پشت بە وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی دەبەستێت بەتایبەتیش کوالێتیی پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی پێشکەشکراو بە هێزی کار.

ڕێژەی پشتپێبەستنی دیمۆگرافی بەمانای پشتپێبەستنی ئابووری نییە لە بەر ئەوەی مەرج نییە سەرجەم ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لە نێو گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ٦٤ ساڵیدان کار بکەن. ئەمەش بەتایبەت بۆ قوتابیان و ژنانی ماڵەوە ڕاستە. پێکهاتەی تەمەن لە هەر سێ پارێزگاکە وەک یەکە، لە کاتێکدا کە پارێزگای دهۆک بە ئەندازەیەکی کەم ژمارەیەکی گەورەتری دانیشتوانی گەنجی هەیە هەروەک لە خشتەی ژمارە ٢-٢ دا ئاماژەی پێدراوە.


---

[٧] سەرچاوە: خەمڵاندنی دانیشتوان لە سەر بنەمای ئەنجامەکانی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ٢٠٠٩ کە لە دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق بڵاو کراوە، ئەنجام دراوە. پەرتوکی ساڵانەی ئامار ٢٠١٨/٢٠١٩، خشتەی ٢/A٦. http://cosit.gov.iq/ar/٢٠١٨-٢٠١٩.
وردەکاریی داتای دیموگرافی لێرە دەبینرێتەوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، IOM، و UNFPA (٢٠١٨).
ڕوپێوی دیموگرافی لە هەرێمی کوردستان. http://krso.net/files/articles/٠٨٠٥١٩٠١٣٩٢٩.pdf.

شێوەی ٢-١: هەرەمی دانیشتو انی هەرێمی کوردستان - ٢٠١٧




شێوەی ٢-٢: دابەشبوونی تەمەن، هەرێمی کوردستان ٢٠١٧




خشتەی ٢-٢: دابەشبوونی ڕێژەی سەدیی تەمەن و ڕەگەزبە گوێرەی پارێزگا و شوێنی نیشتەجێبوون، ٢٠١٧

| | | ٠ - ١٤ | ١٥ - ٢٩ | ٣٠ - ٤٤ | ٤٥ - ٤٩ | ٦٠+ | کۆی گشتی* |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | نێر | ١٨,٣ | ١٤,٥ | ٩,٣ | ٤,٨ | ٣,٣ | ٥٠,١ |
| | مێ | ١٧,١ | ١٤,٠ | ١٠,٠ | ٥,٤ | ٣,٥ | ٥٠,٠ |
| دهۆک | نێر | ١٩,٢ | ١٥,٥ | ٨,٦ | ٤,١ | ٢,٩ | ٥٠,٣ |
| | مێ | ١٨,٤ | ١٤,٨ | ٩,٤ | ٤,٥ | ٢,٩ | ٥٠,٠ |
| سلێمانی | نێر | ١٦,٣ | ١٤,٠ | ١٠,١ | ٥,٢ | ٤,٢ | ٤٩,٨ |
| | مێ | ١٥,٦ | ١٣,٤ | ١٠,٩ | ٥,٧ | ٤,٥ | ٥٠,١ |
| شارنشین | نێر | ١٧,٥ | ١٤,٣ | ٩,٧ | ٥,٠ | ٣,١ | ٤٩,٦ |
| | مێ | ١٦,٥ | ١٣,٩ | ١٠,٤ | ٥,٥ | ٣,٩ | ٥٠,٢ |
| گوندنشین | نێر | ١٨,٩ | ١٥,٢ | ٨,١ | ٤,٠ | ٣,٤ | ٤٩,٦ |
| | مێ | ١٨,٣ | ١٤,٥ | ٩,٤ | ٤,٦ | ٣,٤ | ٥٠,٢ |

* کۆی گشتییەکان نابن بە ١٠٠%، بەهۆی نزیککردنەوەیان.

سەرچاوە: KSRO (٢٠١٨)

### ٢-٣- قەبارە و پێکهاتەی خێزان

تێکڕای قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دا ٥,١ بۆ هەر خێزانێک بووە[٨]، ئەم ژمارەیە کەمترە لە ژمارەی هاوچەشن (٦,٢ بۆ هەر خێزانێک) کە لە ئەنجامی دوایین سەرژمێری، کە لە ساڵی ١٩٨٧ ئەنجام درا، بەدەست هاتووە. گۆڕانکاری لە قەبارەی خێزان لە هەولێر گەورەترین بووە (لە ٦,٤ بۆ ٥,١ بۆ هەر خێزانێک) و سلێمانی بە دوای ئەو دا دێت (لە ٥,٨ بۆ ٤,٦ بۆ هەر خێزانێک)، لە کاتێکدا کەمبوونەوەی دهۆک بریتی بووە لە ٧ بۆ ٦,٢ بۆ هەر خێزانێک بووە.

وەک پێشتر باسکرا، تێکڕای قەبارەی خێزان بۆ خێزانەکانی دەرەوەی کەمپ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دا ٥,١ بۆ هەر خێزانێک بووە ئەم ژمارەیە کۆمەڵگای خانەخوێ و هەروەها ئاوارەکانی تێدایە کە حەز دەکەن لە خێزانی گەورەتردا بژین (٥,٩ بۆ هەر خێزانێک). تەنانەت تێکڕای قەبارەی خێزانە ئاوارەکان کە لە کەمپەکاندا دەژین گەورەترە و دەگاتە ٦,٥ بۆ هەر خێزانێک.

لە هەرێمی کوردستان، تێکڕای قەبارەی خێزان بۆ خێزانەکانی دەرەوەی کەمپ بە پێی پارێزگا جیاوازە و گەورەترین قەبارە لە پارێزگای دهۆکە (٦,٢ بۆ هەر خێزانێک) بەرامبەر بە ٥,١ بۆ هەر خێزانێک و ٤,٦ بۆ هەر خێزانێک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، بە ڕیزبەند. قەبارەی خێزان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازە، چونکە خێزانەکان لە ناوچە گوندنشینەکاندا گەورەترن (٥,٦ بۆ هەر خێزانێک بەرامبەر بە ٥,٠ بۆ هەر خێزانێک لە ناوچە شارنشینەکان). تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی خێزان کاریگەرییان هەیە لەسەر قەبارەکەی. خێزانەکان گەورەتر دەبن کاتێک سەرۆکی خێزان نێر، بەتەمەنتر و لە ئێستادا خێزاندار بێت، یان ئاستی خوێندەواریی کەمتر بێت.

لە نزیکەی یەک لە دە خێزانی هەرێمی کوردستان ئافرەت سەرۆك خێزانە. ئەو خێزانانەی ئافرەت سەرۆکایەتییان دەکات زیاتر لە ناوچە شارنشینەکان (١١٪ بەرامبەر بە ٨٪ لە ناوچە گوندنشینەکان) و زیاتر لە هەولێر (١١٪) و سلێمانی (١١٪) بەراورد بە دهۆک (٨٪) بڵاون. بێوەبوون ڕۆڵی هەیە لە زیادبوونی ڕێژەی سەرۆک خێزانی ئافرەت، چونکە ڕێژەی بێوەژنی بەپێی تەمەن زیاد دەبێت و دەگاتە ٩٤٪ لە نێو ئافرەتانی ٦٥+. ژمارەیەکی کەم ئافرەت سەرۆکایەتی خێزان دەکەن کاتێک کە سەرۆکی خێزان لە خوار تەمەنی ٤٥ ساڵەوەیە (٤٪ >)، بڵاوبوونەوەکە لەگەڵ تەمەن بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ١٠٪ کاتێک سەرۆکی خێزانەکە لە تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٤ ساڵدایە، و دەگاتە ٢٧٪ کاتێک سەرۆکی خێزانەکە لە تەمەنی ٦٥+ دایە. ئەو خێزانانەی ئافرەت سەرۆکایەتییان دەکات بچووکترن لەو خێزانانەی پیاو سەرۆکایەتییان دەکات. داتاکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە نێو خێزانەکانی قەبارە ١ کەسیدا، ڕێژەی ئافرەتی سەرۆک خێزان ٨٤٪ە، هەر چەند قەبارەی خێزان گەورەتر بێت کەمتر لە لایەن ڕەگەزی مێینەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. لە نێو ئەو خێزانانەی کە ٢ ئەندامیان هەیە، ڕێژەی ئەو خێزانانەی ئافرەت سەرۆکایەتییان دەکات بریتییە لە ٢٢٪ و لە نێو ئەو خێزانانەی کە ٣+ ئەندامیان هەیە ڕێژەی ئەوانەیان کە ئافرەت سەرۆکایەتییان دەکات بریتییە لە ٧٪. شیکردنەوەی ئەو خێزانانەی ئافرەت سەرۆکایەتییان دەکات گرینگە بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی کەمکردنەوەی هەژاری چونکە ئەم خێزانانە هەژارترن لەوانەی ڕەگەزی نێر

[٨] بۆ خێزانەکانی دەرەوەی کەمپ

تێیدا سەرۆکی خێزانە. رووپێوەکە دەریخست کە سەرۆک خێزانی ئافرەت زیاتر لە ناو ئاوارەکاندا بەربڵاوە، بەتایبەتی لە نێو کەمپی ئاوارەکان (١٤٪) بەهۆی مردنی زۆرتری پیاو لە نێو ئاوارەکاندا.


### ٢-٤- باری هاوسەرگیری

بەپێی رووپێوی دیمۆگرافیی ٢٠١٧، زیاتر لە نیوەی (٥٣٪) دانیشتوانی دەرەوەی کەمپ لەتەمەنی ١٥ ساڵ یان سەرووتر خێزاندارن. سەڵتبوون زیاتر لە نێو ڕەگەزی نێردا بڵاوە وەک ٤٦٪ ی ڕەگەزی نێر بەرامبەر ٣٩٪ ی ڕەگەزی مێینە. لەلایەکی ترەوە، بێوەبوون لە نێو مێینەکاندا بڵاوترە (٧,١٪ بەرامبەر بە ٠,٧٪ بۆ نێرینە). هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری شتێکی باو نییە، تەنیا ١٪ ی مێیەکان و ٠,٢٪ ی نێرەکان جیابوونەتەوە یان تەڵاق دراون. ڕێژەی سەڵتبوون لە نێوان پارێزگاکاندا جیاوازە، لە دهۆک ڕێژەی سەڵتبوون بریتییە لە ٥١٪ لە نێو ڕەگەزی نێر و ٤٥٪ لە نێو ڕەگەزی مێ. وەک لە شێوەی ٢-٣ دا پێشاندراوە، لە هەولێر و لە سلێمانیش بۆ هەردوو ڕەگەز کەمترە. کاتێک ئاوارەکان بەپێی جۆری شوێنی نیشتەجێبوون (کەمپ بەرامبەر دەرەوەی کەمپ) دابەش کرابوون، راپرسییەکە دەریخست کە دابەزینی ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری لە نێو کەمپدا زۆرترە.

هاوسەرگیریی پێشوەختە کە بە ڕێژەی سەدی پێوانە دەکرێت بۆ ئەو کچانەی کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا کە هەتا ئێستا هاوسەرگیرییان کردووە، نزیکەی ٦٪ بوو بۆ دانیشتوانی ڕەگەزی مێ لە دەرەوەی کەمپ لە هەرێمی کوردستان. جیاوازییەکی کەم دەبینرێت لە نێوان پارێزگاکان یان لە نێوان شار و لادێکاندا. هەرچۆنێک بێت، بەربڵاوییەکی زۆر بەرزتر لە نێو ئاوارەکاندا هەبوو، چونکە ڕێژەی کچانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ کە لە ئێستا دا هاوسەرگیرییان کردووە، ٤ ئەوەندەی ڕێژەی نێو کۆمەڵگەی خانەخوێیە. وەک لە شێوەی ٢-٤ دا پێشاندراوە، هاوسەرگیریی پێشوەخت لە نێو ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپ بڵاوترە (٢٤٪) کاتێک بەراورد دەکرێت بە تاکەکانی ناو کەمپ (١٦٪).


بێوەژنی بە تێپەڕبوونی تەمەن لە نێو ئافرەتان زیاد دەبێت. بۆ دانیشتوانی دەرەوەی کەمپ، ڕێژەکە بریتییە لە ١٠٪ لە نێو ئافرەتانی تەمەن ٤٥ بۆ ٥٤ ساڵ، و ٢٦٪ لە نێو پیاوانی تەمەن ٥٥ بۆ ٦٤ ساڵدا زیاد دەکات. زیاتر لە نیوەی (٥٦٪)  ئافرەتانی تەمەن ٦٥+ لە دۆخی بێوەژنیدا دەژین. ڕێژەکە تەنانەت لە نێو ئاوارەکاندا زیاترە و گەیشتۆتە ٦٣٪ بۆ ئاوارەکانی کەمپ و ٧٢٪ بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپ. ئەم بەشە دەبێت لە بەرنامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاو بگیرێت وەک ئەوەی لەوانەیە بەشێکی لەرزۆکی کۆمەڵگا بن.

شێوەی ٢-٣: باری هاوسەرداری بۆ کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ و سەرووتر - ٢٠١٧




سەرچاوە: KSRO (٢٠١٨)

شێوەی ٢-٤: ڕێژەی سەدیی ئافرەتە ناسەڵتەکانی تەمەن ١٥-١٧ ساڵ - ٢٠١٧




سەرچاوە: KSRO (٢٠١٨)

**٢-٥- بەپیتی**

ئاستی بەپیتی لە هەرێمی کوردستان کە بە کۆی ڕێژەی بەپیتی (Total Fertility Rate - TFR) پێوانە کراوە لە ساڵی ٢٠١٨ دا ٣,١ منداڵ بووە بۆ هەر ئافرەتێك، ئەمەش دابەزینی ئاستی بەپیتی پێشان دەدات کە لە ساڵی ٢٠١١ دا ٣,٣ منداڵ بووە بۆ هەر ئافرەتێك[٩]. ژمارەیەکی کەمێك بچووکتر لە ڕووپێوی دیمۆگرافیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ دا بینرا[١٠]، کە TFR بە ٣,٠ منداڵ بۆ هەر ئافرەتێك مەزەندە کراوە. ئەم ژمارانە دەردەخەن کە ئاستی بەپیتی لە هەرێمی کوردستان نزمترە لەوەی ئاستی عێراق کە ٣,٦ منداڵ بووە بۆ هەر ئافرەتێك.

شیکردنەوەی بەپیتی بە پێی تەمەنی دایک ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی بەپیتی بەپێی تەمەن لە نێو هەرزەکاراندا نزمە (٢٦ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت) و ئینجا بەرز دەبێتەوە بۆ ٩٩ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت لە ناو گروپی تەمەنی ٢٠-٢٤ تا دەگاتە ١٥٧ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت لە نێو گروپی تەمەنی ٢٥-٢٩ ساڵ، و بۆ گروپی تەمەنی ٣٠- ٣٤ لە هەمان ئاستدا مایەوە، پێش ئەوەی نزم ببێتەوە بۆ ١٠٩ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت، ٤٦ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت، و ٩ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت بۆ گروپەکانی تەمەنی ٣٥-٣٩، ٤٠-٤٤ و ٤٥-٤٩، بە ڕیزبەند.

خوێندنی دایک دەرخەرێکی ئاستی بەپیتییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە تەنیا کاتێک گۆڕانکاری لە بەپیتی ڕوو دەدات کە ئاستی خوێندنی ڕەگەزی مێینە ناوەندی بێت. جیاوازیی TFR لە نێو دایکانی بێ بڕوانامە و ئەو دایکانەی کە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی یان بنەڕەتییان هەیە کەمترینە (٣,٣ بەرامبەر ٣,٢ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت) لە کاتێکدا TFR لە نێو ئەو دایکانەی کە خوێندنی ئامادەیی و سەرووتریان هەیە ٢,٥ منداڵە بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم جیاوازییانە بەهۆی کاریگەریی تەمەنەوە نییە، (واتە ڕەنگە ئەو ئافرەتانەی ئاستی خوێندەواریان زۆرترە گەنجتر بن و لەبەر ئەمە ئەگەری هەبوونی منداڵی زیاتریان هەبێت لە داهاتوودا) ڕێژەی بەپیتیی بەپێی تەمەن (Age Specific Fertility Rate - ASFR) بە پەروەردەی دایک بەراورد دەکرێت. وەک لە شێوەی ٢-٤ دا پێشان دراوە، ئاستی بەپیتی لە گروپە تەمەنە جیاوازەکاندا کاتێک خوێندنی دایک ئامادەیی یان سەرووتر بێت جیاوازە. ئەم گروپە زیاتر ئەگەری دواخستنی منداڵبوونی هەیە، هەروەك ڕێژەی ASFR بۆ دوو گروپی تەمەنی ١٥-١٩ و ٢٠-٢٤ بریتییە لە ٦ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت و ٤٨ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت، بە ڕیزبەند، بە بەراورد لەگەڵ ٤٦ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت و ١٣٨ منداڵ بۆ هەر ١,٠٠٠ ئافرەت، بە ڕیزبەند، کە هیچ خوێندنێکی فەرمییان نییە. نیشاندەری ASFR بۆ ئەو دایکانەی ئاستی خوێندنیان زۆر بەرزە لە گروپی تەمەنی ٣٠-٣٤ دا دەگاتە لووتکە، لە کاتێکدا ئەم نیشاندەرە بۆ ئەو دایکانەی ئاستی خوێندنیان زۆر نزمە لەو کاتەدا دەگاتە بەرزترین ئاست کە تەمەنیان پێنج ساڵ گەنجترە.

تێکڕای ئەو منداڵانەی کە لە هەرێمی کوردستان لەدایک بوون ٤,٤ منداڵ بووە لە کاتێکدا تێکڕای ئەو منداڵانەی کە دەژین ٤ منداڵە[١١]، وەک لە شێوەی ٢-٥ دا پێشان دراوە، هەردوو پێوانەکە لە پارێزگای دهۆک بەرزترین (٤,٩


---

[٩] UNICEF (٢٠١٨) ڕووپێوی MICS

[١٠] KSRO (٢٠١٨).


[١١] KSRO (٢٠١٨).

منداڵ لە دایک بوونە و ٤,٦ منداڵ دەژین)، و لە ناوچە گوندنشینەکان (٤,٩ منداڵ لە دایک بوون و ٤,٥ منداڵ دەژین). لە نێو ئاوارەکاندا، لە نێو دانیشتوانی کەمپ منداڵی زیاتر لەدایک دەبێت (٤,٦ منداڵ) و ڕێژەی زیاتری منداڵانەکان دەژین (٤,٢ منداڵ). وەک لە شێوەی ٢-٦ دا دەردەکەوێت، تێکڕای ئەو منداڵانەی کە لەدایک دەبن، یان دەژین هەردووکیان پەیوەندیی پێچەوانەیان لەگەڵ خوێندن هەیە. تێکڕای منداڵ بۆ ئەو دایکانەی هیچ خوێندنێکی فەرمییان نییە زیاتر لە دوو هێندەی تێکڕای منداڵی ئەو دایکانەیە کە خوێندنی ناوەندی یان بەرزتریان هەیە. تەمەنی دایک پەیوەندیی بە تێکڕای ئەو منداڵانەوە هەیە کە لەدایک دەبن یان دەژین، هەتا دایکان گەورەتر دەبن، دەکرێت ئەوانیش خوشک و برای زیاتریان هەبێت. بە واتایەکی تر، پێوانەکان بۆ دایکە گەنجەکان ئاماژە بە مێژووی ناتەواوی بەپیتی دەکەن چونکە هێشتا ئافرەتان تەواوی خولی ژیانی منداڵبوونیان تەواو نەکردووە. لە لایەکی ترەوە، تێکڕای ژمارەی منداڵان بۆ گروپە بەتەمەنترەکان مەرج نییە ڕەنگدانەوەی ئاستی بەپیتیی ئێستا بێت، لەبەر ئەوەی کە ئەزمونی کۆمەڵێکی ڕاستەقینەی بەرەنجامی مێژووی بەپیتیی دایکان دەگرێتەوە، چونکە ئەوان لە گەڵ تێپەڕاندنی تەمەن دەستیان بە هێنانی منداڵ کردووە.





ڕووپێوەکە لێکچوونێکی هاوشێوە لە نێوان هاوسەرگیری و بەپیتی پێشان دا هەروەک هەردووکیان تاڕادەیەک جیهانین. هاوسەرگیریی گشتگیر لەو کاتەوە پێشنیاز کراوە کە ڕێژەی ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری لە نێو ئافرەتانی ٥٥+ نزیکەی ٣٪ بووە، و منداڵبوونی گشتگیر لە نێو ئەو کەسانەی سەڵت نین بەو ڕاستییەوە پشتئەستوورە کە ڕێژەی مێینەی بێ منداڵ بریتییە لە ٥٪.

شێوەی ٢-٦: تێکڕای ژمارەی ئەو منداڵانەی لەدایك بووینە و ئەو منداڵانەی دەژین - ٢٠١٧




شێوەی ٢-٧: تێکڕای ژمارەی منداڵی لەدایکبوو و منداڵی زیندوو، بەپێی تەمەن و خوێندنی دایک ٢٠١٧




## ٢-٦- پلاندانانی خێزانی

ڕێگریکردنی شیاو لە دووگیانبوون بۆ تەندروستیی ژنان و منداڵان گرینگە، چونکە ڕێگە بە درێژکردنەوەی ماوەی نێوان لەدایکبوونەکان و سنووردارکردنی کۆی ژمارەی منداڵان دەدات. بەپێی ڕووپێوی MICS، ڕێژەی سەدیی ئێستای بەکارهێنانی ڕێگریکارەکان لە دووگیانی بۆ ئەو ژنانەی هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا هاوسەردارن بریتیە لە ٦٦,٦٪. بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە ژنانی هاوسەردار بە ڕێژەیەکی زۆر پشت بە شێوازەکانی ناسەردەمیانەی ڕێگریکردن لە دووگیانی دەبەستن، چونکە ڕێژەی سەدیی بەکارهێنانی شێوازی سەردەمیانە تەنیا بریتیە لە ٢٥,٦٪. بەکارهێنانی ڕێگریکردنی سەردەمیانە لە دووگیانبوون لە نێوان پارێزگاکان دا جیاوازیی نییە،

بەڵام بەکارهێنانی هەموو شێوازەکان هەیەتی. ئاستی بەکارهێنانی هەموو شێوازەکان بریتییە لە ٧٣,٤٪ لە سلێمانی و ٦٦,١٪ لە هەولێر و ٥٦,٩٪ لە دهۆک.

شێوازی بەکارهێنانی رێگرییەکانی دووگیانبوون جیاوازیی هەیە لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق. لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی رێگرییەکانی دووگیانبوون بەرزترە (٦٦,٦٪ بەرامبەر ٥٢,٨٪ بۆ عێراق) کاتێک هەموو شێوازەکان رەچاو دەکرێت، بەڵام رێژەی بەکارهێنانی رێگرییەکانی دووگیانبوون نزمترە (٢٥,٦٪ بەرامبەر ٣٦,١٪ بۆ عێراق) کاتێک تەنیا شێوازەکانی سەردەمیانە بەکاردێن. لە هەرێمی کوردستان دا شێوازی تێکەڵاویش جیاوازە. بڵاوترین شێوازی سەردەمیانە لە هەرێمی کوردستان ئامێری ناو رەحمە (لەولەب - Intrauterine Device (IUD)) (١٠,٧٪) و بەدوای ئەو بەکارهێنانی حەب دێت کە رێژەکەی بریتیە لە ٦,٣٪ و پاشان کۆندۆمی نێرینە (٤,٦٪) لە لایەکەی دیکەشەوە تێکرای بەکارهێنانی حەب لە عێراق وەک سەرەکیترین شێوازی سەردەمیانە بریتییە لە ١٦٪ و بە دوایدا IUD (٨,٨٪) و دواتر دەرزیلێدان (٣,٩٪) دێن.

رووپێوەکە هەڵسەنگاندنی بۆ ئاستی پێویستییە دابیننەکراوەکانی رێگریکردن لە دووگیانی[12] چ بەمەبەستی دواخستن یان بۆ سنووردارکردنی هەبوونی منداڵ کردووە. پێناسەی ستانداردی پێویستییە دابیننەکراوەکان بۆ پلاندانانی خێزانی ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە توانای منداڵبوونیان هەیە و لە رووی سێکسییەوە چالاکن بەڵام هیچ شێوازێکی رێگریکردن لە دووگیانی بەکار ناهێنن و داوای ئەوە دەکەن کە چیتر منداڵیان ناوێت یان دەیانەوێت لەدایکبوونی منداڵی داهاتوویان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دوا بخەن. کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١) هەموو ئەو ئافرەتە دووگیانانەی کە سکپڕییان نەخوازراو بووە یان لە کاتێکی نەگونجاودا بووە.

٢) هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دوای منداڵبوون تووشی خوێنبەربوون بوونە و پلاندانانی خێزانی بەکار ناهێنن و منداڵبوونی پێشتریان نەخوازراو بووە یان لە کاتێکی نەگونجاودا بووە.

٣) هەموو ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی منداڵبووندان، کە نە دووگیانن و نە لە پاش منداڵبوون تووشی خوێنبەربوون بوونە، و یان هیچ منداڵێکی تریان ناوێت (دەیانەوێت قەبارەی خێزان سنووردار بکەن)، یان ئەوانەی کە ئارەزووی دواخستنی لەدایکبوونی منداڵ دەکەن بۆ ماوەی بە لایەنی کەم دوو ساڵ یان نازانن کەی و ئایا منداڵێکی تریان دەوێت یان نە (دەیانەوێت منداڵبونی داهاتوو دوابخەن) بەڵام هیچ شێوازێکی دژەسکپڕی بەکار ناهێنن.

لە هەرێمی کوردستان ئاستی دابیننەکردنی پێویستییەکان ٨٪ بوو. ئاستی دابیننەکردنی پێویستییەکان لە دهۆک بەرزتر بوو(١٠٪) و لە هەولێر (٧٪) و سلێمانی بە رێژەی ٨ % لە ناوەڕاست بوو. ٣٩٪ ی پێویستییە دابیننەکراوەکان بۆ دووریی نێوان منداڵبوونەکان (دواخستن) و ٦١٪ بۆ سنورداركردنی ژمارەی منداڵ

[12] پێویستییە دابیننەکراوەکان بۆ رێگریکردن لە دووگیانبوون ئاماژە بەو ژنانە دەکات کە هیچ شێوازێک لە دژە دووگیانبوون بە کار ناهێنن، بەڵام ئەوانەی کە ئەیانەوێت لەدایکبوونی داهاتوو دوا بخەن (نێوان بدەنە منداڵبوون) یان ئەوانەی کە دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک واز لە منداڵبوون بهێنن (سنووردانان).

دەگەڕێتەوە. پێویستییە دابیننەکراوەکان لە هەرێمی کوردستان کەمترە لە تێکڕای ڕێژەی پێویستییە دابیننەکراوەکان لە عێراق کە ڕێژەکەی دەگاتە ١٤,٣٪.

### ٢-٧- مردن

لە ساڵی ٢٠١٨ دا لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی مردن لە ژێر تەمەنی ٥ ساڵی ١٧ حاڵەت بووە بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو، ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی مردن کەمترە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق. مەزەندە دەکرێت ئەم ڕێژەیە ٢٨ بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو بوویێت لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست و ٣٧ حاڵەت لە هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو لە عێراقدا بە گشتی. ئەم ژمارانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژمارەکانی ساڵی ٢٠١١ نزمترن، چونکە ڕێژەی خەمڵێنراو لە هەرێمی کوردستان ٣٢ کەس بوو بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو. زۆربەی ئەو مردنانەی کە لە ناو منداڵاندا ڕوو دەدەن لە یەکەم ساڵی ژیانیاندا ڕوویان داوە. ڕێژەی مردنی کۆرپە ١٥ منداڵ بووە بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو. دوو لە سەر سێی مردنەکانی منداڵانی ساوا دەگەڕێتەوە بۆ منداڵانی تازەلەدایکبوو[13]. ڕووپێوەکە لە دهۆک ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕێژەی مردنی منداڵی خوار تەمەنی ٥ ساڵ بەرزترە (٢٦ بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو) لە کاتێکدا، کە ڕێژەکە لە هەولێر ١٨ لە هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو بووە و لە سلێمانیش ٨ لە هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو.

ئاماری نوێی مردن لە نێو ئەو پێگەیشتووانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین بەردەست نەبوو. بە هۆی بارودۆخی ئەم دواییەی پەتای کۆڤید-١٩ کە کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ڕەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، شەپۆلەکانی مردن گۆڕانکارییان تێدا کراوە. لە سەرهەڵدانی پەتاکەوە تاکو ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٢١ زیاتر لە ١٧٢ هەزار حاڵەت پشتڕاستکراونەتەوە[14]. لەسەدا ٩٢-ی حاڵەتەکان چارەسەرییان بۆ کراوە و ٤,٣٠٨ حاڵەتی مردن بەستراونەتەوە بە کۆڤید-١٩[15]. خشتەی ٢-٣ بەراوردێک لە سەر ئاستی هەرێم تاوەکو یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دەخاتەڕوو. خشتەکە ئەوە پێشان دەدات کە باری پەتاکە لە نێوان پارێزگاکاندا جیاوازیی هەبووە هەروەک ڕێژەی بەرکەوتن بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس لە دهۆک بەرزتر بووە (٢,٣٥٩ بۆ هەر ١٠٠ هەزار) دواتر هەولێر (١,٨٢٢ بۆ هەر ١٠٠ هەزار) و ئینجا سلێمانی (١,٤٠٧ بۆ هەر ١٠٠ هەزار). ڕێژەی حاڵەتی چالاک لە سێ پارێزگاکەدا هەمان شێواز پەیڕەو دەکات ئەویش بریتی بووە لە ٤٠٪، ٣٥٪، و ٢٤٪، بەرێزبەند. ڕێژەی مردنی نەخۆشی خەوێندراو ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە کە لە سلێمانی لە ١,٠٠٠ حاڵەت گەیشتووەتە ٥٤ و لە هەولێر ٢٥ و لە دهۆکیش ٢٠.

بۆ تێڕوانینی ژمارەی ئەو مردنانەی پەیوەندیی بە پەتای کۆڤید-١٩وە هەیە (٣,٢٤٧ مردن لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠)، پێویستە ئەوەش تێبینی بکرێت کە ژمارەی گیانلەدەستدان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨ بریتی بوو لە

[13] UNICEF (٢٠١٨) ڕووپێوی MICS

[14] حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوایین جار لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا تازە کراوەتەوە.

[15] https://gov.krd/coronavirus-en/dashboard/

١٦,٥٥٧ کەس[١٦]، کە بەو پێیە ڕێژەی مردن بە هۆی کۆڤید-١٩ نزیکەی ٢٠٪ ی ڕێژەی ساڵانەیە کە لە پێش پەتاکە ڕووی دەدا.

خشتەی ٢-٣: نیشاندەرەکانی COVID-١٩ بە پێی پارێزگا، ٢٠٢٠.

| | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | عێراق |
|---|---|---|---|---|
| حاڵەتی پشتڕاستکراو | ٣٤,٢٥٢ | ٣٦,٣٠٧ | ٢٩,٩٩٠٨ | ٥٩٦,١٩٣ |
| حەڵەتی چارەسەربوو | ٢٢,٦١١ | ٢٥,٧٨٣ | ٢٠,٨١٨ | ٥٠١,٩٦٧ |
| مردن | ٦٨٣ | ٩٠٨ | ١,٦٥٦ | ١٢,٨٢٤ |
| ڕێژەی ڕوودان لە هەر ١٠٠،٠٠٠ کەس | ٢,٣٥٩ | ١,٨٢٢ | ١,٤٠٧ | ١,٤٢٣ |
| ڕێژەی چارەسەربوو % | ٥٨ | ٦٢,٩ | ٧٠,٨ | ٨٧,٩ |
| ڕێژەی حاڵەتی چالاک % | ٤٠ | ٣٤,٦ | ٢٣,٨ | ٩,٩ |
| ڕێژەی مردنی نەخۆشی خەوێندراو بۆ هەر ١,٠٠٠ حاڵەت | ٢٠,٢ | ٢٤,٩ | ٥٤,١ | ٢١,٩ |

ژمارەی حاڵەتەکان تاکو ١ ی کانونی دووەمی ٢٠٢١ و ڕێژەکان تاکو ١١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠.
سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی.

## ٣- پەنابەرو ئاوارە ناوخۆییەکان

### ٣-١- ئاوارەبوونی ناوخۆ

ئەو ئاوارەبوونەی کە پەیوەست بوو بە داگیرکردنی ناوچەکانی عێراق و سووریا لەلایەن داعشەوە، گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە دروست کردووە. دوای فراوانبوونی خێرای داعش و شەڕێکی توند، لووتکەی ئاوارەبوونی نوێ لە ساڵی ٢٠١٤ دا گەیشتە ٢,٢ ملیۆن[١٧]. جەنگی کۆنترۆڵکردنی شاری فەللوجە لە نیسانی ٢٠١٤ کە سێ مانگ پێشتر لە لایەن ڕێکخراوی داعشەوە داگیر کرابوو، ٥٢٠,٠٠٠ ئاوارەی نوێی لێ کەوتەوە. ڕۆژانە شەڕی زەمینی و هێرشی ئاسمانی جووڵەی ناو شارەکانی سنووردار کرد و دۆخی ئەمنیی شارەکەی خراپتر کرد. لەدوای کەوتنی فەللوجە، داعش هێرشێکی گەورەی بۆ سەر موسڵ، کە دووەم گەورەترین شاری عێراق و ناوەندی پارێزگای نەینەوایە، دەست پێ کرد. لە حوزەیرانی ٢٠١٤ شارەکە گیرا و تا ئەو کاتەی هێزەکانی حکوومەت هێرشێکیان دەست پێ کرد بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦. ئۆپەراسیۆنەکە نۆ مانگ بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی لە مانگی تەموزی ٢٠١٧ کۆتایی هات و زیاتر لە ملیۆنێک کەس، کە نزیکەی تەواوی دانیشتوانی موسڵ بوون ئاوارە بوون[١٨].

---

[١٦] دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق. پەرتووکی ساڵانەی ئامار ٢٠١٨/٢٠١٩. خشتەی ١٠/A١١. http://cosit.gov.iq/documents/AAS٢٠٢٠/١٠.pdf

[١٧] https://www.internaldisplacement.org/publications/iraq-idps-caught-between-a-rock-and-a-hard-place-as-displacement-crisis-deepens

[١٨] UNHCR (٢٠٢٠). وەرزنامەی دەستپێشخەریی ئاوارەکان، تازەکراوە لە ئەیلولی ٢٠٢٠.
https://reporting.unhcr.org/sites/default/files/IDP-Initiative%٢٠Quarterly%٢٠Update%٢٠Sep٢٠.%٢٠Digital.pdf

بەپێی ئەو ڕووپێوەی کە لە ساڵی ٢٠١٧ دا ئەنجامدراوە[١٩]، نزیکەی ٦٠٪ی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ دا گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٦ گەیشتە ١,١ ملیۆن کەس. زیاتر لە نیوەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی پارێزگای نەینەوان و ٢٠٪ خەڵکی پارێزگای سەڵاحەددینن. هەولێر و سلێمانی میوانداریی جیاوازترین جۆرەکانی ئاوارە دەکەن، لەکاتێکدا زۆربەی ئەو ئاوارانەی لە دهۆکن لە بنەڕەتدا خەڵکی نەینەوان.

وەک لە خشتەی ٣-١ ئاماژەی بۆ کراوە، لە ٦,٩ ملیۆن کەسی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٦ دا، ١,١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی (کە دەکاتە ١٦٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان) و ٢٠٠ هەزار پەنابەر (٣٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان) لە پێکهاتەکەی بوون. ڕێژەی ئاوارەی ناوخۆیی لە دهۆك ٢٩٪ بووە کە لە شوێنەکانی تر زۆرتر بووە و ڕێژەکە لە هەولێر ١١٪ و لە سلێمانی ١٠٪ بووە. لە نێو ١,١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی ٦٢٥ هەزار کەس لە دهۆک میوانداری کراون، واتە ٥٦٪ ی هەموو ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین. (بڕوانە شێوەی ٣-١).

**خشتەی ٣-١: دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری نیشتەجێبووان، ٢٠١٦.**

| | هەولێر | | دهۆک | | سلێمانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | # | % | # | % | # | % | # | % |
| خانەخوێ | ٢,٠٦٠,٠٠٠ | ٨٦,٠ | ١,٤٧٠,٠٠٠ | ٦٧,٢ | ٢,٠٨٠,٠٠٠ | ٨٨,٩ | ٥,٦١٠,٠٠٠ | ٨١,٠ |
| ئاوارەی ناوخۆیی | ٢٥٧,٤٢٤ | ١٠,٧ | ٦٢٥,٠٠٠ | ٢٨,٦ | ٢٢٩,٠٠٠ | ٩,٨ | ١,١١١,٤٢٤ | ١٦,١ |
| پەنابەر | ٧٧,٦٣٧ | ٣,٢ | ٩٣,٠٠٠ | ٤,٣ | ٣١,٠٠٠ | ١,٣ | ٢٠١,٦٣٧ | ٢,٩ |
| کۆی گشتی | ٢,٣٩٥,٠٦١ | ١٠٠,٠ | ٢,١٨٨,٠٠٠ | ١٠٠,٠ | ٢,٣٤٠,٠٠٠ | ١٠٠,٠ | ٦,٩٢٣,٠٦١ | ١٠٠,٠ |

بەشێک لەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین بەسەر ٢١ کەمپدا دابەش بوونە[٢٠]. پانزە لەو کەمپانە کەوتوونەتە پارێزگای دهۆک و ٣ کەمپ لە هەولێر و ٣ کەمپ لە سلێمانین. خشتەی ٣-٢ بریتییە لە لیستی کەمپەکان بە پێی قەزا و ناحیە.

[١٩] KRSO (٢٠١٨). ڕووپێوی دیموگرافی لە هەرێمی کوردستان/ عێراق.

[٢٠] UNHCR (٢٠٢٠). https://data٢.unhcr.org/en/documents/details/٨٣٦٢٢

**خشتەی ٣-٢: لیستی کەمپەکان لە هەرێمی کوردستان**


| | پارێزگا | قەزا | ناحیە | ناوی کەمپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دهۆک | زاخۆ | دەرکار | بێرسڤێ ١ |
| ٢ | | زاخۆ | دەرکار | بێرسڤێ ٢ |
| ٣ | | زاخۆ | دەرکار | دەرکار |
| ٤ | | زاخۆ | ناوەندی زاخۆ | چەم مشکۆ |
| ٥ | | سێمێل | فایدە | کەبەرتو ١ |
| ٦ | | سێمێل | فایدە | کەبەرتو ٢ |
| ٧ | | سێمێل | فایدە | خانکێ |
| ٨ | | سێمێل | فایدە | شاریا |
| ٩ | | سێمێل | باتێل | باجێت کەندالا ١ |
| ١٠ | | سێمێل | باتێل | قادیا (کۆمەڵگەی ڕوانگە) |
| ١١ | | ئامێدی | بامەرنێ | داودیێ |
| ١٢ | | شێخان | ناوەندی شێخان | مام ڕەشان |
| ١٣ | | شێخان | ناوەندی شێخان | شێخان |
| ١٤ | | شێخان | باعەدرێ | ئیسیان |
| ١٥ | | ئاکرێ | گردەسێن | مامڵیان |
| ١٦ | هەولێر | هەولێر | ناوەندی هەولێر | بەحرکە |
| ١٧ | | هەولێر | ناوەندی هەولێر | هەرشەم |
| ١٨ | | مەخموور | دیبەگە | دیبەگە ١ |
| ١٩ | سلێمانی | سلێمانی | قەرەداغ | ئاوارە ناوخۆییەکانی عەربەت |
| ٢٠ | | سلێمانی | قەرەداغ | ئاوارە ناوخۆییەکانی ئاشتی |
| ٢١ | | کەلار | ناوەندی کەلار | تازەدێ |

تایبەتمەندیی دیمۆگرافیی دانیشتوانی کەمپەکان لە خشتەی ٣-٣ و تا مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ بە پێی کەمپ خراوەتە ڕوو. داتاکان ئەوە دەردەخەن کە ئەم کەمپانە میوانداریی ٣٢,٤٤٤ خێزان دەکەن کە ١٦٦ هەزار کەس لەخۆ دەگرن. کەمپەکانی دهۆک میوانداریی ٪٨٥,١ ی سەرجەم ئاوارەکانی کەمپەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، لەکاتێکدا هەولێر و سلێمانی میوانداریی ڕێژەی ٪٨,١ و ٪٦,٨ دەکەن، بە ڕیزبەند. قەبارەی کەمپەکان لە نێوان هەزار بۆ ٢٣ هەزار کەس دەبێت. کەمپە گەورەکان دەکەونە پارێزگای دهۆک. گەورەترین کەمپ چەم میشکۆیە کە میوانداریی نزیکەی ٢٣ هەزار کەس دەکات. پێنج کەمپی دیکە وەکو شاریا، خانکێ، ئیسیان، کۆمەڵگەی ڕوانگە، کەبەرتو ١ و کەبەرتو ٢ هەریەکێکیان میوانداریی ١٢ بۆ ١٥ هەزار کەس دەکەن.

دابەشکردنی تەمەن و ڕەگەز بۆ گروپە بەرفراوانەکانی تەمەن لە خشتەی ٣-٣ دا هاتووە. داتاکانی دیمۆگرافی لە خشتەی ٣-٤ دا کورت کراونەتەوە. خشتەکە پێشان دەدات کە لە هەموو کەمپەکان قەبارەی خێزان لە نێوان

٤,٧ بۆ ٥,٣ کەس دایە. کەمپەکانی دهۆک، میواندارێی خێزانی گەورەتر دەکەن، کە کەمتر منداڵیان تێدایە و زۆرتر کەسانی بەتەمەنیان تێدایە. وردەکارییەکانی زانیارییە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئاستی کەمپ پێویستە لە خزمەتی بەرنامەکانی مرۆیی و گەشەسەندن دا بن، ئەوانەی ئاراستەی ئەو پەنابەرانە دەکرێن کە لە کەمپەکاندا دەژین، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بەتایبەت بۆ ئەو گروپانەی زۆر پێویستیانە.

وێنەی ٣-١: دابەشبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦



**خشتەی ٣-٣: تایبەتمەندیی دیمۆگرافیی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە کەمپەکان دەژین، ٢٠٢٠**

| ناوی کەمپ | خێزان | دانیشتوان | | | ‎<١٨ | | ١٨ - ٥٩ | | ٦٠+ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | # | کۆ | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر |
| پێرسڤێ ١ | ١,١٢٩ | ٥,٨٥٠ | ٣,٠١١ | ٢٨٣٩ | ١,٣٢١ | ١,٣٠٩ | ١,٥٤١ | ١,٤٣٦ | ١٤٩ | ٩٤ |
| پێرسڤێ ٢ | ١,٤٣١ | ٧,١٠٤ | ٣,٦٦٢ | ٣٤٤٢ | ١,٧٢٤ | ١,٦٠٧ | ١,٧٧١ | ١,٧٢٧ | ١٦٧ | ١٠٨ |
| دەركار | ٦٤٢ | ٣,٤٣٤ | ١,٧٣٦ | ١,٦٩٨ | ٧٨٧ | ٨١١ | ٨٥٧ | ٨٢٦ | ٩٢ | ٦١ |
| چەم مشكۆ | ٤,٤٢٣ | ٢٢,٦٩٠ | ١١,٦٧٤ | ١١,٠١٦ | ٤,٨٥٥ | ٤,٦٣٣ | ٦,١٧٧ | ٥,٩٥٧ | ٦٤٢ | ٤٢٦ |
| كەبەرتو ١ | ٢,٣١٩ | ١١,٨٨٠ | ٦,٠٥٠ | ٥,٨٣٠ | ٢,٧٧٨ | ٢,٨٥٧ | ٢,٩٨٦ | ٢,٨٠٧ | ٢٨٦ | ١٦٦ |
| كەبەرتو ٢ | ٢,٤٠٦ | ١٢,٠٧٣ | ٦,٢١٦ | ٥,٨٥٧ | ٢,٥٩٦ | ٢,٥٧٣ | ٣,٢٧٤ | ٣,٠٣٩ | ٣٤٦ | ٢٤٥ |
| خانكێ | ٢,٦٩٨ | ١٤,١٩٢ | ٧,١٩٠ | ٧,٠٠٢ | ٣,١١١ | ٣,١٢٢ | ٣,٦٩٢ | ٣,٦١٧ | ٣٨٧ | ٢٦٣ |
| شاريا | ٢,٨٩٢ | ١٥,٢٧٠ | ٧,٨٩٧ | ٧,٣٧٣ | ٣,٣٧٥ | ٣,٣٣٣ | ٤,١٣٢ | ٣,٧٩٢ | ٣٩٠ | ٢٤٨ |
| باجێت كەندالا | ١,٧١٠ | ٨,٧٢٧ | ٤,٤٧٣ | ٤,٢٥٤ | ١,٩٤٣ | ١,٩٥٠ | ٢,٢٨١ | ٢,١٣١ | ٢٤٩ | ١٧٣ |
| قاديا (كۆمەڵگەی ڕوانگە) | ٢,٤٦٨ | ١٢,٨٠٠ | ٦,٧٤٦ | ٦,٠٥٤ | ٢,٤٢٣ | ٢,٠٦٣ | ٤,٠٠٥ | ٣,٧٠٨ | ٣٤٢ | ٢٥٩ |
| داودیە | ٥١٥ | ٢,٥٩٣ | ١,٣٦٣ | ١,٢٣٠ | ٦٠٩ | ٥٧٤ | ٦٨٨ | ٦١٤ | ٦٧ | ٤١ |
| مام ڕەشان | ١٤٩٢ | ٧٤١٦ | ٣٨٧٣ | ٣٥٤٣ | ١٦٢٥ | ١٥٥٧ | ٢٠٥٣ | ١٨٣٥ | ١٩٥ | ١٥١ |
| شێخان | ٦٤٤ | ٣٢٩٤ | ١٦٥٢ | ١٦٤٢ | ٦٩١ | ٧٠٧ | ٨٩٠ | ٨٨٦ | ٧٧ | ٤٣ |
| ئیسیان | ٢٥١٦ | ١٣٢٢٨ | ٦٧٤١ | ٦٤٨٧ | ٢٨١٥ | ٢٨٧٥ | ٣٥٧٦ | ٣٣٨٨ | ٣٥١ | ٢٢٣ |
| مامڵیان | ١٧٠ | ٨٧٩ | ٤٦١ | ٤١٨ | ٢٠٨ | ٢٣٢ | ٢٢٧ | ١٧٢ | ٢٦ | ١٤ |
| **کۆی گشتیی دهۆک** | **٢٧,٤٥٥** | **١٤١,٤٣٠** | **٧٢,٧٤٥** | **٦٨,٦٨٥** | **٣٠,٨٦١** | **٣٠,٢٠٣** | **٣٨,١٥٠** | **٣٥,٩٣٥** | **٣,٧٦٦** | **٢,٥١٥** |
| بەحركە | ٩٢١ | ٤,٥٣٣ | ٢,٢٨٤ | ٢,٢٤٩ | ١,٢٦٢ | ١,٢٨٢ | ٩٣٢ | ٩٢٢ | ٩٠ | ٤٥ |
| هەرشەم | ٢٨٦ | ١,٤٤٩ | ٧٣٣ | ٧١٦ | ٤١٢ | ٤٠٨ | ٢٩٥ | ٣٠١ | ٢٦ | ٧ |
| دیبەگە ١ | ١,٤١٨ | ٧,٤٦٧ | ٣,٨٣٦ | ٣,٦٣١ | ١,٩٤١ | ٢,٠٥٦ | ١,٧٢٣ | ١,٥١٢ | ١٧٢ | ٦٣ |
| **کۆی گشتیی هەولێر** | **٢,٦٢٥** | **١٣,٤٤٩** | **٦,٨٥٣** | **٦,٥٩٦** | **٣,٦١٥** | **٣,٧٤٦** | **٢,٩٥٠** | **٢,٧٣٥** | **٢٨٨** | **١١٥** |
| تازەدێ | ٢١٤ | ١,٠٥٢ | ٥٥١ | ٥٠١ | ٣١٢ | ٢٨٩ | ٢٢٥ | ٢٠٠ | ١٤ | ١٢ |
| ئاوارەکانی عەربەت | ٢٨٥ | ١,٣٥٣ | ٧٠١ | ٦٥٢ | ٣٨٥ | ٣٨١ | ٢٦٧ | ٢٨٧ | ١٩ | ١٤ |
| ئاوارەکانی ئاشتی | ١,٨٦٥ | ٨,٨١٥ | ٤,٥٦٨ | ٤,٢٤٧ | ٢,٤٥٣ | ٢,٤٣٩ | ١,٩٦٠ | ١,٧٣٦ | ١٥٥ | ٧٢ |
| **کۆی گشتیی سلێمانی** | **٢,٣٦٤** | **١١,٢٢٠** | **٥,٨٢٠** | **٥,٤٠٠** | **٣,١٥٠** | **٣,١٠٩** | **٢,٤٥٢** | **٢,٢٢٣** | **١٨٨** | **٩٨** |
| کۆی گشتیی هەرێم | ٣٢,٤٤٤ | ١٦٦,٠٩٩ | ٨٥,٤١٨ | ٨٠,٦٨١ | ٣٧,٦٢٦ | ٣٧,٠٥٨ | ٤٣,٥٥٢ | ٤٠,٨٩٣ | ٤,٢٤٢ | ٢,٧٢٨ |

**خشتەی ٣-٤: نیشاندەرە دیمۆگرافییەکانی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە کەمپەکاندا دەژین، ٢٠٢٠.**

| ژمارە | ناوی کەمپ | قەبارەی خێزان | % مێ | ١٨> % | ٦٠+ % |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێرسڤێ ١ | ٥,٢ | ٥١,٥ | ٤٥,٠ | ٤,٢ |
| ٢ | بێرسڤێ ٢ | ٥,٠ | ٥١,٥ | ٤٦,٩ | ٣,٩ |
| ٣ | دەرکار | ٥,٣ | ٥٠,٦ | ٤٦,٥ | ٤,٥ |
| ٤ | چەم مشکۆ | ٥,١ | ٥١,٤ | ٤١,٨ | ٤,٧ |
| ٥ | کەبەرتو ١ | ٥,١ | ٥٠,٩ | ٤٧,٤ | ٣,٨ |
| ٦ | کەبەرتو ٢ | ٥,٠ | ٥١,٥ | ٤٢,٨ | ٤,٩ |
| ٧ | خانکێ | ٥,٣ | ٥٠,٧ | ٤٣,٩ | ٤,٦ |
| ٨ | شاریا | ٥,٣ | ٥١,٧ | ٤٣,٩ | ٤,٢ |
| ٩ | باجێت کەندالا | ٥,١ | ٥١,٣ | ٤٤,٦ | ٤,٨ |
| ١٠ | قادیا (کۆمەڵگەی ڕوانگە) | ٥,٢ | ٥٢,٧ | ٣٥,٠ | ٤,٧ |
| ١١ | داودیە | ٥,٠ | ٥٢,٦ | ٤٥,٦ | ٤,٢ |
| ١٢ | مام ڕەشان | ٥,٠ | ٥٢,٢ | ٤٢,٩ | ٤,٧ |
| ١٣ | شێخان | ٥,١ | ٥٠,٢ | ٤٢,٤ | ٣,٦ |
| ١٤ | ئیسیان | ٥,٣ | ٥١,٠ | ٤٣,٠ | ٤,٣ |
| ١٥ | مامڵیان | ٥,٢ | ٥٢,٤ | ٥٠,١ | ٤,٦ |
| | کۆی گشتی دهۆک | ٥,٢ | ٥١,٤ | ٤٣,٢ | ٤,٤ |
| ١٦ | بەحرکە | ٤,٩ | ٥٠,٤ | ٥٦,١ | ٣,٠ |
| ١٧ | هەرشەم | ٥,١ | ٥٠,٦ | ٥٦,٦ | ٢,٣ |
| ١٨ | دیبەگە ١ | ٥,٣ | ٥١,٤ | ٥٣,٥ | ٣,١ |
| | کۆی گشتی هەولێر | ٥,١ | ٥١,٠ | ٥٤,٧ | ٣,٠ |
| ١٩ | تازەدێ | ٤,٩ | ٥٢,٤ | ٥٧,١ | ٢,٥ |
| ٢٠ | ئاوارەکانی عەربەت | ٤,٧ | ٥١,٨ | ٥٦,٦ | ٢,٤ |
| ٢١ | ئاوارەکانی ئاشتی | ٤,٧ | ٥١,٨ | ٥٥,٥ | ٢,٦ |
| | کۆی گشتی سلێمانی | ٤,٧ | ٥١,٩ | ٥٥,٨ | ٢,٥ |
| | کۆی گشتی هەرێمی کوردستان | ٥,١ | ٥١,٤ | ٤٥,٠ | ٤,٢ |
| | کەمترین | ٤,٧ | ٥٠,٢ | ٣٥ | ٢,٣ |
| | زۆرترین | ٥,٣ | ٥٢,٧ | ٥٧,١ | ٤,٩ |

ڕێژەی لەرزۆکی لەناو ئەو ئاوارانەی لە کەمپەکاندا دەژین بەرزە. نزیکەی ٣٨٪ لەو ٣٢,٤٤٤ خێزانەی کە لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن لەرزۆکن. نزیکەی ٢٧٪ ی خێزانەکان لە لایەن کەسی مێیینە سەرۆکایەتی دەکرێن، ١٠٪ سەرۆک خێزانەکان بەتەمەنن و ٠,٥٪ ی سەرۆک خێزانەکان کەسانی منداڵن.

پێویستە ئەم خێزانانە زیاتر گرینگییان پێ بدرێت و پشتگیری بکرێن و پێویستە ئەولەویەت بدەن بە خێزانە لەرزۆکەکان. داتا و زانیاریی بەردەست لەسەر کەمپەکان و دەرەوەی کەمپ ئاماژە بەوە دەکەن کە دابەشبوونی تەمەن و ڕەگەز لە هەردوو گروپەکە لەیەک دەچن (خشتەی ٣-٥).

خشتەی ٣-٥: ڕێژەی دابەشبوونی تەمەن و ڕەگەز بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون (کەمپ/دەرەوەی کەمپ)، ٢٠١٧

| گروپی تەمەن | دەرەوەی کەمپ | | کەمپ | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ٠-١٤ | ٢٢,٠ | ١٩,٨ | ٢٣,١ | ٢٢,٦ |
| ١٥-٢٩ | ١٣,٢ | ١٢,٤ | ١٤,٨ | ١٥,٩ |
| ٣٠-٤٤ | ٩,٥ | ٩,٦ | ٧,٢ | ٧,٢ |
| ٤٥-٥٩ | ٤,٢ | ٤,٩ | ٢,٥ | ٣,٢ |
| ٦٠+ | ١,٨ | ٢,٥ | ١,٦ | ١,٩ |
| کۆی گشتی* | ٥٠,٧ | ٤٩,٢ | ٤٩,٢ | ٥٠,٨ |

کۆی گشتی ناگاتە ١٠٠٪ بەهۆی نزیککردنەوە (rounding)

سەرچاوە: KRSO (٢٠١٨)

بەراوردێک بۆ دابەشبوونی تەمەنی کۆمەڵگەی خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەر سێ پارێزگاکە، ئەوە دەردەخات کە دابەشبوونی تەمەن لە نێو ئاوارە ناوخۆییەکان گەنجترە. ڕێژەی منداڵانی خوار ١٠ لەنێو ئاوارە ناوخۆییەکاندا، نوێنەرایەتی ٢٨ % ی کۆی گشتیی دانیشتوان دەکات لە هەولێر، لە دهۆک ٢٥ % و لە سلێمانیش ٣٠ %، بە بەراورد بە ٢٣ %، ٢٣ % و ٢١ % لە نێو کۆمەڵگەی خانەخوێ لە هەر سێ پارێزگادا، یەک لە دوای یەک (خشتەی ٣-٦).


خشتەی ٣-٦: ڕێژەی سەدیی (%) دابەشبوونی تەمەن لە نێو ئاوارە ناوخۆییەکان، پەنابەران و خانەخوێ دا، ٢٠١٦.

| گروپی تەمەن | هەولێر | | | دهۆک | | | سلێمانی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خانەخوێ | پەنابەر | ئاوارەی ناوخۆیی | خانەخوێ | پەنابەر | ئاوارەی ناوخۆیی | خانەخوێ | پەنابەر | ئاوارەی ناوخۆیی |
| ٠-٩ | ٢٣ | ٢٥ | ٢٨ | ٢٣ | ٢٩ | ٢٥ | ٢١ | ٣٦ | ٣٠ |
| ١٠-١٩ | ٢١ | ٢٠ | ٢٤ | ٢٧ | ٢٠ | ٢٧ | ٢٢ | ١٨ | ٢٣ |
| ٢٠-٢٩ | ١٩ | ٢٧ | ١٦ | ١٦ | ٢٠ | ١٨ | ١٦ | ١٩ | ١٧ |
| ٣٠-٣٩ | ١٣ | ١٣ | ١٢ | ١٤ | ١٤ | ١٢ | ١٥ | ١٦ | ١٢ |
| ٤٠-٤٩ | ١٠ | ٨ | ٩ | ١٠ | ٩ | ٨ | ١٢ | ٦ | ١٠ |
| ٥٠-٥٩ | ٧ | ٤ | ٦ | ٥ | ٥ | ٥ | ٦ | ٣ | ٥ |
| ٦٠+ | ٨ | ٣ | ٥ | ٥ | ٣ | ٥ | ٨ | ٢ | ٣ |
| کۆ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

### ٣-٢- پەنابەرە سوورییەکان

ئامارەکانی ئەم دواییە ژمارەی پەنابەرانی سووریا بە نزیکەی ٢٤٢ هەزار کەس دەخەمڵێنن[٢١]. لە سەدا ٦١ی پەنابەرانی سووریا لە ناوچە شارنشینەکان و ٣١٪ لە کەمپەکاندا دەژین. زۆربەی پەنابەرانی سووریی دانیشتووی عێراق لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و نیوەیان لە هەولێر نیشتەجێن.

نزیکەی ١٢٣ هەزار لەو ژمارەیە دانیشتووی پارێزگای هەولێرن و ٨٤ هەزار لە پارێزگای دهۆک و ٣١ هەزار لە پارێزگای سلێمانین. لە هەر چوار پەنابەرێکی سووریی دانیشتووی هەولێر یان سلێمانی سێ پەنابەر لە ناوچە شارنشینەکاندا دەژین، لە کاتێکدا تەنیا سێیەکی ئەو ئاوارانەی لە دهۆک نیشتەجێن لە ناوچە شارنشینەکاندا دەژین. لە هەولێر، ئەو سووریانەی نیشتەجێی ناوچە شارنشینەکان نین بە سەر ٤ کەمپدا دابەش بوونە (دارەشەکران، قوشتەپە، کەورگۆسك و باسرمە) لە شاری سلێمانی تەنیا کەمپی "عەربەت" هەیە کە میوانداریی نزیکەی ٩ هەزار ئاوارەی سووریا دەکات. لە دهۆک کە ئاوارەکانی سووریا زیاتر لە کەمپەکاندا دەژین، گەورەترین کەمپی لێیە بە ناوی "دۆمیز" کە میوانداریی نزیکەی ٣١ هەزار پەنابەری سووری دەکات. وەک لە خشتەی ٣-٧ دا هاتووە، ئەو خێزانانەی لە دهۆک دەژین گەورەترن وەک تێکڕای قەبارەی خێزان کە بریتییە لە ٣,٨ کەس بۆ هەر خێزانێک و ٣,٢ و ٣,١ کەسە لە هەولێر و سلێمانی، بە ڕیزبەند.




سەرچاوەی نەخشە: https://spiritofamerica.org/project/help-navy-seals-advance-stabilization-efforts-western-iraq/syria-and-iraq-map_١٣٤٤٩٦

[٢١] UNHCR (٢٠٢٠). عێراق: ئامارەکانی ئاوارە سوورییەکان.

خشتەی ٣-٧: دابەشبوونی جوگرافیی پەنابەرانی سووریا، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠.

| پارێزگا | ژمارەی کەسەکان | % ی کۆی پەنابەرانی سووریا | ژمارەی خێزانەکان | تێکرای قەبارەی خێزان |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٢٢,٧١٢ | ٥٠,٨ | ٣٨,٧٠٥ | ٣,٢ |
| دهۆک | ٨٤,٤٢١ | ٣٥,٠ | ٢٢,٤٢٠ | ٣,٨ |
| سلێمانی | ٣١,٢١٢ | ١٢,٩ | ٩,٩١٣ | ٣,١ |
| هی تر | ٣,٣٩٣ | ١,٣ | ١,٤٨٨ | ٢,٣ |
| کۆی گشتی | ٢٤١,٧٣٨ | ١٠٠,٠ | ٧٢,٥٢٦ | ٣,٣ |

ئەو داتایانەی لەسەر پەنابەرانی سووریا لە عێراق تۆمارکراون دەردەخەن کە ئەلحەسەکە سەرەکیترین سەرچاوەی پەنابەرانە کە نزیکە لە ٦١٪. حەلەب دووەم بەرزترینە بە نزیکەی ٢٦٪ و پاشان دیمەشق بە ٩٪. خشتەی ٣-٨ ماتریکسی شوێنی نیشتەجێبوون پێشان دەدات کە باس لە بارودۆخیان لە هەرێمی کوردستان دەکات. دیارکردنی شوێنی نیشتەجێبوون پشت بە چەند گۆڕاوێک دەبەستێت لەوانە دەرفەتە ئابوورییەکان، نزیکیی کلتوری و نزیکیی نێوان ئەو ناوچەیەی لێی هاتوون و شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان. تێگەیشتنێکی باشتر لە دیارکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان لەوانەیە زانیاری بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پشتگیریکاری پەنابەرانی سووریا بدات.

خشتەی ٣-٨: دابەشبوونی پەنابەرانی سووریا بە پێی ئەو ناوچەیەی لێی هاتوون و شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠

| ئەو شوێنەی لێی هاتوون | | شوێنی مەبەست | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | |
| ئەلحەسەکە | # | ٦٨,٨٩٥ | ٦٦,٧٢٠ | ١١,٦٠٣ | ١٤٧,٢١٨ |
| | % | ٢٨,٥ | ٢٧,٦ | ٤,٨ | ٦٠,٩ |
| حەلەب | # | ٣٧,٩٥٣ | ٧,٤٩٤ | ١٧,١٦٣ | ٦٢,٦١٠ |
| | % | ١٥,٧ | ٣,١ | ٧,١ | ٢٥,٩ |
| دیمەشق | # | ٩,٦٧٠ | ١٠,٨٧٨ | ٩٦٧ | ٢١,٥١٥ |
| | % | ٤ | ٤,٥ | ٠,٤ | ٨,٩ |
| ڕەققە | # | ٦,٠٤٣ | ٤٨٣ | ١,٩٣٤ | ٨,٤٦١ |
| | % | ٢,٥ | ٠,٢ | ٠,٨ | ٣,٥ |
| کۆی گشتی | # | ١٢٢,٥٦١ | ٨٥,٥٧٥ | ٣١,٦٦٨ | ٢٣٩,٨٠٤ |
| | % | ٥٠,٧ | ٣٥,٤ | ١٣,١ | ٩٩,٢ |

سەرچاوە: نووسەر لەسەر بنەمای (٢٠٢٠) UNHCR

## ٤- مەزەندەی دانیشتوان

### ٤-١- مێتۆدۆلۆجی

مەزەندەکانی دانیشتوان خەمڵاندنی دانیشتوانن بۆ ساڵانی داهاتوو. کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر بنەمای بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی خەملێنراو بەپێی تازەترین سەرژمێریی دەساڵەیە و بە بەکارهێنانی شێوازی کۆمەڵ-پێکهاتە (cohort-component) بەرهەمدێت. مەزەندەکان ڕەوتەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی دانیشتوان پێشان دەدەن کە دەکرێت لەسەر بنەمای گریمانەکان لەبارەی لەدایکبووان، مردنەکان، کۆچکردنی نێودەوڵەتی، و کۆچی ناوخۆیی لە داهاتوودا، ڕوو بدەن. لە هەندێک حاڵەتدا، چەندین زنجیرە مەزەندە، لەسەر بنەمای گریمانە جێگرەوەکان بۆ ژمارەی لەدایکبوونی داهاتوو، پێشبینیی ژیان ، کۆچی نێودەوڵەتی، و (بۆ مەزەندەکانی سەر ئاستی دەوڵەت) دەوڵەت-بۆ-دەوڵەت یان کۆچکردنی ناوخۆیی؛ بەرهەم دێن[٢٢].

لە شێوازی کۆمەڵ-پێکهاتە دا، هەر یەك لە پێکهاتەکانی گۆڕانی دانیشتوان (لەدایکبوون، مردن و کۆچکردنی بێگەرد) بۆ هەر کۆمەڵێکی لەدایکبوون (ئەو کەسانەی لە ساڵێکی دیاریکراودا لەدایک بوونە) بە جیا مەزەندەیان بۆ کراوە. هەموو ساڵێک دانیشتوانی بنچینەیی بە بەکارهێنانی ڕێژەی مانەوەی مەزەندەکراو و کۆچکردنی نێودەوڵەتیی بێگەرد زیاد بووە، و هەموو ساڵێک، کۆمەڵێکی نوێی لەدایکبوون بە سەر دانیشتواندا زیاد دەبێت بە بەکارهێنانی ڕێژەی مەزەندەکراوی بەپیتی بۆ دانیشتوانی مێینە.

بۆ هەریەک لە سێ پێکهاتەکەی گۆڕانکارییەکانی دانیشتوان، پێویستە ئاست و شێوازەکەی بە وردیییەوە گریمانە بکرێت بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی مەزەندەکردنەکاندا چاوەڕێ دەکرێن. گریمانەکانی بەپیتی دەبێت ئاستی بەپیتی (ڕێژەی تەواوی بەپیتی) و شێوازی بەپیتی (ڕێژەی بەپیتی بەپێی تەمەن) دیار بکەن. گریمانەکانی مردن دەبێت ئاستی مردنی هەردوو ڕەگەز (پێشبینیی ژیان بەپێی ڕەگەز) و شێوازی مردن (ڕێژەی مردن بەپێی تەمەن و ڕەگەز) دیار بکەن. بەهەمان شێوە، گریمانەکانی کۆچکردن پێویستە ڕێژەی کۆچکردن و شێوازەکەی دیار بکەن. ئاست و شێوازی لەدایکبوون پێویستە زۆربەی کات لە نوێترین ڕووپێو وەربگیرێت، و نمونەیەک لە خشتەی ژیان هەڵدەبژێردرێت بۆ جێگرتنەوەی ڕێژەی مردن بەپێی تەمەن. گریمانەکانی کۆچکردن پشت بە ڕوانگەی ئابووری و سیاسی دەبەستن. سۆفتوێری سپێکترۆم بۆ درووستکردنی مەزەندەی دانیشتوان بە کار هێنراوە.

### ٤-٢- گریمانەکان

مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ ەوە دەستپێدەکات. ئەم مەزەندەیانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک مەزەندەی پێشووترە کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لەساڵی ٢٠١٣ ئەنجام دراون[٢٣]. کومەڵەی پێشووتری مەزەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩

---

[٢٢] https://www.census.gov/programs-surveys/popproj/about.html

[٢٣] KRSO (٢٠١٣). خەمڵاندنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩ تاکو ٢٠٢٠. [بە عەرەبی]

بۆ ٢٠٢٠. ئەم مەزەندەیانەی ئێستا ئەنجامی دانیشتوانی ساڵی ٢٠٢٠ ی لە رووی تەمەن و رەگەز وەک ساڵی بنەڕەت بۆ مەزەندەکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٤٠ بەکارهێناوە. ئەم مەزەندەیە بە بەکارهێنانی پرۆگرامی سپێکترۆم (Spectrum) ئەنجامدراوە.

خشتەی ٤-١ پارامیتەرەکانی ئاستی بەپیتی و مردن پێشان دەدات کە بۆ مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەکار هاتوون. ڕێژەی بەپیتی بەپێی تەمەن لە ڕووپێوی دیمۆگرافیی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە[٢٤] و بە سەر کۆمەڵەی ڕێژەی گشتیی بەپیتی (TFR) دا جێبەجێکراوە. خشتەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژیان وەکو مۆدێلی شێوازی مردن بەکار هاتووە.

وا گریمانە دەکرێت کە کۆی ڕێژەی بەپیتی لە ٣,١ منداڵ بۆ هەر ژنێک لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٢,٥ منداڵ بۆ هەر ژنێک لە ساڵی ٢٠٤٠ کەم ببێتەوە و گریمان کراوە کە پێشبینیی ژیان لەکاتی لەدایکبوون لە ٧٣,٨ ساڵ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٧٧,٧ لە ساڵی ٢٠٤٠ بۆ نێرەکان و لە ٧٦,٦ ساڵەوە بۆ ٨٠,٧ ساڵ بۆ مێینەکان لە ماوەی مەزەندەکەدا زیاد بێت. کۆچکردن لەم مۆدێلەدا نییە. پێشنیاز دەکرێت لە توێژینەوەکانی داهاتوودا شیکردنەوە بۆ ئەم پێکهاتەیە بکرێت لە بەر ئەوەی پێویستە پەرە بە گریمانەی قوڵتر بدرێت لە سەر بنەمای سیناریۆی ئابووری و سیاسی کە پشت ئەستور بن بە تێڕوانینی ناوچەیی لە ساڵانی داهاتوودا.

**خشتەی ٤-١: گریمانەکانی مەزەندەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان**

| | ٢٠٢٠ | ٢٠٢٥ | ٢٠٣٠ | ٢٠٣٥ | ٢٠٤٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی ڕێژەی بەپیتی | ٣,١ | ٢,٩٥ | ٢,٨ | ٢,٦٥ | ٢,٥ |
| پێشبینیی ژیان بۆ ڕەگەزی نێر | ٧٣,٨ | ٧٤,٨ | ٧٥,٨ | ٧٦,٧ | ٧٧,٧ |
| پێشبینیی ژیان بۆ ڕەگەزی مێ | ٧٦,٦ | ٧٧,٦ | ٧٨,٧ | ٧٩,٨ | ٨٠,٧ |

### ٤-٣- ئەنجامەکان

بەکارهێنانی گریمانەکانی سەرەوە ڕێنیشاندەرن بۆ مەزەندەکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. وەک لە خشتەی ٤-٢ دا خراوەتە ڕوو، پێشبینی دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٢٧ بگاتە ٧ ملیۆن و تا ساڵی ٢٠٣٤ -یش ٨ ملیۆن. بە گشتی ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا بە نزیکەی ٢,٦٨ ملیۆن کەس زیاد دەبێت، کە ئەمە واتە ٤٣٪ زۆربوون. ئەم زۆربوونە یەکسانە بە زۆربوونی ساڵانەی ١,٨٢٪ بە تێکڕایی. ڕێژەی ڕەگەز لە کۆی دانیشتوانەکە پێشانی دەدات کە هەرێمی کوردستان بە یەکسانی لە نێوان نێر و مێدا دابەش بووە.


[٢٤] بەشی ٢-٥.

**خشتەی ٤-٢: پێشبینیی دانیشتوان (٢٠٢٠-٢٠٤٠) بە پێی ڕەگەزبۆ هەرێمی کوردستان.**


| ساڵ | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٠ | ٣,١٠١,٢٠٥ | ٣,٠٦٩,٨٧٨ | ٦,١٧١,٠٨٣ |
| ٢٠٢١ | ٣,١٦٥,٩٧٠ | ٣,١٣٢,٥٥٤ | ٦,٢٩٨,٥٢٤ |
| ٢٠٢٢ | ٣,٢٣١,٤٦٣ | ٣,١٩٥,٨٧٥ | ٦,٤٢٧,٣٣٨ |
| ٢٠٢٣ | ٣,٢٩٧,٧٧٩ | ٣,٢٥٩,٩٠١ | ٦,٥٥٧,٦٨٠ |
| ٢٠٢٤ | ٣,٣٦٤,٩٠٢ | ٣,٣٢٤,٦١٤ | ٦,٦٨٩,٥١٦ |
| ٢٠٢٥ | ٣,٤٣٢,٧٥٠ | ٣,٣٨٩,٩٤٥ | ٦,٨٢٢,٦٩٥ |
| ٢٠٢٦ | ٣,٥٠١,١٩٠ | ٣,٤٥٥,٨٠١ | ٦,٩٥٦,٩٩١ |
| ٢٠٢٧ | ٣,٥٧٠,٠٩٣ | ٣,٥٢٢,٠٨٩ | ٧,٠٩٢,١٨٢ |
| ٢٠٢٨ | ٣,٦٣٩,٣٥٥ | ٣,٥٨٨,٧٠٩ | ٧,٢٢٨,٠٦٤ |
| ٢٠٢٩ | ٣,٧٠٨,٨٧٦ | ٣,٦٥٥,٥٦٦ | ٧,٣٦٤,٤٤٢ |
| ٢٠٣٠ | ٣,٧٧٨,٥٧٩ | ٣,٧٢٢,٥٧٥ | ٧,٥٠١,١٥٤ |
| ٢٠٣١ | ٣,٨٤٨,٣٩٩ | ٣,٧٨٩,٦٦٥ | ٧,٦٣٨,٠٦٤ |
| ٢٠٣٢ | ٣,٩١٨,٢٨٣ | ٣,٨٥٦,٧٧٦ | ٧,٧٧٥,٠٥٩ |
| ٢٠٣٣ | ٣,٩٨٨,١٦٥ | ٣,٩٢٣,٨٤٠ | ٧,٩١٢,٠٠٥ |
| ٢٠٣٤ | ٤,٠٥٧,٩٤٩ | ٣,٩٩٠,٧٦٠ | ٨,٠٤٨,٧٠٩ |
| ٢٠٣٥ | ٤,١٢٧,٤٧٦ | ٤,٠٥٧,٣٨٧ | ٨,١٨٤,٨٦٣ |
| ٢٠٣٦ | ٤,١٩٦,٥٥٦ | ٤,١٢٣,٥٣٩ | ٨,٣٢٠,٠٩٥ |
| ٢٠٣٧ | ٤,٢٦٥,٠٠٥ | ٤,١٨٨,٩٧٦ | ٨,٤٥٣,٩٨١ |
| ٢٠٣٨ | ٤,٣٣٢,٧٦٦ | ٤,٢٥٣,٦٤٠ | ٨,٥٨٦,٤٠٦ |
| ٢٠٣٩ | ٤,٣٩٩,٩٠٢ | ٤,٣١٧,٥٧٩ | ٨,٧١٧,٤٨١ |
| ٢٠٤٠ | ٤,٤٦٦,٦٠٧ | ٤,٣٨٠,٩٥٨ | ٨,٨٤٧,٥٦٥ |

هەرەمەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٤٠ لە وێنەکانی ٤-١ و ٤-٢ دا پێشان دراون. بەراوردکردنی هەر دوو هەرەمی دانیشتوان ئاماژە بەوە دەکات کە پێشبینی دەکرێت دابەشبوونی تەمەن و ڕەگەز ڕەنگدانەوەیەکی تەسکتریان هەبێت، چونکە پێشبینی دەکرێت ڕێژەی دانیشتوانی خوار ١٥ ساڵ لە ٣٤,٧٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٢٧,٨٪ لە ساڵی ٢٠٤٠ دا کەم ببێتەوە. هەروەها، ئەو ژمارەیە ئاماژە بە زۆربوونی دانیشتوانی بەساڵاچوو دەکات چونکە پێشبینی دەکرێت ڕێژەی دانیشتوانی ٦٥+ لە ٤,٦٪ بۆ ٧,٢٪ بەرز ببێتەوە.

وێنەی 4-1: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، 2020




وێنەی 4-2: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، 2040




لە ئەنجامە وردەکانی مەزەندەکانی دانیشتوانەوە، چەندین نیشاندەر بەدەست هاتوون و لە خشتەی ٤-٣ دا پێشان دراون. لە ئەنجامی گواستنەوەی دیمۆگرافیدا، پێشبینی دەکرێت ڕێژەی پشتپێبەستنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ٦٤٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٥٧٪ لە ساڵی ٢٠٣٠ دابەزێت. لەماوەی دەیەی دواتردا هەرێمی کوردستان کەمبوونەوەی خاوتر لە ڕێژەی پشتپێبەستندا بەخۆوە دەبینێت بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٤٠ بگاتە ٥٤٪. ڕەوتێکی

هاوشێوە لە ناوەندی تەمەن دا ڕەنگی داوەتەوە کە لە ٢٢ ساڵەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٨ ساڵ و لە ڕێژەی منداڵ-ژن لە ٤٧٪ دەچێت بۆ ٣٧٪. ئەم گۆڕانکاریيانە کە پێکهاتەی تەمەن بەرەو پیری دەبەن، کاریگەریی خۆیان دەبێت لەسەر دووئەوەندە بوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی لەساڵی ٢٠٢٠ لە ٣٤ ساڵەوە زیاد دەکات بۆ ٤٨ ساڵ لەساڵی ٢٠٤٠ دا.

خشتەی ٤-٣: نیشاندەرەکانی دیمۆگرافی کە لە مەزندەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون.

| | ٢٠٢٠ | ٢٠٢٥ | ٢٠٣٠ | ٢٠٣٥ | ٢٠٤٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ڕەگەز | ١٠١ | ١٠١,٣ | ١٠١,٥ | ١٠١,٧ | ١٠٢ |
| ڕێژەی پشتپێبەستن | ٦٤٪ | ٦٢٪ | ٥٧٪ | ٥٥٪ | ٥٤٪ |
| ناوەندی تەمەن | ٢٢ | ٢٤ | ٢٥ | ٢٧ | ٢٨ |
| ڕێژەی گشتیی منداڵبوون (Gross Reproductive Rate - GRR) | ١,٥١ | ١,٤٤ | ١,٣٦ | ١,٢٩ | ١,٢٢ |
| ڕێژەی بێگەردی منداڵبوون (Net Reproductive Rate - NRR) | ١,٤٥ | ١,٣٨ | ١,٣٢ | ١,٢٥ | ١,١٨ |
| تێکڕای تەمەنی منداڵبوون | ٢٩,١ | ٢٨,٩ | ٢٨,٨ | ٢٨,٧ | ٢٨,٧ |
| ڕێژەی منداڵ-ژن | ٤٧٪ | ٤٣٪ | ٤١٪ | ٣٩٪ | ٣٧٪ |
| ڕێژەی خاوی لەدایکبوون لە ١,٠٠٠ (Crude Birth Rate – CBR) | ٢٤,٨ | ٢٣,٦ | ٢٢,٣ | ٢٠,٧ | ١٩,١ |
| لەدایکبوونی چاوەڕوانکراو (بە هەزار) | ١٥٣,٠٧٦ | ١٦٠,٩٤٥ | ١٦٦,٩٢٤ | ١٦٩,٦٩٩ | ١٦٨,٦٣٥ |
| ڕێژەی خاوی مردن لە ١,٠٠٠ (Crude Death Rate – CDR) | ٤,٣ | ٤,١ | ٤ | ٤,١ | ٤,٤ |
| مردنی چاوەڕوانکراو (بە هەزار) | ٢٦,٦١١ | ٢٧,٧٦٥ | ٣٠,٢١٣ | ٣٣,٥٤٥ | ٣٨,٥٥١ |
| ڕێژەی گەشەی سروشتی (%) | ١,٩٣ | ١,٨ | ١,٦٥ | ١,٤٩ | ١,٣٦ |
| کاتی دوو ئەوەندەبوون | ٣٤,٢ | ٣٥,٩ | ٣٨,٤ | ٤٢ | ٤٧,٥ |

## ٤-٤- کاریگەرییەکانی داینامیکەکانی دانیشتوان لەسەر سیاسەتەکان

خشتەی ٤-٤ ئەنجامی زیاتری ئەو مەزندەیانە دەخاتە ڕوو کە ژمارە و ڕێژەی سەدیی گروپە دەستنیشانکراوەکانی تەمەن دەخاتەڕوو کە لەوانەیە وەک داتایەک بەکار بهێنرێن بۆ مەبەستی پلاندانان و تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لەوانە تەندروستیی منداڵ، تەندروستیی منداڵبوون، پەروەردە، هێزی کار، چاودێریی بەساڵاچوان و پاراستنی کۆمەڵایەتی. گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە پێشبینی دەکرێت قەبارەی بەشە جیاوازەکانی دانیشتوان بە خێراییەکی جیاواز بگۆڕێت. بۆ نموونە، پێشبینی دەکرێت ژمارەی منداڵانی خوار ٥ ساڵ، بە تێپەڕبوونی کات بە هێواشی زیاد بکات، کاتێک ئاستی بەپیتی کەم دەبێتەوە. لە ئەنجامدا ڕێژەی منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵ بە کۆی ژمارەی دانیشتوان لە ١٢,٣٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٩,٤٪ لە ساڵی ٢٠٤٠ کەم دەبێتەوە.

بەهەمان شێوە، منداڵان لە گروپی تەمەنی ٥ بۆ ١٤ ساڵ لە ١,٣٨ ملیۆنەوە بۆ ١,٦٣ ملیۆن زیاد دەبن، کە لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی دانیشتوان (٢٢,٤٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ١٨,٤٪ لە ساڵی ٢٠٤٠) دەگونجێت.
منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە ٣٤,٧٪ بۆ ٢٧,٨٪ کەمدەبنەوە و بە دابەزینی تەنیا شەش خاڵ لە ماوەی دوو دەیەدا، ڕەنگە هەرێمی کوردستان سوود خەڵاتی دیموگرافی وەرنەگرێت. چەندین وڵاتی ئاسیایی ١٠٪ دابەزینیان بەدەست هێناوە لە ڕێژەی ٠-١٤ی دانیشتوان، لەوانە چین (٣٦٪ لە ساڵی ١٩٨٠ بەرامبەر ٢٥٪ لە ساڵی ٢٠٠٠، مالیزیا (٣٣٪ لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٣٪ لە ساڵی ٢٠٢٠) و سەنگاپور (لە ٣٣٪ لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ٢١٪ لە ساڵی ١٩٩٥)[٢٥]. ئەگەر دابەزینی زیاتری ئاستی بەپیتی لە هەرێمی کوردستان بێتەدی، زیادبوونی وەبەرهێنان لەسەر سەرمایەی مرۆیی دەتوانێت پەنجەرەیەکی دیموگرافی بکاتەوە کە دەتوانێت ئابووری بەهێز بکات.
بەپێی گریمانەکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان، داینامیکی دانیشتوان دەبێتە هۆی کۆمەڵگایەکی بەتەمەنتر کە ژمارەی بەساڵاچوان (+٦٥) لە ساڵی ٢٠٤٠ زیاتر لە دوو ئەوەندەی ئەوانە دەبێت کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا هەبوون. بە ژمارەی ڕەها، ژمارەی دانیشتوانی سەروو ٦٥ لە ٢٨١ هەزارەوە بۆ ٦٤٠ هەزار کەس زیاد دەبێت. ئەم زیادبوونە کاریگەریی لەسەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی تەندروستی هەیە.

خشتەی ٤-٤: مەزەندەکانی دانیشتوان (٢٠٢٠-٢٠٤٠) بۆ گروپە دیارکراوەکانی تەمەن

| | ٢٠٢٠ | ٢٠٢٥ | ٢٠٣٠ | ٢٠٣٥ | ٢٠٤٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوان ٠-٤ | ٧٥٧,٢١٣ | ٧٦٩,٢٦٥ | ٨٠٥,٢٧٢ | ٨٢٦,٩٤٠ | ٨٢٩,٦٦٠ |
| ڕێژەی سەدیی ٠-٤ | ١٢,٣ | ١١,٣ | ١٠,٧ | ١٠,١ | ٩,٤ |
| دانیشتوان ٥-١٤ | ١,٣٧٩,٤٥١ | ١,٤٥٢,٣١٦ | ١,٥١٩,٦٩١ | ١,٥٦٨,٣٩٩ | ١,٦٢٦,٥٣٣ |
| ڕێژەی سەدیی ٥-١٤ | ٢٢,٤ | ٢١,٣ | ٢٠,٣ | ١٩,٢ | ١٨,٤ |
| دانیشتوان١٥-٢٤ | ١,٢٢٨,٩٥٠ | ١,٣٤٨,٧٢٨ | ١,٣٧٥,٤٠٨ | ١,٤٤٨,٥٤٢ | ١,٥١٦,١٤٧ |
| ڕێژەی سەدیی ١٥-٢٤ | ١٩,٩ | ١٩,٨ | ١٨,٣ | ١٧,٧ | ١٧,١ |
| دانیشتوان ١٥-٤٩ | ٣,٢٤١,٥٩٦ | ٣,٦١٩,٩٣٥ | ٣,٩٧٥,٧٥٢ | ٤,٣٣٠,٢٠٩ | ٤,٦١٦,٠٤٢ |
| ڕێژەی سەدیی ١٥-٤٩ | ٥٢,٥ | ٥٣,١ | ٥٣,٠ | ٥٢,٩ | ٥٢,٢ |
| دانیشتوان ١٥-٦٤ | ٣,٧٥٣,٠٤٧ | ٤,٢١٧,٦٥٨ | ٤,٧٦٧,٢٦٤ | ٥,٢٨٩,٧٧٨ | ٥,٧٥١,٦٥٩ |
| ڕێژەی سەدیی ١٥-٦٤ | ٦٠,٨ | ٦١,٨ | ٦٣,٦ | ٦٤,٦ | ٦٥,٠ |
| دانیشتوان +٦٥ | ٢٨١,٣٧٢ | ٣٨٣,٤٥٧ | ٤٠٨,٩٢٧ | ٤٩٩,٧٤٤ | ٦٣٩,٧١٢ |
| ڕێژەی سەدیی +٦٥ | ٤,٦ | ٥,٦ | ٥,٥ | ٦,١ | ٧,٢ |
| مێ ١٥-٤٩ | ١,٦١٣,٠٥٤ | ١,٧٩١,٥٦٤ | ١,٩٥٣,٧٣٥ | ٢,١١٦,٧٦٦ | ٢,٢٤٥,٣٤٥ |
| دانیشتوان ٦-١١ | ٨٢٩,٤٠٠ | ٨٧٦,٨٠٧ | ٩٢٣,٦٦٩ | ٩٥١,١٧٦ | ٩٨٢,٩٩١ |
| دانیشتوان ١٢-١٤ | ٤٠٧,٨١٩ | ٤١٥,٥٦٩ | ٤٣٩,٣٥٢ | ٤٥٤,٣٤٦ | ٤٧٧,٥٧٦ |
| دانیشتوان ١٥-١٧ | ٤١١,٨١٤ | ٤٠٧,٥٠٧ | ٤٢١,٧٨٦ | ٤٦٢,٩٢٧ | ٤٦٤,١٥٢ |

[٢٥] نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشی دانیشتوان، بەشی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئاسۆکانی دانیشتوانی جیهان ٢٠١٩.
https://population.un.org/wpp/

خشتەی ٤-٥ داشبۆردێک پێشان دەدات بۆ یارمەتیدانی بەرنامەداڕێژەران بۆ ڕەچاوکردنی داینامیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەکاتی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بەشێوەیەک کە پێویستییەکانی چینە جیاوازەکانی خەڵک دەستنیشان دەکات و لەهەمان کاتدا تەرخانکردنی ناڕەوای سەرچاوەکان کەمدەکاتەوە. بۆ هەر بەرنامەیەک ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی مەبەست لە دەیەکەدا هەژمار کراوە و بەرنامەکە پۆلێن کراوە بۆ یەکێک لەم پۆلێنانەی خوارەوە بە پشتبەستن بە ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی مەبەست، کە پۆلی A ئاماژە بە ڕێژەیەک دەکات کە لەخوار ١٠٪ ە، پۆلی B ئاماژە بە ڕێژەیەک دەکات کە لە نێوان ١٠٪ و <٢٠٪ ە، پۆلی C ئاماژە بە ڕێژەیەک دەکات کە لە نێوان ٢٠٪ و <٣٠٪ ە، و پۆلی D ئاماژە بە ڕێژەیەک دەکات کە ٣٠٪ یان زیاترە[٢٦].

ئەگەر بەرنامەیەک بکەوێتە پۆلی "A" ئەوا بەرزبوونەوەی هێواش لە گروپی مەبەست ڕێگە دەدات بە باشتربوونی کوالێتیی خزمەتگوزاری، و بە ئاستێکی بەرزتر لە دادپەروەری لە نێو دانیشتواندا. ئەگەر بەرنامەکە بکەوێتە پۆلی "B"، ئەوا سەرچاوەی زیاتر پێویستە بۆ باشترکردنی کوالێتی یان دادپەروەری. پۆلێنەکانی "A" و "B" بە کار دێن لە پەروەردە (بڕوانە بەشی داهاتوو لەسەر کوالێتیی کاریگەریی بەرهەمهێنان لە سەر پەروەردە) و بۆ تەندروستیی منداڵبوون (بە ڕەچاوکردنی ئاستی بەرزی پێداویستییە دابیننەکراوەکان) لەبەر ئەوەی باشترکردنی کوالێتی و دادپەروەری زۆر گرینگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "هیچ کەس بە جێ نەماوە". هەرچەندە بەرنامەکانی گەنجان و خستنە سەر کار لە پۆلەکانی "A" یان "B" دا پۆلێن کراون، بەڵام پێویستە ئاستی بەرزی ئێستای بێکاری لە نێو گەنجاندا و حەزی کۆچکردن لە نێو گەنجاندا لەبەرچاو بگیرێت. نەخشەدانانی پرۆگرامێکی گشتگیرتر بۆ ڕێبازی بازنەی ژیان لە منداڵییەوە تا هەرزەکاری پێویستە لەبەرچاو بگیرێت چونکە ڕەنگە ئەم کۆمەڵەی تەمەنە ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری بۆ ئایندەیەکی باشتری هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی تر، ئەگەر بەرنامەیەک بکەوێتە ناو پۆلی "C" ئەوا پاراستنی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان دەبێتە ئاڵنگاری و پێویستە گرینگیی زیاتر بدرێت بە سیاسەتەکان و تەرخانکردنی سەرچاوە. لە کۆتاییدا، ئەگەر بەرنامەکە بکەوێتە ناو پۆلی "D" ئەوا پارێزگاریکردن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری دەبێتە ئاڵنگارییەکی گەورە و گرینگییەکی زۆر زیاتر بە سیاسەتەکان و تەرخانکردنی سەرچاوە پێویستە لەگەڵ گۆڕینی پارادایم لە دیزاین و جێبەجێکردنی دەستێوەردانە کاریگەر و کاراکان. پۆلەکانی "C" و "D" بەسەر درووستکردنی کار و خزمەتگوزاریی پێویست بۆ دانیشتوانی بەساڵاچوو و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵبوون دا جێبەجێ دەکرێن.

هەروەک لە داشبۆردەکەوە پێشان دراوە، پێویستە سەرچاوەی زیاتر ئاراستەی ڕەخساندنی کار بکرێت چونکە هێزی کار لە ماوەی دەیەی ٢٠٢٠ دا ٢٧٪ گەشە دەکات و لە ماوەی دەیەی ٢٠٣٠ دا ٢١٪ گەشە دەکات. بەشداریی هێزی کار لەوانەیە بە تایبەتی لە نێو مێینەکاندا زیاد بکات کە خواستێکی گەورەتر لەسەر کار درووست دەکات. بەشێکی دیکەی دانیشتوان کە بە ڕێژەیەکی زۆر زیاد دەبێت بریتییە لە دانیشتوانی تەمەن ٦٥+. بەپێی

[٢٦] پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم پۆلێنکردنە بابەتییانەیە و دەکرێت بەپێی تازەکردنەوەکانی داهاتووی خەمڵاندنەکانی دانیشتوان هەموار بکرێتەوە.

ئەنجامەکانی مەزەندەکانی دانیشتوان، دانیشتوانی بەساڵاچووی هەرێمی کوردستان ئەو بەشەی دانیشتوانە کە بەرزترین بەشی لە گەشەکردن هەیە بەو پێیەی لە دەیەی ئێستادا ٤٥٪ و لە دەیەی داهاتوودا ٥٦٪ زیاد دەکات. ئەم جۆرە زیادبوونە پەیوەندیی بە ئاستێکی بەرزی داواکارییەکان لە سەر خزمەتگوزارییەکانی چاودێریکردنی بەساڵاچوان و خزمەتگوزاریی پزیشکی تایبەت بە بەساڵاچوان دەبێت. ئابووریی چاودێریکردن لەوانەیە دەرفەتێک بۆ گەشەی ئابووری پێشکەش بکات لە کاتی دابینکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاودێریکردنی باشتری بەساڵاچوان[27].

خشتەی ٤-٥: داشبوردی دەرهاوێشتەکانی داینامیکەکانی دانیشتوان لەسەرگەشەسەندنی بەردەوام

| گرووپی تەمەن | ٢٠٢٠ - ٢٠٣٠ | ٢٠٣٠ - ٢٠٤٠ | بەرنامە |
|---|---|---|---|
| دانیشتوان ٠-٤ | ٦,٣ | ٣,٠ | چاودێریکردنی منداڵ |
| دانیشتوان ٥-١٤ | ١٠,٢ | ٧,٠ | بەرنامەکانی هەرزەکاری |
| دانیشتوان ١٥-٢٤ | ١١,٩ | ١٠,٢ | بەرنامەکانی لاوان & دامەزراندن |
| دانیشتوان ١٥-٦٤ | ٢٧,٠ | ٢٠,٦ | دامەزراندن |
| ژمارەی دانیشتوان ٦٥+ | ٤٥,٣ | ٥٦,٤ | چاودێریکردنی بەساڵاچوان & پزیشکیی پیری |
| مێینەکان ١٥-٤٩ | ٢١,١ | ١٤,٩ | تەندروستیی منداڵبوون |
| ژمارەی دانیشتوان ٦-١١ | ١١,٤ | ٦,٤ | پەروەردە |
| دانیشتوان ١٢-١٤ | ٧,٧ | ٨,٧ | پەروەردە |
| دانیشتوان ١٥-١٧ | ٢,٤ | ١٠,٠ | پەروەردە |

- دەرفەت بۆ باشترکردنی کوالێتی یان دادپەروەری
- سەرچاوەی زیاتر پێویستە بۆ باشترکردنی کوالێتی یان دادپەروەری
- پارێزگاریکردن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری ئاڵنگارییە
- پارێزگاریکردن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری ئاڵنگارییەکی گەورەیە

پەیوەندیی نێوان داینامیکی دانیشتوان و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەرهاوێشتەکانی پارامیتەری دانیشتوان لەسەر گەشەسەندنی بەردەوام پێویستە لە نزیکەوە چاودێری بکرێت و نوێ بکرێتەوە. ڕێکخستنی دامەزراوەیی بۆ تێکەڵکردنی پرسی دانیشتوان لە گەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستە. ئەم جۆرە ڕێکخستنانە دەبێت بەرپرسیار بن لە دیزاینی بەرنامەکانی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەشدارانە، چاودێریکردنی بەرنامە پەیوەندیدارەکان و هاوئاهەنگکردنی چالاکییەکان لە سەرانسەری ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان، و دروستکردنی زانیاری و پشتگیریکردنی سیاسەتەکانی دانیشتوان لەسەر بنەمای بەڵگە.

[27] ESCWA و UN Women (٢٠١١).

## ٥- سەرمایەی مرۆیی

پەرەپێدانی ئابووری و سەرمایەی مرۆیی دوو چەمکی پێکەوەبەستراون، و گەشەی ئابووری پشت بە هەردوو سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی جەستەیی دەبەستێت. وەبەرهێنان لەم بوارانە تەواوکەری یەکترن و یەکتر بەهێز دەکەن. بۆ ئەوەی هێزی کار بەرهەمهێن بێت پێویستی بە سەرمایەی جەستەیی هەیە، وەک ژێرخان و کەرەستە. لەبەرامبەردا، هێزی کارێکی تەندروست و خوێندەوار دەتوانێت داهاتێکی زیاتری هەبێت و زیاتر وەبەرهێنان بکات بۆ پاڵپشتی و بەردەوامبوونی گەشەی ئابووری[٢٨].

لە بنەڕەتدا، سەرمایەی مرۆیی پێکهاتووە لەو زانیاری و کارامەیی و تەندروستییەی کە خەڵک بە درێژایی ژیانیان کۆیدەکەنەوە و توانای ئەوەیان پێ دەبەخشێت کە هەست بە توانای خۆیان بکەن بۆ بوون بە ئەندامێکی بەرهەمهێن لە کۆمەڵگەدا. وەبەرهێنان لەخەڵک لەڕێگەی خۆراک و چاودێریی تەندروستی و پەروەردە (خوێندن) ی باش و کار و کارامەیی یارمەتیی پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی دەدات و ئەمەش کلیلی کۆتاییهێنان بە هەژاریی دژوار و درووستکردنی کۆمەڵگایەکی گشتگیرترە.

لە ئێستادا وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا گرینگتر بووە چونکە سروشتی کار لە وەڵامدانەوەی گۆڕانکاریی خێرای تەکنەلۆجیایی گەشەی کردووە. بازاڕەکان بە بەردەوامی خواستیان لەسەر ئەو کرێکارانە هەیە کە ئاستی بەرزی سەرمایەی مرۆییان هەیە، بەتایبەتی کارامەییە پێشکەوتوە مەعریفی و کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتییەکان. کاتێک سەرمایەی مرۆیی بەرەو پێش دەچێت، خەڵک زیاتر لە کۆمەڵگەدا تێکەڵاو دەبن و زیاتر بەرگەی دەگرن، بۆیە دەگەنە کۆمەڵگەیەکی گشتگیرتر کە گرژیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کەمتری تێدایە. لە درێژخایەندا، وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی ڕێگە بە جووڵەی کۆمەڵایەتی دەدات و ئاستی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا کەم دەکاتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٨ دا بانکی جیهانی پرۆژەی سەرمایەی مرۆیی (Human Capital Project - HCP) ی دەستپێکردووە، کە کار بۆ بەرزکردنەوەی وەبەرهێنانی کاریگەر لە خەڵکدا دەکات، کە ئەمە بەرهەمهێنبوون و گەشەی ئابووری زیاتر دەکات، هەروەها بەرەوپێشچوون بەرەو ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام خێراتر دەکات. یەکێک لە کۆڵەکەکانی پرۆژەی سەرمایەی مرۆیی، نیشاندەری سەرمایەی مرۆییە (Human Capital Index - HCI). نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی (HCI) بۆ ئەوە دیزاین کراوە کە پێشبینی بکات منداڵێک کە ئەمڕۆ لەدایک دەبێت کاتێك کە تەمەنی بوو بە ١٨ ساڵ بڕی ئەو سەرمایە مرۆییەی بەدەستی دێنێت چەند دەبێت، ئەمەش بۆ مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی سیاسیی پێویست بۆ هەنگاوی کارڵێك (کاتالیتیک) لەسەر ئاستی جیهانییە.

نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی پشکی تەندروستی و پەروەردە لە بەرهەمهێنبوونی نەوەی داهاتووی کرێکاران دیار دەکات. وڵاتان ئەمە بەکاردەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی بڕی داهاتیان لە ڕێگای حیسابکردنی کەلێنی سەرمایەی مرۆیی، و ئاستی ئەو خێراییەی دەتوانن ئەم زیانانە بۆ ئەو دەستکەوتانە بگۆڕن کە زیاتر، یان بەشێوەیەکی سادە کاریگەرتر، لە سەرمایەی مرۆییدا وەبەرهێنان دەکەن.

[٢٨] بانکی جیهانی (٢٠٢٠).

پێکهاتەکانی نیشاندەرەکە (ژین (مانەوە لە ژیان)، خوێندن، تەندروستی) پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەلایەنی کەم سێ ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام، کە وڵاتانی جیهان دایانناوە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەدەستیبێنن، هەیە.

- **ژین تاکو تەمەنی ٥ ساڵی:** بە ڕەچاوکردنی مردنی منداڵی ژێر ٥ ساڵ، نیشاندەرەکە بە نیشانەی ٣,٢ لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام دەبەسترێتەوە (بۆ کەمکردنەوەی مردنی منداڵ بۆ ١٢ لە هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو یان کەمتر و مردنی خوار ٥ ساڵ بۆ ٢٥ لە هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو یان نزمتر لەوەش).
- **فێربوون:** نیشاندەرەکە پێوانەیەکی هاوئاهەنگکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوە لە پرۆگرامەکانی تاقیکردنەوەی گەورەی نێودەوڵەتیی دەستکەوتی قوتابی و هەروەها پێوانەیەکی داهینەرانەی فێربوون، ساڵانی هەموارکراوی خوێندن لەسەر بنەمای فێربوون، کە پاڵپشتی لە ئامانجی ٤,١ (بۆ دڵنیابوون، لە نێو شتەکانی تر، لە تەواوکردنی دادپەروەرانە و کوالێتی بەرزی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی) لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام دەکات، لەخۆ دەگرێت. بە شۆپاندنی (ڕەسەدکردنی) گۆڕانکارییەکان لە ساڵانی پێشبینیکراو بۆ خوێندنی یەکسانکراو لە ڕووی کوالێتییەوە، وڵاتان دەتوانن چاودێریی دەستکەوتەکانیان بۆ ئەم ئامانجە پەروەردەییە بکەن.
- **تەندروستی:** نیشاندەرەکە ڕێژەی ژین بۆ کەسە گەورەکان و بڵاوبوونەوەی کورتەباڵایی لە نێو منداڵاندا لەخۆ دەگرێت. ڕێژەی ژین (مانەوە لە ژیان) بۆ گەوران ئەو ئەگەرە پێشان دەدات کە کەسێکی تەمەن ١٥ ساڵان، تا تەمەنی ٦٠ ساڵ بژیێت. بۆ باشترکردنی ئەم نیشاندەرە، وڵاتان دەبێت کار لەسەر کەمکردنەوەی هۆکارەکانی مردنی پێشوەختە بکەن، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجی ٣,٤ لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام. بڵاوبوونەوەی کورتەباڵایی لە نێو منداڵانی خوار ٥ ساڵیدا یەکێکە لە نیشاندەرە سەرەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ٢,٢ لە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام، کە مەبەستیەتی تا ساڵی ٢٠٣٠ کۆتایی بەهەموو شێوەکانی بەدخۆراکی بهێنێت.

ئەم نیشاندەرە ئامانجی ئەوەیە سەرنج ڕابکێشێت بۆ مەودایەکی فراوان لە کردارەکان لە نێوان چەند کەرتێکدا کە دەتوانن سەرمایەی مرۆیی دروست بکەن و بەرەوپێشچوون بەرەو ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام (SDGs) خێراتر بکەن.

نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی (HCI) لە عێراقدا[٢٩] لە ساڵی ٢٠٢٠ نمرەی ٠,٤١ بەدەست دێنێت، واتە منداڵێک کە ئەمڕۆ لە عێراق لەدایک بووە لە ئەگەری تەواوکردنی خوێندن و هەبوونی تەندروستییەکی تەواو، کاتێک گەورە دەبێت لە سەدا ٤١ بەرهەمدار دەبێت. ئەمە کەمترە لە تێکڕای ڕێژەکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و وڵاتانی خاوەن داهاتی سەروو مامناوەندی. وەک لە خشتەی ٥-١ دا خراوەتە ڕوو، ئەو هێما لاوەکییانەی کە کۆ دەکرێنەوە بۆ پێکهێنانی نیشاندەری تێکەڵ بریتین لە:

[٢٩] بانکی جیهانی (٢٠٢٠) نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی عێراق.
https://databank.worldbank.org/data/download/hci/HCI_٢pager_IRQ.pdf?cid=GGH_e_hcpexternal_en_ext

١) ئەگەری ژین تاکو تەمەنی ٥ ساڵی. ٩٧ منداڵ لە ١٠٠ منداڵ کە لە عێراقدا لەدایک دەبن تا تەمەنی ٥ ساڵی دەژین.

٢) ساڵانی پێشبینیکراوی قوتابخانە. لە عێراق منداڵێک کە لە تەمەنی ٤ ساڵیدا دەست بە خوێندن دەکات، دەتوانێت پێشبینی تەواوکردنی ٦,٩ ساڵی خوێندن بکات کاتێك تەمەنی دەگاتە ١٨ ساڵ.

٣) نمرە یەکسانکراوەکانی تاقیکردنەوە. قوتابییان لە عێراق ٣٦٣ خاڵ تۆمار دەکەن لە پێوەرێک کە تیایدا ٦٢٥ نیشانەی بەرزترین دەستکەوتە و ٣٠٠ نیشانەی کەمترین دەستکەوتە.

٤) ساڵانی هەموارکراوی خوێندن لەسەر بنەمای فێربوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە منداڵان بە راستی فێر دەبن، ساڵانی پێشبینیکراوی قوتابخانە تەنیا ٤ ساڵە.

٥) رێژەی ژینی گەوران. لە سەرانسەری عێراق ٨٤٪ ی کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ تا تەمەنی ٦٠ ساڵ دەژین. ئەم ئامارە نوێنەری کۆمەڵێك لەو مەترسییانەی تەندروستییە کە لە ئەگەری مانەوەی هەڵومەرجی ئێستا منداڵێکی لەدایکبووی ئەمڕۆ تا کاتی پێگەیشتنی رووبەروویان دەبێتەوە.

٦) گەشەی تەندروست (رێژەی ناکورتەباڵایی). لە ١٠٠ منداڵ ٨٧ منداڵ کورتەباڵا نین. لە کۆی ١٠٠ منداڵ ١٣ منداڵ کورتەباڵان و هەروەها لە بەردەم مەترسیی سنورداربوونی مەعریفی و جەستەیی دان کە دەکرێ تەمەنێک بخایەنێت.

خشتەی٥-١: نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی و نیشاندەرە لاوەکییەکانی، عێراق ٢٠٢٠

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| ژین تاکو تەمەنی ٥ ساڵی | ٠,٩٧ | ٠,٩٧ | ٠,٩٨ |
| ساڵانی پێشبینیکراوی قوتابخانە | ٦,٩ | ٦,٧ | ٧,٢ |
| نمرەکانی یەکسانکراوی تاقیکردنەوە | ٣٦٣ | ٣٥٣ | ٣٧٧ |
| ساڵانی هەموارکراوی خوێندن لەسەربنەمای فێربوون | ٤,٠ | ٣,٨ | ٤,٤ |
| رێژەی ژینی گەوران | ٠,٨٤ | ٠,٨٢ | ٠,٨٧ |
| رێژەی دواکەوتن لە گەشەکردن | ٠,٨٧ | ٠,٨٨ | ٠,٨٧ |
| نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی | ٠,٤١ | ٠,٤٠ | ٠,٤٢ |

سەرچاوە: بانکی نێودەوڵەتی

دەرکردنی نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی (HCI) بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە داتا هەیە بۆ نیشاندەرە لاوەکییەکان. رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر (MICS) بۆ رێژەی ژین تاکو تەمەنی ٥ ساڵی و رێژەی ناکورتەباڵایی داتا دابین دەکات[٣٠]. نیشاندەرە لاوەکییەکانی تر پێویستە خەمڵاندنیان بۆ بکرێت. بە پێی ئەو چوارچێوەیەی کە سەرمایەی مرۆیی بە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام دەبەستێتەوە ( شێوەی ٥-١)، پێشنیاز دەکرێت

[٣٠] رێژەی مردنی خوار ٥ ساڵ = ١٧ بۆ هەر ١,٠٠٠ لەدایکبوونێکی زیندوو و رێژەی سەدیی منداڵانی خوار ٥ ساڵ کە کێشەی هەڵنەکشانی باڵایان هەیە = ٤,٩٪.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی سوڕان (دەوری) ئەو نیشاندەرە لاوەکییانە بەرهەم بهێنێت و نیشاندەری سەرمایەی مرۆیی وەک پێوەرێکی بەڵگە-بنەما بەکار بهێنێت بۆ:

- ✯ هەڵسەنگاندنی ئەو سەرمایە مرۆییەی بەردەستییەتی،
- ✯ دەستنیشانکردنی کردارەکان لە نێوان ئەو کەرتە جۆراوجۆرانەی دەتوانن سەرمایەی مرۆیی بنیات بنێن.
- ✯ چاودێری و هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی بازاڕی سەرمایەی مرۆیی (سەرمایەی مرۆیی بەردەست)، و
- ✯ خێراکردنی پێشکەوتن بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەی گەشەسەندنی بەردەوام.

**شێوەی ٥-١: چوارچێوەی سەرمایەی مرۆیی و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام**




## ٦- گەشەسەندنی بەردەوام

### ٦-١- ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام (Sustainable Development Goals – SDGs)

ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام (SDGs) بریتین لە ١٧ ئامانجی جیهانیی پێکەوەبەستراو و ئەجێندای ساڵی ٢٠٣٠ پێک دەهێنن. ئەو ئامانجانە بۆ ئەوە داڕێژراون کە "نەخشەیەکی گشتی بن بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی باشتر و بەردەوامتر بۆ هەمووان". ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی UN دانراون و نیاز وایە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەدەست بهێنرێن. مەبەستەدیارکراوەکانی هەر یەک لە ئامانجەکان هاوکات لە گەڵ نیشاندەرەکان، کە بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوون بۆ هەر یەک لە ئامانجەکان بە کاردەهێنرێن، پێناسە کراون. گرینگە لەکاتی شیکردنەوەی بارودۆخی دانیشتوان ڕەچاوی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام بکەین لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجانە وێنەیەکی فراوانتر پێشکەش دەکەن کە تیایدا خەڵک، خۆشگوزەرانی، ئاشتی، هاوبەشی، و هەسارەی زەوی دەردەکەون.

چاودێریکردنی ئەدای هەرێمی کوردستان لەبارەی نیشاندەرەکانی SDG ڕێگەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویات و نەهێشتنی کەلێنەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن (Monitoring and Evaluation - M&E) بۆ چاودێریکردنی بەرەوپێشچوونی SDGs پێویستی بە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا هەیە کە تێچوویان بەرزە. چەند نیشاندەرێك لە ڕێگەی ڕووپێوە خێزانییەکان بە تایبەتی MICS دەستەبەر کراون. لەکاتی پەرەپێدانی ستراتیژییەکی نوێی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان، پێویستە چاودێریکردنی بەرنامەکانی دانیشتوان پشت بە نیشاندەری تازەکراو ببەستێت. هاوپێچی ٢ لیستی نیشاندەرە بەردەستەکانی SDG بۆ هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت و لە گەڵ ئاستێك بەراورد کراون کە بۆ هەموو عێراق ئەژمار کراوە.

بەراوردکارییەکە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی بەشێک لە ئامانجەکان لە بەشەکانی تری عێراق باشتر کار دەکات و لە بەشێک لە ئامانجەکانی تردا لە دواوەیە. خشتەی ٦-١ پۆختەیەک دابین دەکات کە دەتوانێت بەسوود بێت لە چارەسەرکردنی ئەو بوارانەی کە پێویستە بارودۆخەکەیان باشتر بکرێت.

**خشتەی ٦-١: نیشاندەرەکانی SDGs بۆ هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای عێراق، نزیکترین ساڵ.**


| ئامانج | هەرێمی کوردستان باشتر لە تێکڕای عێراق | هەرێمی کوردستان خراپتر لە تێکڕای عێراق |
|---|---|---|
| ئامانجی ١: کۆتاییهێنان بە هەموو شێوازەکانی هەژاری لە هەموو شوێنێك | | پاراستنی کۆمەڵایەتی |
| ئامانجی ٢: کۆتاییهێنان بە برسیێتی و هێنانەدیی ئاسایشی خۆراک و باشترکردنی خۆراک و برەودان بە کشتوکاڵی بەردەوام | خۆراکی منداڵ | |
| ئامانجی ٣: مسۆگەرکردنی ژیانێکی تەندروست و پێشخستنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموان و لە هەموو تەمەنەکان دا | تەندروستی منداڵ.<br>دووگیانیی پێشوەخت.<br>چاودێری دایکایەتی.<br>بەرگریسازی. | پێویستییە وەڵامنەدراوەکان لە ڕێکخستنی خێزان |
| ئامانجی ٤: دەستەبەرکردنی خوێندنێکی بە کوالێتیی گشتگیر و یەکسان و برەودان بە دەرفەتەکانی فێربوونی هەتاهەتایی بۆ هەمووان | پەیوەندیکردن بە قوتابخانە و وازهێنان.<br>یەکسانبوونی ڕەگەزەکان.<br>کارامەییەکان. | |
| ئامانجی ٥: بەدیهێنانی یەکسانیی ڕەگەزی و بەهێزکردنی ژنان و کچان | هاوسەرگیریی پێشوەخت.<br>دووگیانیی پێشوەخت.<br>خوێندنی ئافرەتان.<br>کارامەییەکانی کۆمپیوتەر لای ئافرەتان. | خەتەنەی مێینە |
| ئامانجی ٦: دڵنیابوون لە بەردەستبوون و بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستی بۆ هەمووان | دەستگەیشتن بە ئاو و کارەبا | |

| | | |
|---|---|---|
| ئامانجی ٧: دڵنیابوون لە گەیشتن بە وزەی گونجاو، باوەرپێکراو، بەردەوام، و مۆدێرن بۆ هەمووان | | وزەی خاوێن |
| ئامانجی ٨: بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابووریی بەردەوام و گشتگیر، دامەزراندنێکی تەواو و پڕ بەرهەم و کاری شیاو بۆ هەمووان | | کارکردنی منداڵ |
| ئامانجی ١٦: برەودان بە کۆمەڵگا ئاشتیخواز و گشتگیرەکان بۆ گەشەسەندنی بەردەوام، دەستەبەرکردنی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ هەمووان و بنیاتنانی دامەزراوە کاریگەر، بەرپرسیار، و گشتگیرەکان لە هەموو ئاستەکاندا | خراپ بەکارهێنانی منداڵ.<br>پارێزراوی.<br>جیاکاری لە دژی ئافرەتان. | |

### ٦-٢- خەڵاتی دیمۆگرافی و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام

خەڵاتی دیمۆگرافی بریتییە لە گەشەی خێرای ئابووری کە دەتوانێت بەرەنجامی باشبوونی تەندروستیی منداڵبوون، دابەزینی خێرای بەپیتی، و گۆڕانکاریی دوای ئەو لە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان. لەگەڵ کەمبوونی ساڵانەی لەدایکبوون، ژمارەی دانیشتوانی لە تەمەنی کارکردنی وڵات بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی لاوی پشتبەستراو (بچووکتر لە ١٥ ساڵ) زۆرتر گەشە دەکات. لەگەڵ هەبوونی خەڵکانێکی زۆرتر لە هێزی کار و ژمارەیەکی کەمتر لە منداڵ بۆ پاڵپشتیکردن، وڵات پەنجەرەی دەرفەتی گەشەی ئابووریی بەرووبدا دەکرێتەوە، بە مەرجێك وەبەرهێنان و سیاسەتی درووستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، حوکمڕانی و ئابووریدا پەیڕەو بکرێن. چوارچێوەی خوارەوە (شێوەی ٦-١) پێشنیاز کراوە بۆ چەمکی پەیوەندیی نێوان خەڵاتی دیمۆگرافی و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان.

شێوەی ٦-١: چوارچێوەیەک لە خەڵاتی دیمۆگرافی و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام.



ڕەوتی بەرەو دابەزینی بەپێتی لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازی ئەوە دەکات کە هەرێمەکە ڕەنگە بەرەو پەنجەرەی دیمۆگرافی بڕوات[31]. ئەو چوارچێوەیەی کە پەنجەرەی دیمۆگرافی بە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام دەبەستێتەوە لە وێنەی ژمارە ٦-١ پێشان دراوە. بۆ ئەوەی خەڵاتی دیمۆگرافی ببێتە هۆی هەنگاوێکی گەورە لە بەدیهێنانی ئاواتی هەرێمی کوردستان، تێکەڵاوکردنی چوار خاڵی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوامی خوارەوە لە بڕیاردان و پرۆسەی پلاندانانادا گرینگە:

١) ئامانجی ٣: مسۆگەرکردنی ژیانێکی تەندروست و پێشخستنی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان و لە گشت تەمەنەکاندا.
٢) ئامانجی ٤: دەستەبەرکردنی خوێندنێکی بە کوالێتیی گشتگیر و یەکسان و برەودان بە دەرفەتەکانی فێربوونی هەتاهەتایی بۆ هەمووان.
٣) ئامانجی ٥: بەدیهێنانی یەکسانیی ڕەگەزی و تواناسازی و بەهێزکردنی ئافرەتان و کچان.
٤) ئامانجی ٨: بەرەوپێش بردنی گەشەی ئابووریی بەردەوام و گشتگیر و دامەزراندنێکی (سەرکارخستنێکی) تەواو و بەرهەمهێن و کاری شیاو بۆ هەمووان.

ئەم چوارچێوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە دەستەبەرکردنی خوێندنی بەکواڵێتیی گشتگیر و یەکسان و بەرزکردنەوەی دەرفەتەکانی فێربوونی هەتاهەتایی بۆ هەمووان هەڵی یەکسان بۆ هەموو کوڕان و کچانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنن. کاتێک ئەم دەستکەوتە دەبەسترێتەوە بە ١) دەستەبەرکردنی ژیانی تەندروست و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانخۆشی (خۆشگوزەرانی) بۆ هەمووان و ٢) بەدیهێنانی یەکسانی و تواناسازیی ڕەگەزی بۆ هەموو ئافرەتان و کچان، ڕێگاکە بەرەو گەشەیەکی ئابووریی بەهێز، گشتگیر و بەردەوام، سەرکارخستنی (دامەزراندنی) تەواو و بەرهەمدار و کاری شیاو بۆ هەمووان خۆش دەبێت.
بەڵام، دەبێت تێبینی بکرێت کە ژینگەیەکی بەتوانا پێویستە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێزدا سەرکەوتوو بێت. ئەم جۆرە ژینگەی بەتوانا پێویستە ڕەچاوی بەشدارییپێکردنی گەنجان لە پرۆسەی سیاسی لە گشت ئاستەکاندا بکات. ئەمە دەبێت نەک تەنیا وەک مافێکی مرۆیی دابنرێت، بەڵکو پێویستە ڕێگری بکات لە ڕۆیشتنی بەهرەکانی گەنجان بۆ دەرەوە. ئەمە بە تایبەتی ئەو کاتە گرینگە کە ڕەچاوی ئەنجامەکانی ڕووپێوی گەنجان دەکرێت[32]. کاتێك لە ڕووپێوەکە لەبارەی نیازی گەنجان بۆ کۆچکردن پرسیار کراوە، بەرزترین ڕێژەکان لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بوون، کە ٣٥٪ لە سلێمانی، ٣٠٪ لە دهۆک و ٢٦٪ لە هەولێر بووە بە بەراورد بە ڕێژەی نیشتمانی کە ١٣٪ بووە.

[31] لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی پێشان بدرێت ئایا هەرێم بە خەڵاتی دیموگرافیدا تێدەپەڕێت یان نە، پەنجەرەکە چ کاتێك دەکرێتەوە و چەند دەخایەنێت.
[32] UNFPA و UNICEF (٢٠٢٠). ڕووپێوی ڕواڵ و لاوان ٢٠١٩-٢٠٢٠ (بە عەرەبی).

## ٧- یەکسانیی ڕەگەزی

### ٧-١- بەهێزکردنی ئافرەتان

یەکسانیی ڕەگەزی (جێندەری) تەنیا مافێکی بنچینەیی مرۆڤ نییە، بەڵکو بناغەیەکی پێویستە بۆ جیهانێکی ئارام و سەرفراز و سەقامگیر. زۆرێک لە نیشاندەرەکان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ پێوانەکردنی بەهێزکردنی ئافرەتان و یەکسانیی ڕەگەزی پەرەیان پێدراوە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم نیشاندەرانە لەسەر ئاستی وڵات بەرهەمدەهێنن و بە دەگمەن داتا لەسەر ئاستی هەرێمی دەست دەکەوێت. ئەم بەشەی ئێستا ئەو نیشاندەرانە شیدەکاتەوە کە لە لایەن UNDP، کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و بانکی جیهانی لەسەر ئاستی وڵات بەرهەم هێنراون.

نیشاندەری گەشەسەندنی مرۆیی (HDI) بریتییە لە نیشاندەری سەرەکیی بەرنامەی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Development Program - UNDP). ئەو لە ساڵی ٢٠١٩ دا ٠,٦٨٩ی بۆ عێراق تۆمارکرد و لە سەر ئاستی جیهاندا لە پلەی ١٢٠ دا بوو. نیشاندەری گەشەسەندنی ڕەگەز (Gender Development Index - GDI) بۆ مێ ٠,٥٨٧ ە لە بەرامبەر ٠,٧٤٤ بۆ نێر. کەلێنی ڕەگەزی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی سەرانە لە کۆی داهاتی ناوخۆیی (Gross National Income - GNI) و مەزندە کرابوو کە لە نێو ڕەگەزی نێر حەوت ئەوەندەی تێکڕای GNI لە نێو ڕەگەزی مێ بێت[٣٣]. ئەنجامەکانی کەلێنی ڕەگەزیی جیهانی (Gender Global Gap - GGG) بەردەوام بوون، هەروەک لە نێوان ١٥٣ وڵات، عێراق لە ڕیزبەندی ١٥٢ دایە. نیشاندەری لاوەکی سەبارەت بە بەشداری و دەرفەتی ئابووریی کەلێنی ڕەگەزی[٣٤]، عێراق بە خراپترین وڵات لە جیهاندا دادەنێت. ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کاری مێینە (Female Labour Force Participation - FLFP) لە عێراقدا یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکانی جیهان لە ١٣٪ و لە ڕووی کەلێنی ڕەگەزی لە بەشداریکردنی هێزی کار (LFP) لە پلەی ١٥٢ دایە.

نیشاندەرێکی تێکەڵ بۆ ڕەنگدانەوەی ئەوەی ئایا یاساکان ئاسانکاری دەکەن، یان ڕێگری دەکەن لە بەشداریی ئابووریی ئافرەتان، ساڵانە لەلایەن بانکی جیهانییەوە بڵاودەکرێتەوە. ئەو دەریخست کە عێراق نمرەی ٤٥ ی بەدەست هێناوە (بە پێوەری ٠ بۆ ١٠٠). ئەو نیشاندەرەی کە لە دەورووبەری بازنەی ژیانی ئافرەتێکی کرێکار دروست کراوە، هەشت نیشاندەر کورت دەکاتەوە کە لە دەوری هەڵسوکەوتی ئافرەتان لەگەڵ یاسادا، لە کاتی دەستپێکردن، پێشکەوتن تیایدا و کۆتاییهێنان بە پیشەکانیان، درووست کراون و بە کار دێن بۆ یەکخستنی بەشە جیاوازەکانی یاسا لەگەڵ ئەو بڕیارە ئابوورییەی ئافرەتان لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیاندا دەدەن. عێراق نمرەی ١٠٠٪ ی لەسەر ئەو یاسایانەی کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی ئافرەتان بۆ کارکردن هەیە و ٧٥٪ ی لەسەر ڕێگرییەکانی دەستپێکردن و بەڕێوەبردنی کار و بازرگانی لەلایەن ژنان، بەدەست هێناوە. ئەو یاسا و ڕێسایانەی کاریگەرییان لەسەر مووچەی ئافرەتان هەیە، ئەو یاسایانەی کار دەکەنە سەر قەبارەی مووچەی خانەنشینی

---

[٣٣] UNDP (٢٠٢٠) راپۆرتی گەشەسەندنی مرۆیی ٢٠١٩.

[٣٤] WEF (٢٠٢٠). نیشاندەری جیهانیی کەلێنی ڕەگەزی.

ئافرەت، و جیاکاریی ڕەگەزی لە موڵک و میراتدا کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنی ئابووری هەیە کە، بە ڕیزبەند، ڕێژەی ٥٠٪ و ٥٠٪ و ٤٠٪ یان تۆمار کردووە. لەلایەکی تر، ئەو نیشاندەرانەی پەیوەندییان بە جووڵە، هاوسەرگیری، و دایک و باوکایەتییەوە هەیە ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی خەمناکن کە، بە ڕیزبەند، ٢٥٪ و ٠٪ و ٢٠٪ تۆمار کراون. ئەم نمرە زۆر نزمانە ڕێژەی نزمی بەشداریکردنی ئافرەتان لەکارکردندا ڕوون دەکەنەوە.

داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیی دیارکراو بۆ پیاوان (وەک دابینکار) و ژنان (وەک بەرپرسیاری چاودێریکردنی ماڵەوە) دەهێننە کایەوە. ئەنجامەکانی ڕووپێوی بەها جیهانییەکان (World Values Survey) و پێوەری عەرەبی (Arab Barometer) ئەو قورساییە دەردەخات کە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێکخراوەکان، کۆمەڵگەکان و تاکەکان هەیانە؛ و ئەو کاریگەرییەی کە لاگرییە ئاشکرا و شاراوەکان لە دیارکردنی ڕۆڵی ڕەگەز و دەرفەتەکانی بەردەست بۆ ژن و پیاو هەیانە. وەڵامەکانی ڕووپێوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی عێراقییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە خوێندنی زانکۆ بۆ هەردوو ڕەگەز بە شێوەیەکی یەکسان گرینگە. لەلایەکی ترەوە، هەڵوێست بەرامبەر بە مافی یەکسان لەدامەزراندندا، لە دژی ژنان جیاکاریی تێدایە. ئەنجامەکانی هەردوو ڕووپێوەکە ئاماژە بەم دۆزینەوانەی خوارەوە دەکەن:

١) زۆربەی ژنان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە "ژنی ماڵەوەبوون و ماڵداری بە ئەندازەی کارکردن جێی ڕەزامەندییە"، بە جیاوازییەکی کەم لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا.

٢) زۆربەی پیاوان و ئافرەتان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە "پیاوان باشتر لە ئافرەتان کاری بازرگانی بەڕێوە دەبەن"، تەنانەت لە نێو ئافرەتە زۆر خوێندەوارەکانیشدا.

٣) زۆربەی عێراقییەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە "کاتێک کار کەمە، دەبێت پیاوان زیاتر لە ژنان مافی کارکردنیان هەبێت "، و نەوەی گەنجتر کەمتر بەرگەی نایەکسانیی ڕەگەزی دەگرن.

٤) زۆربەی پیاوانی عێراق دژی ئەوە بوون کە "ژنێک خۆی سەفەری دەرەوەی وڵات بکات"، لە بەرامبەردا ژنان کەمتر دژی ئازادیی جوڵەی ژنان بوون.

ئەم داب و نەریتە کۆمەڵایەتییانە کاریگەرییان لەسەر ژنانی عێراق هەبووە، کە ڕووبەڕووی دووجار بارگرانی دەبنەوە و پاڵپشتییەکی کەمی دامەزراوەیی یان خێزانی دەکرێن. ژنان بەرپرسیاری سەرەکین لە بەخێوکردنی منداڵ و چاودێریکردنی بەساڵاچوان و چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کەمئەندامن. ئەمە بارگرانییەکی یەکسانی هەیە چ ئافرەتەکە کار بکات یان کار نەکات[35]. داینامیکی دانیشتوان لە عێراق، کاریگەریی خۆی لەسەر گەورەیی کاری چاودێریکردنی بێ بەرامبەر هەیە چونکە ڕێژەی بەپیتیی ئەم وڵاتە بەرزە[36] (منداڵ بۆ هەر ئافرەتێک). دامەزراوە پەروەردەییەکان وەك پێویست پشتگیری لەو دایکانە ناکەن کە منداڵی بچووکیان هەیە چونکە ئەم وڵاتە تەنیا ٧٧١ داینگە/باخچەی ساوایانی هەیە و ژمارەی منداڵانی خوار ٦ ساڵی کە ناویان تۆمار کراوە تەنیا

[35] ڕووپێوی بەکارهێنانی کات لە عێراق ٢٠٠٧. https://www.unescwa.org/sites/www.unescwa.org/files/publications/files/sd-١٠-tp٣_٠.pdf

[36] دەزگای ناوەندیی ئامار

٣٦,٧ هەزار منداڵن[٣٧]، کە ڕێژەکە دەکاتە ٧٪ بۆ پەیوەندیکردن بە قۆناغی پێش سەرەتایی[٣٨]. لەگەڵ ئەوەش، ڕێژەی پەیوەندیکردن ڕەنگدانەوەی نایەکسانییە چونکە ٥٤٪ ی دایەنگە/باخچەی ساوایانی لە بەغدان. سەرەڕای چاودێریکردنی منداڵ، هەروەها ژنان بەرپرسیارن لە چاودێریکردنی ئەندامە بەساڵاچوو و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی خێزان.

ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوە لەسەر بنەمای ئەو نیشاندەرانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانین کراوە، چونکە هیچ ژمارەیەکی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان بەردەست نییە. لەوانەیە زۆرێک لە دۆزراوەکان بکرێ بەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستانیشدا پیادە بکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، بەرهەمهێنانی نیشاندەرەکانی سەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان، دەتوانێت تێڕوانینەکانی پێویست بۆ سیاسەتی تواناسازی ئافرەتان دابین بکات. ئەوەی لەم بەشە ماوە داتای هەرێمی دەخاتە ڕوو کە دەتوانێت سیاسەتەکانی تواناسازیی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان پێشان بدات.

داتاکانی ڕووپێوی MICS پێشان دەدەن کە یەکسانیی ڕەگەزی لە خوێندنی ناوەندیدا لە بەرژەوەندیی کچانی هەرێمی کوردستان دایە. لە ساڵی ٢٠١٨ ژمارەی ئەو کوڕ و کچانەی کە لە خوێندنی سەرەتاییدا ناویان تۆمار کردووە یەکسان بوو. یەکسانبوونی ڕەگەزی لەگەڵ زیادبوونی تەمەن دا بەرز دەبێت. ١١٢ کچ لە بەرامبەر ١٠٠ کوڕ لە خوێندنی ناوەندی ناویان تۆمارکردوە و بەردەوام دەبێت لە زیادبوون تاکو لە خوێندنی دوا ناوەندی دەگات بە ١٣٨ کچ بۆ هەر ١٠٠ کوڕ. ئەم ژمارانە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترن لەوانەی کە لەسەر ئاستی وڵاتن وەک ئەوەی لە خشتەی ٧-١ دا پێشان دراوە. ڕێژەی بەرزی یەکسانبوونی ڕەگەزی لە خوێندن لە هەر سێ پارێزگا دا زاڵە و بەتایبەتی لە هەولێر بەرزە.

**خشتەی ٧-١: یەکسانبوونی ڕەگەزی بۆ ئەو قوتابیانەی پەیوەندییان کردووە، ٢٠١٨**

| | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ١,٠١ | ١ | ١,٠٢ | ١ | ٠,٩٧ |
| ناوەندی | ١,١٤ | ١,٢٢ | ١,٠٤ | ١,١٢ | ١ |
| دواناوەندی | ١,٤٤ | ١,٤٤ | ١,٢٩ | ١,٣٨ | ١,١٥ |

لە ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێژەی دانیشتوانی چالاک (لە هێزی کاردا) ٤٠٪ ی دانیشتوانی +١٥ ی هەرێمی کوردستان بووە. ڕێژەکە لە نێوان ٣٦٪ لە دهۆک و ٤٢٪ لە سلێمانی بووە. ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان ١٠٪ بووە، ڕێژەکە لە دهۆک بەرزترە (١٦٪) بە بەراورد بە هەولێر یان سلێمانی (٩٪)[٣٩].

[٣٧] نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەو منداڵانەی لە قوتابخانەکانی چاودێریکردنی منداڵان لە تەمەنی زووداں ئەوانەن کە هی دایکانیان کار دەکەن.
[٣٨] https://data.worldbank.org/indicator/SE.PRE.ENRR?view=chart&locations=IQ
[٣٩] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (٢٠١٩). کوردستان بە ژمارە ٢٠١٤-٢٠١٨.

هێزی کاری هەرێمی کوردستان بە یەکسانی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا دابەش بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئافرەتان زیاتر لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، چونکە تەنیا ٢٤٪ ی هێزی کاری ئافرەت لە کەرتی تایبەتدا کار دەکات، لە بەرامبەر ٥٦٪ ی هێزی کاری پیاو. یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی بەشداریکردن بۆ ئافرەت کەرتی تەندروستییە.

داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان ئافرەتان وەک دایک دەناسێنن. کاتژمێرەکانی کارکردنی جۆرەکانی تری کار، کە ڕەنگە لە دوای تاریکی لە دەرەوەی ماڵ بیانهێڵێتەوە، یان ئەو ئەرکانەی کە پێویستییان بە کارکردن لەگەڵ ڕەگەزی نێرینەی دەرەوەری خێزانەکانیان هەیە، بەربەستێکن کە دەبنە هۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕەگەزی مێ کار نەکات. داتای جیاکراوە بە پێی ڕەگەز کەڵێنێکی گەورەی ڕەگەزی لە بەشداریکردن لە هێزی کاردا پێشان دەدات، چونکە ڕێژەکە ٦٦٪ بووە لە نێو ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ١٤٪ لە نێو ڕەگەزی مێ. داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە پارێزگارەکان دژبەکبوونی (پارادۆکسی) یەکسانی لە پەروەردە و نایەکسانی لە دامەزراندندا دروست دەکەن. ئافرەتان لە پەروەردەدا دەستکەوتی باشتریان هەیە بەڵام دەرفەتی یەکسانیان لە دامەزراندندا نییە. ئەم دۆخە تەنیا دژی مافەکانی مرۆڤ نییە بەڵکو بەفیڕۆدانی بەشێکی زۆری سەرمایەی مرۆیی هەرێمی کوردستانە.

داتای کارگێڕی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە گرینگەیە کە ئافرەتان لە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەیگێڕن. وەک لە خشتەی ٧-٢ دا هاتووە، ٤٤٪ ی پزیشکان، ٧٦٪ ی ددانسازان، ٥٩٪ ی دەرمانسازان و ٤٩٪ ی کارمەندانی یاریدەدەری پزیشک لە ڕەگەزی مێن. بە بەراورد لەگەڵ هەموو عێراق، ڕێژەی پزیشکان و دەرمانسازانی مێ کەمێک نزمترە و ڕێژەی پزیشکانی ددان و کارمەندانی یاریدەدەری پزیشکی مێ بەرزترە.

**خشتەی ٧-٢: کارمەندانی تەندروستی بە پێی ڕەگەز، ٢٠١٨**

| | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| پزیشک | | | | | |
| نێر | ٦٥٧ | ١,٦٥٧ | ١,٧٠٥ | ٤,٠١٩ | ١٨,٠٧٣ |
| مێ | ٤٠٣ | ١,٤٧٨ | ١,٢٢٦ | ٣,١٠٧ | ١٥,٣٦٣ |
| کۆی گشتی | ١,٠٦٠ | ٣,١٣٥ | ٢,٩٣١ | ٧,١٢٦ | ٣٣,٤٣٦ |
| % مێ | ٣٨ | ٤٧ | ٤٢ | ٤٤ | ٤٦ |
| پزیشکی ددان | | | | | |
| نێر | ٩٦ | ٤١٢ | ٢٠٦ | ٧١٤ | ٥,١٩١ |
| مێ | ٢٨٧ | ١,٠٩١ | ٩٣٣ | ٢,٣١١ | ١١,٥٢٢ |
| کۆی گشتی | ٣٨٣ | ١,٥٠٣ | ١,١٣٩ | ٣,٠٢٥ | ١٦,٧١٣ |
| % مێ | ٧٥ | ٧٣ | ٨٢ | ٧٦ | ٦٩ |
| دەرمانساز | | | | | |
| نێر | ٨٣ | ٢١٠ | ١٣١ | ٤٢٤ | ٤,٨٠٦ |
| مێ | ٧٥ | ٣٧٠ | ١٥٣ | ٥٩٨ | ٧,٧١٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | ١٥٨ | ٥٨٠ | ٢٨٤ | ١,٠٢٢ | ١٢,٥٢٢ |
| % مێ | ٤٧ | ٦٤ | ٥٤ | ٥٩ | ٦٢ |
| یاریدەدەری پزیشك | | | | | |
| نێر | ٣٣٤ | ١,٢١٦ | ٢,٦٧٠ | ٤,٢٢٠ | ٤٤,١٤٩ |
| مێ | ٢٩٦ | ٧٢٢ | ٢,٩٨٨ | ٤,٠٠٦ | ٢٩,٧٢٧ |
| کۆی گشتی | ٦٣٠ | ١,٩٣٨ | ٥,٦٥٨ | ٨,٢٢٦ | ٧٣,٨٧٦ |
| % مێ | ٤٧ | ٣٧ | ٥٣ | ٤٩ | ٤٠ |

سەرچاوە: دەزگای ناوەندیی ئامار، پەرتووکی ساڵانەی ئامار ٢٠١٨-٢٠١٩، عێراق

### ٢-٧- پاراستنی ئافرەت

پاراستنی ئافرەت بەستراوە بە تواناسازییان. چونکە توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز ڕەخساندنی هەڵ بۆ ئافرەتان و کچان بۆ ئەوەی لە فەزای گشتیدا ڕۆڵیان هەبێت سنووردار دەکات. جگە لە هاوسەرگیریی پێشوەخت، کە پێشتر لە بەشێکدا باسکراوە، پێویستە پاراستنی ژنان ڕەچاوی خەتەکردنی مێینە (FGM)، ئاسایشی مرۆڤ و توندوتیژیی خێزانی بکات.

#### ١) خەتەنەکردنی مێینە (Female Genital Mutilation - FGM)

خەتەکردنی مێینە (FGM) بریتییە لە لابردنی بەشێک یان کۆی ئەندامی زاوزێی دەرەکی مێینە یان برینی تر لە ئەندامی زاوزێی مێینە. خەتەکردنی مێینە ئازارێکی بەردەوامە لەگەڵ لێکەوتەی خێرا لەوانە ئازارێکی سەخت، شۆک، مانەوەی میز لە میزڵدان، برینی ئەندامی زاوزێ و برینی شانەکانی دەوروبەر. ئالۆزییەکانی تر بریتین لە سیپتیکامیا، نەزۆکی، ڕێگریکردن لە کار، و تەنانەت مردن.

خەتەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستان بەربڵاوە. ڕێژەی ئافرەتانی ١٥-٤٩ کە هەر شێوازێکی خەتەنەکردنی مێینەیان بۆکراوە ٣٧,٥٪ بوو. ئەم کارە لە پارێزگای دهۆک دەگمەنە و لە هەولێر و سلێمانی زۆر بەربڵاوە و ٤٧٪ ی ئافرەتانی ١٥-٤٩ جۆرێک لە جۆرەکانی خەتەکردنی مێینەیان بۆکراوە. زانیاری لەبارەی کرداری خەتەکردنی مێینە لەم دوو پارێزگایەدا زیاترە. ئەنجامەکانی ڕووپێوی MICS ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کوردستاندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، و ئەمە لە نێو نەوەی کۆن زۆر زیاترە. لە نێو ئەو ئافرەتانەی کە لەبارەی خەتەنەکردنی مێینە بیستوویانە، ٨٩,٣٪ پێیان وایە کە دەبێت ئەم دیاردەیە بوەستێت. لە نێو کچاندا ٣,٢٪ خەتەنەیان بۆ کراوە کە بە شێوەی سەرەکی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانین.

#### ٢) ئاسایشی مرۆیی

ئاسایشی مرۆڤ بۆ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان باشترە لە شوێنەکانی دیکەی وڵات. بەپێی ڕووپێوی MICS ٢٠١٨، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ کە بوونەتە قوربانیی دزی یان دەستدرێژی، یان ئەوانەی لە ڕووی جەستەییەوە تووشی توندوتیژیی دزی یان دەستدرێژی بوونە کەمترە لە ١٪. ڕێژەکە نیوەی تێکرای ڕێژەی زاڵە لە گشت عێراق. زۆربەی پێشهاتەکان پەیوەندییان بە دزیی چەکدارییەوە نەبووە.

لایەنێکی تری ئاسایشی مرۆڤ بریتییە لە هەستکردن بە پارێزراوی. بەهەمان شێوە کاتێک لەگەڵ تێکڕای وڵاتدا بەراورد دەکرێت، ڕێژەی زیاتر لە ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ لە هەرێمی کوردستان هەست بە پارێزراوی دەکەن ئەگەر دوای تاریکداهاتن لەگەڕەکەکەیاندا پیاسە بکەن یان دوای تاریکبوون بە تەنیا لە ماڵەوە بمێننەوە. وەک لە خشتەی ٧-٣ دا ئاماژەی پێکراوە، ڕێژەی سەدیی هەستکردن بە زۆر پارێزراوبوون لە کاتی پیاسەکردن لە گەڕەکەکەیاندا لە دوای تاریکداهاتن لە هەرێمی کوردستان سێ ئەوەندەی تێکڕای وڵاتە. لەکاتی بەراوردکردنی ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی بە تەنیا مانەوە لە ماڵ لە شەودا زۆر هەست بە پارێزراوبوون دەکەن (خشتەی ٧-٤)، ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان دا ٢,٥ جار بەرزترە.

گرینگە تێبینی ئەوە بکەین کە هەستکردن بە پارێزراوبوون لە نێو پارێزگاکاندا جیاوازە. ئافرەتان لە سلێمانی زۆرتر هەست بە پارێزراوبوون دەکەن ئەگەر دوای تاریکی بە تەنیا پیاسە بکەن (٧٠٪ بەرامبەر ٣٠٪ لە هەولێر و ٢٧٪ لە دهۆک) یان دوای تاریکی بە تەنیا لە ماڵەوە بمێننەوە (٦٨٪ بەرامبەر ٣٦٪ لە هەولێر و ٢٩٪ لە دهۆک).

خشتەی ٧-٣: دابەشبوونی ئافرەتانی ١٥-٤٩ لە ڕووی هەستکردن بە پارێزراوبوون لە کاتی پیاسەکردنی بە تەنیا لە گەڕەک لە شەودا، ٢٠١٨

| | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆرپارێزراو | ٢٦,٨ | ٢٩,٨ | ٧٠,٢ | ٤٢,٠ | ١٤,٠ |
| پارێزراو | ٤٨,٨ | ٣٩,٠ | ٢٠,٨ | ٣٥,٢ | ٣٤,٩ |
| ناپارێزراو | ٢,٨ | ١,٩ | ٢,٥ | ٢,٣ | ١٠,٠ |
| زۆرناپارێزراو | ٠,٣ | ٠,١ | ٠,٢ | ٠,٢ | ٢,٢ |
| هیچ کات لەدوای تاریکی بە تەنیا پیاسە ناکات | ٢١,٢ | ٢٩,٢ | ٦,٣ | ٢٠,٤ | ٣٨,٩ |

خشتەی ٧-٤: دابەشبوونی ئافرەتانی ١٥-٤٩ لەڕووی هەستکردن بە پارێزراوبوون لە کاتی بە تەنیا مانەوە لە ماڵ لە شەو، ٢٠١٨

| | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| زۆرپارێزراوە | ٢٨,٧ | ٣٦,٠ | ٦٧,٨ | ٤٤,٦ | ١٧,٩ |
| پارێزراو | ٥٣,٩ | ٤٦,٣ | ٢١,٨ | ٤٠,١ | ٤٧,٠ |
| ناپارێزراو | ٣,٢ | ١,٣ | ٢,١ | ١,٩ | ٨,٥ |
| زۆرناپارێزراو | ٠,٣ | ٠,١ | ٠,٤ | ٠,٢ | ١,٤ |
| هیچ کات لەدوای تاریکی بە تەنیا لە ماڵەوە نابێت | ١٤,٠ | ١٦,٣ | ٧,٩ | ١٣,٢ | ٢٥,١ |

### ٣) توندوتیژیی خێزانی

ڕووپێوی MICS ٢٠١٨ لە عێراق هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵویستی ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ بەرامبەر بە لێدانی ئافرەت کردووە بە پرسیارکردن لە بەشداربووان کە ئایا پێیان وایە پیاوان پاساویان هەیە بۆ لێدان و ئەزیەتدانی هاوژینەکانیان لە بارودۆخی جۆراوجۆردا. مەبەست لەم پرسیارانە وەرگرتنی پاساوهێنانەوەی کۆمەڵایەتییە بۆ

توندوتیژی (لەو هەڵومەرجەی کە ژن لە کۆمەڵگەدا پێگەیەکی نزمتری هەیە) وەک کردارێکی تەمبێکاری کاتێ ژن پابەندی ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی لەڕووی ڕەگەزییەوە نەبێت.

لە خشتەی ٧-٥ دا ئاستی قبوڵکردنی توندوتیژیی خێزانی خراوەتە ڕوو. زانیارییەکان پێشان دەدەن کە لە هەر چوار ئافرەت یەکێکیان پاساوی ئەوە دەداتەوە کە پیاو لە هاوژینەکەی خۆی بدات بۆ هەر یەک لەو حەوت حاڵەتەی کە لە خشتەکەدا هاتووە. ئەم ژمارەیە کەمترە لە تێکرای ژمارەی گشتیی عێراق (٤٠٪) و لەسەر ئاستی پارێزگاکان دا جیاوازیی هەیە. ئەو ئافرەتانەی لە هەولێر دەژین زیاتر مڵکەچن و ٣٤٪ پاساو بۆ توندوتیژیی خێزانی دەهێننەوە، لە کاتێکدا ڕێژەکە لە دهۆک بریتییە لە ٢٣٪ و لە سلێمانی ٨٪. ئافرەتان زیاتر لەو حاڵەتەدا پاساو بۆ توندوتیژیی خێزانی دەهێننەوە کە ئافرەتەکان نهێنییەکانی ماڵ دزە پێدەکەن، منداڵ فەرامۆش دەکەن، یان بەبێ مۆڵەت دەچنە دەرەوە.

خشتەی ٧-٥: دابەشبوونی ئافرەتانی ١٥-٤٩ کە باوەڕیان وایە هاوسەر پاساوی هەیە بۆ لێدانی هاوژینەکەی، ٢٠١٨

| هۆکار | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەربێ ئاگادارکردنەوەی بچێتە دەرەوە | ١٣,٧ | ٢١,٩ | ٤,٤ | ١٤,٧ | ٢٨,٦ |
| ئەگەر منداڵەکان فەرامۆش بکات | ١٤,٦ | ٢٢,٢ | ٤,٠ | ١٤,٩ | ٢٥,٣ |
| ئەگەر مشتومڕی لەگەڵ بکات | ١٣,٤ | ١٩,٨ | ٤,٧ | ١٣,٧ | ٢٧,٧ |
| ئەگەر ڕەتی بکاتەوە لەگەڵیدا سێکس بکات | ١٥,١ | ١٧,٣ | ٣,٧ | ١٢,٥ | ٢٣,٤ |
| ئەگەر خواردن بسوتێنێت | ٥,٥ | ٣,٧ | ١,١ | ٣,٢ | ١٣,٥ |
| لەبەرهەریەک لەم ٥ هۆکارانە | ٢٠,١ | ٣٢,١ | ٦,٧ | ٢١,٧ | ٣٦,٥ |
| ئەگەر هەست بکات کە ئافرەت شت بەفیڕۆ دەدات | ١٢,٨ | ١٤,٢ | ٢,٦ | ١٠,٢ | ٢٠,٦ |
| ئەگەر دزە بە نهێنییەکانی ماڵ بکات | ١٨,٩ | ٢٦,٧ | ٦,١ | ١٨,٦ | ٣٣,٨ |
| لەبەرهەریەکێک لەو ٧ هۆکارانە | ٢٢,٦ | ٣٤,٠ | ٧,٩ | ٢٣,٤ | ٣٩,٩ |

### ٧-٣- کۆڤید-١٩ و بەهێزکردنی ئافرەتان

ئەو دەرهاوێشتانەی کە کۆڤید-١٩ درووستی کردوون وێرانکەر بوون بەڵام لەڕووی ڕەگەزەوە بێلایەن نین. ژنان و کچان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە، لەوانە:

١) زیادبوونی توندوتیژیی ڕەگەزی و توندوتیژیی خێزانی،
٢) مەترسیی زۆری لەدەستدانی کار یان کەمتر کارکردن ئەگەر لە کەرتی نافەرمیدا کار دەکەن،
٣) زیادبوونی کاری چاودێریکردنی بێبەرامبەر،
٤) بوونی ئاستەنگ لە گەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی منداڵبوون.

ئەم ئاڵنگارییانە ئەوە دەردەخەن کە ئەو سیاسەتانەی بۆ هێورکردنەوەی کاریگەریی پەتاکە داڕێژراون پێویستە گشتگیرتر و لە رووی ڕەگەزییەوە هەستیارتر بن.

## ٨- ڕاسپاردەکان

### ٨-١- داینامیکەکانی دانیشتوان و گەشەسەندنی بەردەوام

پێویستە شیکاری دانیشتوان (لە نێویشیدا مەزەندەکردنی دانیشتوان) بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پلانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. بەگوێرەی ئەنجامەکانی مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، داینامیکەکانی دانیشتوان چەند دەرنجامێک بەدەستەوە دەدەن کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن:

١- لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٤٠ دا، مەزەندە دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی ٢،٧ ملیۆن کەس زیاد بکات. ئەم بەرزبوونە لە نێو هەردوو دەیەکەدا بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەبێت.

٢- زۆربوونی هەرزەکاران و لاوانی تەمەن ١٥-٢٤ بە ڕێژەی ١٢٪ لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٣٠ دا، و بەردەوامبووونی ئەم زۆربوونە لە دە ساڵی دواتردا بە ڕێژەی ١٠٪.

٣- زۆربوونی هێزی کار (١٥- ٦٤) بە ڕێژەی ٢٧٪ لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٣٠دا، و بە ڕێژەی ٢١٪ لە نێوان ساڵانی ٢٠٣٠ و ٢٠٤٠ دا.

٤- زۆربوونی ڕێژەی ١١٪، ٨٪ و ٢٪ ی ئەو منداڵانەی کە پێویستە پەیوەندیی بە قوتابخانەکانی بنەڕەتی (سەرەتایی و ناوەندی) و ئامادەیی بکەن، بە ڕیزبەند، بۆ ساڵانی نێوان ٢٠٢٠ و ٢٠٣٠ دا. بەڵام لە دە ساڵی دواتردا ڕێژەی ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە ٦٪، ٩٪ و ١٠٪، بە ڕیزبەند.

٥- زۆربوونی ڕێژەی مێ لە تەمەنی منداڵبوون دا بەڕێژەی ٢١٪ دەبێت لە ساڵانی ٢٠٢٠، هەروەها لە ساڵانی ٢٠٣٠ ڕێژەکە ١٥٪ دەبێت.

٦- زۆربوونی دانیشتوانی بەساڵاچوو (+٦٥) لە ساڵانی نێوان ٢٠٢٠ و ٢٠٣٠ بەڕێژەی ٤٥٪ و لە ساڵانی نێوان ٢٠٣٠ و ٢٠٤٠ دەبێتە ٥٨٪.

### ٨-٢- ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام

نیشاندەرەکانی هەرێمی کوردستان بوارەکانی گەشەکردنی خوارەوە پێشان دەدەن:

- ✩ پاراستنی کۆمەڵایەتی؛ چونکە ڕێژەی ئەو خێزانانەی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان سوودیان وەرگرتووە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٢٤٪ لە بەرامبەر ٣٥٪ لە هەموو عێراق.
- ✩ بەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانی منداڵبوون؛ چونکە ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە لە تەمەنی منداڵبووندا لە هەرێمی کوردستان دەگاتە ٢٦٪ لە کاتێکدا ڕێژەی گشتیی عێراق ٣٦٪ پێک دەهێنێت.
- ✩ خەتەنەکردنی ئافرەتان، چونکە بڵاوبوونەوەی خەتەنەکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بە ئەندازەی ٥ بەرامبەر زیاترە لە ڕێژەی گشتیی عێراق کە بریتییە لە ٣٧٪ لە بەرامبەر ٧٪.
- ✩ کارکردنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە ١٠٪ و ئەمەش دوو هێندەی ڕێژەی گشتیی عێراقە.

### ٨-٣- سیاسەتی دانیشتوان و چوارچێوەی دامەزراوەیی:

نەخشەڕێژکردنی سیاسەتێکی نوێی دانیشتوان بۆ هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دانیشتوان دەتوانێت ڕێبازێکی گشتگیر بۆ ئاڵنگارییەکانی دانیشتوان دەستەبەر بکات، هەروەها دەتوانێت

ئامانجەکانی دانیشتوان و ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام تیکەڵکێش بکات. بۆئەوەی ئەم ڕێبازە سەرکەوتوو بێت زۆر پێویستە ئەمانەی خوارەوە هەبن:

١. تێڕوانینێکی گشتگیر و بەشداریکارانەی دانیشتوان،
٢. ئەنجوومەنێکی باڵای دانیشتوانی گشتگیر و کارامە،
٣. میکانیزمێکی ڕوون و ئاشکرای بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە،
٤. سیستەمێکی بەهێزی چاودێری و هەڵسەنگاندن

### ٨-٤- بەهێزکردنی ئافرەتان

ڕەنگە بەرفراوانکردنی ئابووریی چاودێریکردن لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانییەوە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی بەشداریکردنی ئابووریانەی ئافرەت، چونکە لەم حاڵەتەدا بارگرانیی دوو ئەوەندە لە سەر ئافرەتی کارکەر کەم دەبێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا، هەلی کار بۆ ئافرەتان زیاد دەبێت لەبەر ئەوەی ئافرەتان لێهاتوویی زیاتریان تێدایە بۆ کارکردن لە کەرتی ئابووریی چاودێریکردن. ئەم گۆڕانکارییە لە سەرپەرشتیکردنی بەخۆڕاییەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی بە پارە دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردن و باشترکردنی کوالێتیی پەروەردە و فێرکردن و دوابەدوای ئەمەش بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی سەرمایەی مرۆییدا. سەرەڕای ئەمەش، دەبێتە هۆی باشترکردنی کوالێتیی ئەم سەرپەرشتی و چاودێرییەی کە پێشکەش بە کەسانی بەساڵاچوو و پەککەوتە دەکرێت. دواجار، ئابووریی چاودێریکردن وەک هەڵێک لە قەڵەم دەدرێت بۆ گەشەکردنی کەرتی تایبەت و لە ڕێگەی زیادکردنی گەشەپێدانی کەرتە نانەوتییەکان دەتوانێت تا ئەندازەیەک کەرتی ئابووری هەمەڕەنگ بکات.

### ٨-٥- لە وەڵامدانەوەی مرۆڤدۆستانەوە بۆ گەشەسەندنی بەردەوام

پێویستە بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤدۆستی و گەشەسەندن لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبەرچاو بگرێت. ڕاسپاردە دەکرێت کە کار بکرێت لە سەر بەدیهێنانی کۆمەڵە بەرەنجامێك کە دەبن بە هۆکاری کەمکردنەوەی پێویستی، مەترسییەکان و لەرزۆکی بۆماوەی چەندین ساڵ، لەسەر بنەمای سودی ڕێژەیی کۆمەڵێکی جۆراوجۆری ئەکتەرەکان. پێویستە چوارچێوەی گەشەسەندنی بەردەوامی دوای ساڵی ٢٠١٥ تێکەڵ بکرێت.

### ٨-٦- کەلێنەکانی داتا

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داتا کۆ بکاتەوە و ئەو نیشاندەرانە بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت سیاسەتەکان دابڕێژێت و نەخشەڕێژی ئەو دەستوەردانانە بکات کە پشت بە بەڵگە دەبەستن، بە دیارکراوی لەم بوارانەی خوارەوەدا:

١) تازەکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ئاوارە و پەنابەرانی ناوخۆیی،
٢) تازەکردنەوەی نیشاندەرەکانی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام و سەرمایە مرۆییەکان،
٣) ئەولەوییەتەکانی منداڵبوون و نیازەکانی کۆچکردن لە نێو گەنجاندا،
٤) کارکردنی منداڵان،

٥) پێداویستییە دابیننەکراوەکانی خزمەتگوزارییەکانی پلاندانانی خێزانی و تێکهەڵکێشکردنی شێوازەکان، و،

٦) مردنی دایکان.

### ٨-٧- لێکۆڵینەوەی زیاتر

پێویستە ئەم بوارانەی لێکۆڵینەوە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدرێت لە بەر چاو بگیرێن بە مەبەستی پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی بریارسازان:

١) پێکەوە بەستنەوەی داینامیکەکانی دانیشتوان بە ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام

٢) بەهێزکردنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان

٣) شیکردنەوەیەکی ورد بۆ ئەنجامەکانی سەرژمێریی داهاتوو

٤) خەڵاتی دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان

٥) مەزەندەکانی دانیشتوان

٦) ئەو هۆکارانەی مردنی دایکان دەستنیشان دەکەن

٧) کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩

## سەرچاوەکان


- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر و کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (٢٠١٦). ئاوارەیی گرفت و دەرفەت، پرۆفایلی شار و شارۆچکەکان: پەنابەرەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ و کۆمەڵگای خانەخوێ لە پارێزگای هەولێر، هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری دهۆك و کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (٢٠١٦). ئاوارەیی گرفت و دەرفەت، پرۆفایلی شار و شارۆچکەکان: پەنابەرەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ و کۆمەڵگای خانەخوێ لە پارێزگای دهۆک، هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی و کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ کاروباری پەنابەران (٢٠١٦). ئاوارەیی گرفت و دەرفەت، پرۆفایلی شار و شارۆچکەکان: پەنابەرەکان و ئاوارەکانی ناوخۆ و کۆمەڵگای خانەخوێ لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، هەرێمی کوردستان.
- دەستەی ئاماری هەرێم (٢٠١٣). خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان: ٢٠٠٩-٢٠٢٠ (بەزمانی عەرەبی).
- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ و سەندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (٢٠١٨). ڕووپێوی دیمۆگرافیی هەرێمی کوردستان. http://krso.net/files/articles/٠٨٠٥١٩٠١٣٩٢٩.pdf
- لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی رۆژئاوای ئاسیا و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان (٢٠٢١). کاریگەریی کۆڤید-١٩ لە سەر بەشداریی ئابووریانەی ئافرەتان لە عێراقدا.
- کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (٢٠٢٠). عێراق: ئامارەکانی پەنابەرانی سووریا. https://data٢.unhcr.org/en/documents/download/٨٣٦٥٥
- کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (٢٠٢٠). بڵاوکراوەی دەستپێشخەریی وەرزیی تایبەت بە ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق، تازەکراوەتەوە لە پاییزی ٢٠٢٠. https://reporting.unhcr.org/sites/default/files/IDPInitiative%٢٠Quarterly%٢٠Update%٢٠Sep٢٠.%٢٠Digital.pdf
- بانکی جیهانی (٢٠١٥). هەرێمی کوردستانی عێراق: هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ململانێکانی سووریا و داعش. http://documents١.worldbank.org/curated/en/٥٧٩٤٥١٤٦٨٣٠٥٩٤٣٤٧٤/pdf/٩٥٨٠٨٠PUB٠Apri٠PUBLIC٠٩٧٨١٤٦٤٨٠٥٤٨٦.pdf

**پاشکۆی یەکەم: ئامانجەکان و نیشاندەرەکانی گەشەسەندنی بەردەوام، هەرێمی کوردستان و عێراق، ٢٠١٧.**

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| ٣،١ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک هەنگاو و سیستەمی نەتەوەیی گونجاوی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان، کە گشت ئاستە بنچینەییەکان لە خۆ بگرێت، و لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠ بەدیهێنانی بەهاناوەچوونێکی گەورەی هەژار و لەرزۆك. | ١،٣،١ ڕێژەی سەدیی ئەو ئەندامانەی خێزان کە لەگەڵ خێزاندا دەژین و لە سێ مانگی دواییدا هەرجۆرە گواستنەوە و سوودێکی کۆمەڵایەتییان وەرگرتبێت. | ٢٤،١ | ٣٤،٩ |
| ٤،١ بە هاتنی ٢٠٣٠، زامنکردنی بەهرەمەندبوونی سەرجەم پیاوان و ئافرەتان، بەتایبەتیش هەژار و لەرزۆك، لە مافی یەکسان بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری، سەرەڕای دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، و خاوەندارێتی، و دەستەلاتدارێتی بەسەر زەوی و زار و جۆرەکانی تری مولْکدارێتی، میرات، سەرچاوە سروشتییەکان، تەکنەلۆجیای نوێ و خزمەتگوزارییە داراییەکان، و لەنێویشیاندا پارەدارکردنی بچووک. | ١،٤،١ ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خیزان ئەوانەی کە سەرچاوەی باشکراوی ئاوی خواردنەوە بەکاردەهێنن چ لە ماڵەوە/ حەوشەی ماڵەوە/ زەوی یان هێنانی لە ماوەی ٣٠ خولەکدا بە چوون و گەڕانەوە. | ٩٩،٥ | ٨٥،٧ |
| ٢،٢ کۆتاییهێنان بە سەرجەم شێوازەکانی بەدخۆراکی لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، لەوانەش، لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٥، بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە لەسەری ڕێککەوتوون سەبارەت بە کورتەباڵایی و گەشەنەکردنی منداڵانی خوار ٥ ساڵان و دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانی کچانی هەرزەکار و ژنانی دووگیان و شیردەر و بەساڵاچوان. | ١،٢،٢ بلاو بوونەوەی کورتەباڵایی ماماوەند و دژوار (باڵا بۆ تەمەن ٢-> ستاندەری لادان لە ناوەندی گەشەی منداڵ بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بۆ گەشەی منداڵ) لە نێو منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی. | ٤،٩ | ٤،٩ |
| | ١،٢،٢ بلاوبوونەوەی کورتەباڵایی دژوار (باڵا بۆ تەمەن ٣-> ستاندەری لادان لە ناوەندی گەشەی منداڵ بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی(WHO) بۆ گەشەی منداڵ) لە نێو منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی. | ١،٣ | ٢،٥ |
| | ٢،٢،٢ بلاوبوونەوەی بەدخۆراکیی ماماوەند + دژوار (کێش بۆ باڵا ٢-> ستاندەری لادان لە ناوەندی گەشەی منداڵ بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بۆ گەشەی منداڵ) لە نێو منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی، بەگوێرەی جۆر (لاوازی). | ١،٨ | ٢،٥ |
| | ٢،٢،٢ بلاوبوونەوەی بەدخۆراکیی دژوار (کێش بۆ باڵا ٣-> ستاندەری لادان لە ناوەندی گەشەی منداڵ بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) بۆ گەشەی منداڵ) لە نێو منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی، بەگوێرەی جۆر (لاوازی). | ٠،٤ | ٠،٨ |
| | ٢،٢،٢ ڕێژەی سەدیی منداڵانی خوار پێنج ساڵی کە لە سەرووی دوو لادانی ستانداردن (ماماوەند و دژوار) لە | ٥،١ | ٦،٦ |

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| | ناوەندی کێش بو باڵا، بەپێی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی. | | |
| | ٢،٢،٢ ڕێژەی سەدیی منداڵانی خوار پێنج ساڵی کە لە سەرووی سێ لادانی ستانداردن (دژوار) لە ناوەندی کێش بو باڵا، بەگوێرەی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی. | ٠،٧ | ٢،٠ |
| ١،٣ لەگەڵ هاتنی ٢٠٣٠دا، کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی دایکان لە سەر ئاستی جیهانی بۆ کەمتر لە ٧٠ ئافرەت بۆ هەر ١٠٠،٠٠٠ حاڵەتێکی منداڵبوونی زیندوو. | ٢،١،٣ ڕێژەی سەدیی ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان ١٥ بۆ ٤٩ ساڵە و لە دوو ساڵی دواییدا و لە ژێر چاودێریی کارمەندی کارامەی تەندروستی بە زیندوویی منداڵیان بووە. | ٩٨ | ٩٦ |
| ٢،٣لەگەڵ هاتنی ٢٠٣٠دا، دانانی سنوورێک بۆ ئەو مردنانەی کە دەتواندرێت ڕێگریان لێ بکرێت لە نێو تازەلەدایکبوان و ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە خوار ٥ ساڵە. لەگەڵ هەوڵی سەرجەم ئەم وڵاتانەی کە ئامانجیانە ڕێژەی مردنی منداڵانی تازەلەدایکبوو کەم بکەنەوە بۆ ئاستی کەمتر لە ١٢ حاڵەتی مردن بۆ هەر ١٠٠٠ منداڵبوونی زیندوو هەروەها نزمکردنەوەی مردنی منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵ بۆ کەمتر لە ٢٥ مردن بۆ هەر ١٠٠٠ منداڵبوونی زیندوو. | ١،٢،٣ ئەگەری مردن لە ماوەی نێوان ساتی لەدایک بوون و ساڵیادی لەدایکبوونی پێنجەم. | ١٧ | ٢٦ |
| | ٢،٢،٣ ئەگەری مردن لە ماوەی یەکەمین مانگی ژیان. | ١٠ | ١٤ |
| ٧،٣ لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠دا، زەمانەتی ئەوە بکرێت کە هەمووان دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێریکردنی تەندروستیی سێکسی و منداڵبوون بگات ، و لەنێویشیاندا ڕێکخستنی خێزان، زانیاری و ڕۆشنبیری، و تێکەڵکردنی تەندروستیی منداڵبوون لە گەڵ ستراتیژییەتەکان و بەرنامەی نیشتیمانیدا. | ١،٧،٣ ڕێژەی ئەو ئافرەتە هاوسەردارانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥-٤٩ ساڵە و پێویستییان بە ڕێکخستنی خێزانە و لەگەڵ هۆکارە نوێیەکان ئاسودەن. | ٣٥ | ٥٥ |
| | ٢،٧،٣ ڕێژەی منداڵبوون لە نێو هەرزەکارانی تەمەن ١٥- ١٩ ساڵان/ بۆ هەر ١٠٠٠ ئافرەتێك لەم گروپەی تەمەندا. | ٤٠ | ٧٠ |
| ٨،٣ بەدیهێنانی تەندروستییەکی گشتگیری جیهانی، لە نێویشیدا پاراستن لە مەترسیە داراییەکان، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە ئاستبەرز و بنەڕەتییەکانی چاودێریکردنی تەندروستی و هەروەها دەستگەیشتنی هەمووان بە دەرمان و پێکوتەی سەرەکیی پارێزراو، کاریگەر، بەکواڵێتی و بنەڕەتی بەنرخێکی گونجاو. | ١،٨،٣ ڕێژەی سەدیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-٤٩ ساڵدایە و لە دوو ساڵی دواییدا منداڵێکی زیندوویان بووە و لە کاتی دووگیانی بۆ دوایەمین منداڵبوونی زیندوویاندا بەلایەنی کەمەوە:<br>١) یەك جار کارمەندی لێهاتووی تەندروستی ئامادە بووە<br>٢) چوار جار لەلایەن هەر پێشکەشکارێکی خزمەتی تەندروستییەوە بینراوە<br>٣) هەشت جار لەلایەن هەر پێشکەشکارێکی خزمەتی تەندروستییەوە بینراوە | ٩٥<br>٧٥<br>٣٢ | ٨٨<br>٦٨<br>٢٢ |

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| | ١،٨،٣ڕێژەی سەدیی منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵ ئەوانەی کە تووشی کاریگەرییەکانی هەوکردنی تووندی سیبەکان بوونەتەوە و داوای ڕاوێژ و چارەسەری تەندروستییان بۆ کراوە لەلایەن بنکەیەکی تەندروستی یان پێشکەشکارێکی خزمەتی تەندروستی | ٦٩ | ٤٤ |
| | ١،٨،٣ڕێژەی سەدیی ئەندامانی ئەو خێزانانەی کە خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ (ئاودەست) باشکراو بەکار دەهێنن | ٩٨.٣ | ٩٤.٨ |
| ٣،أ- بەهێزکردنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی چوارچێوەیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تووتن لە سەرجەم وڵاتاندا، بە گوێرەی گونجان. | ١،أ،٣ ڕێژەی سەدیی ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ کە لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوو دا جگەرە یان هیچ جۆرە بەرهەمێکی تری تووتنی نەکێشاوە | ٣.٦ | ٣.١ |
| ٣،ب- پاڵپشتیکردنی توێژینەوە و پەرەپێدانی پێکوتە و دەرمان بۆ نەخۆشییە گوازراوەیی و نەگوازراوەییەکان کە بە پلەی یەک کاریگەری دەخەنە سەر وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان، ڕەخساندنی دەستگەیشتن بە پێکوتە و دەرمانەکان بە نرخی گونجاو. | ٣،ب،١ڕێژەی سەدیی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ١٢-٢٣ مانگدایە و لە هەر کاتێکی بەر لە ڕووپێوەکە ژەمی سێیەمی ئەو پێکوتەیەی وەرگرتبێت کە DTP ی تێدابووە (DTP٣) | ٨٤ | ٦٩ |
| | ٣،ب،١ ڕێژەی سەدیی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ١٢-٢٣ مانگدایە و لە هەر کاتێکی بەر لە ڕووپێوەکە ژەمی سێیەمی پێکوتەی Pneumococcal (PCV٣) ی وەرگرتبێت. | ٢٣ | ٢٩ |
| | ٣،ب،١ ڕێژەی سەدیی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ١٢-٢٣ مانگدایە و لە هەر کاتێکی بەر لە ڕووپێوەکە یەکەمین پیکوتەی دژ بە نەخۆشیی سۆریکەی وەرگرتووە. | ٨٣ | ٧١ |
| ٤،١ بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، دڵنیابوون لەوەی سەرجەم کوڕان و کچان بە خۆڕایی، دادپەروەرانە و بە کواڵێتییەوە خوێندنی بنەڕەتییان تەواو کردبێت کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی بەرەنجامی فێربوونی کاریگەر لە بواری پەیوندیدارا. | ٤،١،١ ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی | ٨٩.١ | ٧٦ |
| | ٤،١،١ ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی (یان بنەڕەتی) | ٦٥.٩ | ٤٦ |
| | ٤،١،١ ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی | ٦٤.٥ | ٤٤ |
| | ٥،١،٤ ڕێژەی بوون لە دەرەوەی قوتابخانەن لە قۆناغی سەرەتایی | ٤ | ٨ |
| | ٥،١٤ ڕێژەی بوون لە دەرەوەی قوتابخانەن لە قۆناغی ناوەندی (یان بنەڕەتی) | ٢٠.١ | ٣٠ |
| | ٥،١،٤ ڕێژەی بوون لە دەرەوەی قوتابخانەن لە قۆناغی ئامادەیی | ٢٦ | ٤٠ |
| | ٦،١،٤ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە قۆناغی سەرەتایی گەورەترە | ٢.٥ | ٤ |
| | ٦،١،٤ ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە قۆناغی ناوەندی گەورەترە | ١٣ | ١٨ |

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| ٢،٤ بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، دڵنیابوون لە دەستگەیشتنی سەرجەم کچان و کوڕان بە گەشەسەندنێکی ئاست بەرز لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا، چاودێریکردنیان و فێرکردنی بەر لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ ئەوەی بۆ قۆناغی بنەڕەتی ئامادە بن. | ١،٢،٤ ڕێژەی سەدیی منداڵانی تەمەن ٣٦-٥٩ مانگ کە بەلایەنی کەم لە سێ لەم چوار بوارەی خوارەوە دا لە سەر ڕێچکەی گەشەسەندنن: خوێندنەوە و نووسین و حیسابکاری، جەستەیی، کۆمەڵایەتی- سۆزداری، و فێربوون. | ٨٩،٤ | ٧٩،٣ |
| | ٢،٢،٤ ڕێژەی سەدی ئەو منداڵانەی لە گرووپی تەمەنی پەیوەندیداردان (ساڵێک بەر لە تەمەنی فەرمیی وەرگیران لە قوتابخانەی بنەڕەتی) ئەوانەی پەیوەندی بە پرۆگرامی فێرکردنی سەرەتای منداڵی یان قوتابخانەی بنەڕەتی دەکەن | ٤٤،١ | ٣٢،٠ |
| ٤،٤بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، زیادکردنێکی گەورە لە ژمارەی گەنجان و گەوران ئەوانەی کە لێهاتوویی پەیوەندیداریان هەیە، وەک لێهاتویی تەکنیکی و پیشەیی، بۆ خستنەسەرکار (دامەزراندن) لە ئەرکێکی گونجاو و سەرکردایەتیکردنی کارەکان. | ١،٤،٤ ڕێژەی سەدیی ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی ١٥-٤٩ ساڵن ئەوانەی کە بەلایەنی کەم لە ماوەی سێ مانگی دواییدا یەکێك لەو نۆ چالاکییە دیارکراوەی تایبەت بە کۆمپیوتەریان ئەنجامداوە. | ١٠ | ٦ |
| ٥،٤ بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، زاڵبوون بە سەر نایەکسانییەکانی نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە خوێندن و دڵنیابوون لە یەکسانی لە دەستگەیشتن بە سەرجەم ئاستەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەسانی لەرزۆك، لەنێویشیاندا کەسانی پەککەوتە، دانیشتوانی ڕەسەن و ئەو منداڵانەش کە لە دۆخی لەرزۆك دان. | ١،٥،٤ ڕێژەی بێگەردی (خالس) ئامادەبوون (هەموارکراو) بۆ کچان دابەش ڕێژەی بێگەردی ئامادەبوون (هەموارکراو) بۆ کوڕان: | | ٠،٩٧ |
| | ١) قوتابخانەی سەرەتایی (بنەڕەتی) | ١ | ٠،٩٧ |
| | ٢) قوتابخانەی ناوەندی | ١،١٢ | ١،٠٠ |
| | ٣) قوتابخانەی ئامادەیی | ١،٣٨ | ١،١٠ |
| ٣،٥ زاڵبوون بەسەر سەرجەم کار و کردەوە زیانبەخشەکان وەک بەشوودانی منداڵان و شووکردنی پێش وەختە و زۆرەملێ و خەتەنەکردنی مێیینە. | ١،٣،٥ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ٢٠-٢٤ ساڵ کە بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵی شوویان کردووە یان مارە کراون. | ٢،٦ | ٧،٢ |
| | ١،٣،٥ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن ٢٠-٢٤ ساڵ کە بەر لە تەمەنی١٨ ساڵی شوویان کردووە یان مارە کراون. | ١٨،١ | ٢٧،٩ |
| | ١،٣،٥ ڕێژەی ئەو ژن و کچانەی لە تەمەنی ١٥-٤٩ ساڵیدان و ڕووبەڕووی شێواندن و بڕینی ئەندامی زاوزێیان بوونەتەوە. | ٣٧،٥ | ٧،٤ |
| ٥،ب- برەودان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای توانابەخشین، بەتایبەت تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و پەیوەندیکردن، لە پێناو پاڵپشتیکردن لە بەهێزکردنی ئافرەتان. | ٥،ب،١، ڕێژەی سەدیی ئافرەتانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ کە خاوەن مۆبایلن. | ٨٢ | ٦٧ |
| ١،٦ بە هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، دەستەبەرکردنی بواری دەستگەیشتنی سەرجەم خەڵک بە ئاوێکی شیاوی خواردنەوە و بە نرخێکی گونجاو. | ١،١،٦ ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خێزان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی باشکراویان هەیە لە شوێنی کاردا، کە سەرچاوەی ئاوەکەی تاقیکراوەتەوە و خالیە لە ئی-کۆلی (E. coli) و لە کاتی پێویستدا بەردەستە. | ٨٤،٥ | ٣٩،٢ |

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| ٢،٦ بە هاتنی ٢٠٣٠، دڵنیابوون لە دەستگەیشتن بە ئاوەڕۆ و پاک و خاوێنیی گونجاو و دادپەروەرانە بۆ هەمووان و کۆتاییهێنان بە سەرئاوکردن لە شوێنی کراوە، گرینگیدانی تایبەت بە پێداویستییەکانی ئافرەتان و کچانی گەنج و ئەوانەش کە لە بارێکی لەرزۆك دان. | ١،٢،٦ ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خێزان ئەوانەی کە شوێنی تایبەت بە دەست شۆردنیان هەیە کە ئاو و سابوون یان پاککەرەوەی تری هەیە. | ٩٩،٤ | ٩٧،٠ |
| | ١،٢،٦ ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خێزان کە ئاودەستی تایبەت بە خێزان بەکار دەهێنن. | ٩٧،٠ | ٩١،٨ |
| | ١،٢،٦ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خێزان کە خاوەنی ئاودەستی تەندروستین کە ناچێتە ناو ئاوەڕۆ و بەردەوام بەتال دەکرێت. | ٨٠،٣ | ٦٣،٥ |
| | ١،٢،٦ ڕێژەی سەدیی ئەندامانی خیزان ئەوانەی کە ئاودەستی تەندروستییان هەیە و پاشماوەکەی ناچێتە ناو ئاوەڕۆ بەڵکو هەر لە شوێنی خۆی دەچێتە نێو بیر یان لادەبردرێت. | ١٣،٠ | ٢٣،٦ |
| ١،٧ بە هاتنی ٢٠٣٠، دڵنیابوون لە دەستگەیشتنێکی جیهانی بە خزمەتگوزاریی وزەی نوێی هەرزان، باوەڕپێکراو و سەردەمییانە. | ١،١،٧ ڕێژەی ئەندامانی خێزان کە سودمەندن لە خزمەتگوزاریی کارەبا. | ١٠٠ | ١٠٠ |
| | ٢،١،٧ ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سوتەمەنیی خاوێن دەبەستن و دەستیان دەگات بە تەکنەلۆجیای چێشتلێنان و گەرمکردنەوەی ماڵ و ڕووناکی. | ٧ | ٤٢ |
| ٧.٨ گرتنەبەری ڕێکاری خێرا و کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر کاری زۆرەملێ و کۆتاییهێنان بە بەندایەتی سەردەمیانە و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و زامنکردنی قەدەغەبوون و نەهێشتنی خراپترین شێوازەکانی کارکردن بە منداڵان، لە نێویشیاندا سەرکارخستن و بەکارهێنانی منداڵان وەک چەکدار بۆ کاری سەربازی، و کۆتاییهێنان بە کارکردن بە منداڵ بە هەموو شێوەکانیەوە لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٢٥. | ١،٧،٨ ڕێژەی سەدیی منداڵانی ٥-١٧ ساڵ کە کار دەکەن. | ١٠،٣ | ٧،٣ |
| ١،١٦سنوردانان بۆ هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و ڕێژەی ئەو مردنانەش کە پەیوەندییان پێوە هەیە لە هەموو شوێنێك. | ٤،١،١٦ ڕێژەی ئافرەتانی ١٥-٤٩ ساڵ کە هەست بە ئەولەهی و ئاسایش دەکەن کاتێک بە شەو لە گەڕەکەکەیاندا دەگەڕێن. | ٧٧ | ٤٩ |
| ٢،١٦ کۆتاییهێنان بە سووکایەتیپێکردن، ئیستیغلالکردن، بازرگانیکردن، و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لە دژی منداڵان. | ١،٢،١٦ ڕێژەی سەدیی منداڵانی ١-١٤ ساڵ کە لەلایەن چاودێر و سەرپەرشتیارەکانیانەوە لە ماوەی یەك مانگی دواییدا ڕووبەڕووی سزای جەستەیی بوونەتەوە یان ڕووبەڕووی دژایەتیی دەروونی بوونەتەوە. | ٧١،١ | ٨٠،٩ |

| ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام | نیشاندەر | هەرێم | عێراق |
|---|---|---|---|
| ٣،١٦ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە سەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی و زەمانەتکردنی یەکسانی لە گەیشتن بە دادپەروەری بۆ هەمووان. | ١،٣،١٦ڕێژەی ئافرەتانی ١٥-٤٩ ساڵ کە لە ١٢ مانگی کۆتاییدا لە دزی یان دەستدرێژیدا ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی بوونەتەوە و لە دوایین ئەو حاڵەتەی ڕووبەڕووی دزی و/یان دەستدرێژی بووە پۆلیسی ئاگادار کردۆتەوە. | ٩،٥ | ٦،١ |
| ٩،١٦ لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٣٠، دابینکردنی ناسنامەی یاسایی بۆ هەمووان ، لە گەڵ تۆمارکردنی ڕۆژی لەدایکبوون تێیدا | ١،٩،١٦ ڕێژەی سەدیی منداڵانی خوار پێنج ساڵ کە تۆمارکرانی لەدایکبوونیان لەلایەن دەستەڵاتێکی مەدەنییەوە ڕادەگەیەندرێت. | ١٠٠ | ٩٩ |
| ١٦،ب بەهێزکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتی ناجیاکارانە لە پێناو گەشەسەندنی بەردەوام. | ١٦،ب،١ ڕێژەی سەدیی ئافرەتانی ١٥-٤٩ ساڵ کە هەست دەکەن لە ماوەی ١٢ مانگی کۆتاییدا ڕووبەڕووی جیاکاریی ڕەگەزی بوونە یان گیچەڵی سێکسیان پێکراوە لە سەربنەمای ئەو جیاکارییە ڕەگەزییەی کە بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ قەدەغە کراوە. | ٩،١ | ١١،٨ |
| ٨،١٧ بەتەواوەتی بەکارخستنی بانکی تەکنەلۆجی وئالییەتی تواناسازی لە بوارەکانی زانست، تەکنەلۆجیا و داهێنان بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٧دا، و بەهێزکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای توانابەخش، بەتایبەت تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن. | ١،٨،١٧ ڕێژەی سەدیی ئافرەتانی ١٥-٤٩ ساڵ ئەوانەی ئینتەرنێتیان بەکار هێناوە لە:<br>a) ماوەی سێ مانگی دواییدا.<br>b) بەلایەنی کەم هەفتەی یەک جار لە ماوەی سێ مانگی دواییدا. | ٥١<br>٣٧ | ٤١<br>٤٦ |

## پاشکۆی دووەم: فەرهەنگ[٤٠]

١) **ڕێژەی پشتپێبەستن لە ڕووی تەمەن (Age-Dependency Ratio)**: ڕێژەی ئەو کەسانەی لەو تەمەنانەدان کە وەک کەسانی پشتبەستوو هەژماردەکرێن (خوار تەمەنی ١٥ ساڵ و سەرو تەمەنی ٦٤ ساڵ) بە کەسانێک کە لە تەمەنێکدان کە بە تەمەنی بەرهەمداربوون لە ڕووی ئابورییەوە پێناسە کراوە (١٥-٦٤ ساڵ) لە ناو دانیشتواندا.

٢) **سەرژمێری (Census)**: بریتییە لە پشکنینی وردی ناوچەیەکی دیارکراو، کە دەبێتە هۆکاری ژماردنی گشت دانیشتوانەکەی و زۆربەی جار زانیاریە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تری تایبەت بەم بەشەی دانیشتوان لە کاتێکی دیارکراو کۆدەکرێنەوە.

٣) **ڕێژەی منداڵ-ئافرەت (Child-Woman Ratio)**: ژمارەی منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵ بۆ هەر ١٠٠٠ ئافرەتێک لە گروپی تەمەنی ١٥-٤٤ یان ١٥-٤٩ ساڵیی دانیشتوان لە ساڵێکی دیارکراودا. ئەم پێوانەکردنەی ڕێژەی بەپیتی، کە لەسەر بنەمای داتای بنەڕەتیی سەرژمێرییە، هەندێکجار لەو کاتانە بەکار دێت کە زانیاریی وردی بەپیتی دەست ناکەوێت.

٤) **گواستنەوەی دیمۆگرافی (Demographic Transition)**: گۆڕانکاریی مێژوویی لە ڕێژەی مردن و لەدایکبوون لە ئاستێکی بەرزەوە بۆ ئاستێکی نزم لە نێو دانیشتواندا. بەشێوەیەکی ئاسایی، نزمبوونەوەی ڕێژەی مردن بەر لە نزمبوونەوە لە ڕێژەی بەپیتی ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی گەشەی خێرای ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی گواستنەوەدا.

٥) **کاتی دووهێندەبوون (Doubling Time)**: ژمارەی ئەو ساڵانەی کە پێویستن بۆ دانیشتوانی ناوچەیەک بۆ ئەوەی قەبارەی دانیشتوانەکەی دوو هێندەی ئێستای لێ بێت، بە گریمانی ڕێژەی ئێستای گەشەکردنی دانیشتوان.

٦) **ڕەگەز (Gender)**: ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان و هەڵومەرج و دەرفەتەکانی پەیوەست بە پیاوبوون یان ئافرەتبوون. پێناسە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی مانای پیاوبوون یان ئافرەتبوون لە نێو کولتوورەکاندا جیاوازە و بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. ڕەگەز دەربڕینێکی کۆمەڵایەتی-کولتوورییە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕۆڵ کە لە گەڵ چەند گروپێکی دیارکراوی خەڵک دەگونجێت بە گەڕانەوە بۆ ڕەگەز و حاڵەتی سێکسیی خۆیان (نێربوون یان مێبوون).

٧) **ڕێژەی گشتیی بەپیتی (General Fertility Rate - GFR)**: ژمارەی منداڵانی بەزیندوویی لەدایکبوو بۆ هەر ١٠٠٠ ئافرەتێکی تەمەن ١٥-٤٤ یان ١٥-٤٩ ساڵ، لە ساڵێکی دیارکراودا.

٨) **ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا (Infant Mortality Rate)**: ژمارەی مردنی منداڵانی ساوا لە تەمەن خوار یەک ساڵ بۆ هەر ١٠٠٠ لەدایکبوونی زیندوو لە ساڵێکی دیارکراودا.

---

[٤٠] فەرمانگەی سەرچاوەی دانیشتوان https://www.prb.org/glossary/ .
ڕێبەری بنچینەکانی نەتەوە یەکرتوەکان بۆ ئاوارەکانی ناوەخۆ https://emergency.unhcr.org/entry/٤٤٨٢٦/idp-definition

٩) **ئاوارە ناوخۆییەکان (Internally Displaced Persons - IDPs)**: کۆمەڵە کەسانێك کە گوشاریان خراوەتە سەر یان ناچار کراون ڕا بکەن یان ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆیان جێ بهێڵن، بە شێوەیەکی تایبەت وەکو ئەنجامێکی یان لە پێناو خۆپاراستن لە ئاکامەکانی ململانێیەکی چەکداری، بارودۆخی توندوتیژیی فراوانکراو، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، یان کارەساتی سروشتی یان دەستکردی مرۆڤ، و ئەمانە سنوورە دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکەی وڵاتیان نەبڕیوە.

١٠) **پێشبینیی ژیان (Life Expectancy)**: تێکڕای ژمارەی ئەو ساڵانەی پێشبینی دەکرێت کەسێک بژیت، ئەگەر شۆپاندنەکانی ئێستای مردن لە درێژایی ئەو تەمەنەی کەسەکە کە ماوە بەردەوام بوون. بە شێوەیەکی باو وەکو پێشبینیی ژیان لە کاتی لەدایکبوون ناسراوە.

١١) **ڕێژەی مردنی دایکان (Maternal Mortality Ratio)**: ژمارەی ئەو دایکانەی کە دەمرن، لە ئاکامی کاریگەرییەکانی دووگیانی و منداڵبوون بۆ هەر ١٠٠،٠٠٠ منداڵی لەدایکبوو لە ساڵێکی دیارکراودا.

١٢) **ناوەندی تەمەن (Median Age)**: تەمەنێك کە دانیشتوان لە ڕووی ژمارەوە دەکات بە دوو بەشی یەکسان. واتە نیوەی دانیشتوان لەم تەمەنە بچوکترن و نیوەکەی تر گەورەترن.

١٣) **ڕێژەی مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو (Neonatal Mortality Rate)**: ژمارەی مردنی منداڵانی خوار تەمەنی ٢٨ ڕۆژی بۆ هەر ١٠٠٠ منداڵبوونێکی زیندوو و لە ساڵێکی دیارکراودا.

١٤) **ڕێژەی منداڵبوونی بێگەرد (سافی) (Net Reproduction Rate - NRR)**: تێکڕای ژمارەی ئەو کچانەی کە لە ژنێک (یان لە کۆمەڵە ژنێک) لەدایک دەبن ئەگەر لە ژیانیدا ڕێژەکانی بەپێتی بە پێی تەمەن و مردن بە پێی ساڵێکی دیارکراو بن. ئەم ڕێژەیە هاوشێوەی ڕێژەی گشتیی منداڵبوونە، بەڵام ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە هەندێک لە ئافرەتان بەر لە تەواوکردنی ساڵانی منداڵبوون دەمرن. دیارکردنی ڕێژەی منداڵبوونی بێگەرد بۆ یەکێك بەومانایەیە کە هەر نەوەیەک لە دایکان ڕێك ئەوەندە کچیان دەبێت کە بۆ شوێنگرتنەوەیان لە نێو دانیشتواندا پێویستە.

١٥) **ڕێژەی مردن لە کاتی لەدایکبووندا (Perinatal Mortality Rate)**: ژمارەی کۆرپەڵەی مردوو دوای ٢٨ هەفتە لە دووگیانی (مردنی درەنگوەختی کۆرپەڵە)، هەروەها ژمارەی مردنی منداڵان بەر لە تەمەنی ٧ ڕۆژی بۆ هەر ١٠٠٠ منداڵبوونێکی زیندوو.

١٦) **تەوژمی دانیشتوان (Population Momentum)**: ئاراستەی بەردەوامی گەشەی دانیشتوان دوای ئەو کاتەی کە بەپیتی بە هۆی چڕبوونی لەرادەبەدەری ئەو خەڵکەی لە تەمەنی منداڵبووندان، گەیشتۆتە ئاستی شوێنگرتنەوە. ژمارەی دانیشتوان لە ئەژمارکردنەکانی مەزەندەکردنی دانیشتوان بۆ داهاتوو دەگۆڕێت، بە ڕەچاوکردنی گریمانە دەستنیشانکراوەکان سەبارەت بە شۆپاندنەکانی داهاتوو لە ڕێژەکانی بەپیتبوون، مردن، و کۆچ. زۆربەی جار پسپۆڕانی بواری دیمۆگرافی مەزەندەی نزم، مام ناوەند، و بەرز بۆ هەمان دانیشتوان دەخەنە ڕوو ، لە سەر بنەمای هەندێک گریمانەی جیاواز بۆ چۆنیەتیی گۆڕانی ئەم ڕێژانە لە داهاتوودا.

١٧) **ڕێژەی مردنی منداڵان دوای لەدایکبوون (Post-Neonatal Mortality Rate)**: ژمارەی ساڵانەی مردنی منداڵانی تازە لەدایکبوو کە تەمەنیان لە نێوان ٢٨ رۆژ بۆ ساڵێکدایە بۆ هەر ١٠٠٠ حاڵەتی لەدایکبوونی زیندوو لە ساڵێکی دیارکراودا.

١٨) **ڕێژەی بەپیتیی جێگرەوە (Replacement-Level Fertility)**: ئاستێکی بەپیتبوون کە تیایدا ژن و مێردێک هەر هێندە منداڵیان هەیە کە شوێنی خۆیان بگرنەوە، واتە بە نزیکەیی دوو منداڵ بۆ هەر ژن و مێردێک.

١٩) **ڕێژەی بەپیتیی گشتی (Total Fertility Rate - TFR)**: تێکڕای ژمارەی ئەو منداڵانەی کە بەزیندوویی لەدایک دەبن بۆ ژنێک (یان کۆمەڵە ژنێک) لەماوەی ژیانیدا ئەگەر هاتوو ساڵانی منداڵبوونی بە شێوەیەک بەڕێ بکات کە لەگەڵ ڕێژەی بەپیتی بە پێی تەمەن لە ساڵێکی دیارکراودا بگونجێت. هەندێک جار بەوە ئاماژە بەم ڕێژەیە کراوە کەبریتییە لە ژماری ئەو منداڵانەی کە ژنەکە لە ئێستادا هەیەتی.

٢٠) **مردنی منداڵانی خوار ٥ ساڵ (Under ٥ (U٥) Child Mortality)**: ئەگەری مردنی منداڵی لەدایکبوو لە ساڵێک یان ماوەیەکی دیارکراو دا بەر لە گەیشتنی بە تەمەنی پێنج ساڵی.

٢١) **پێداویستییە دابیننەکراوەکان (Unmet Need)**: ئەو ئافرەتانەی کە پێداویستییەکانی دووربوونی منداڵبوونەکان بۆی دابین نەکراون ئەوانەن کە دەتوانن دووگیان ببن و لە ڕووی سێکسەوە چالاکن بەڵام هیچ شێوازێکی ڕێگریکردن لە دووگیانبوون (کۆن یان سەردەمیانە) بە کار ناهێنن یان دەرنابڕن کە حەز دەکەن منداڵی داهاتوویان دوا بخەن یان ژمارەی منداڵبوونەکانیان سنووردار بکەن. چەمکی پێداویستییە دابیننەکراوەکان ئاماژەیە بۆ هەبوونی کەلێنێك لە نێوان ویستی منداڵبوونی ئافرەت و هەوڵی ڕێگریکردنی ئافرەتەکە لە دووگیانبوون.